## رۆمان

# پرتەوی لێکترازان

**رێواس ئەحمەد**


**ناوی کتێب**: **پرتەوی لێکترازان** (رۆمان)

نووسەر: رێواس ئەحمەد

– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی

– بەرگ: هۆگر سدیق

– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– ژمارەی سپاردن: ٩٣٧

– تیراژ: ١٠٠٠ دانە

– چاپی یەکەم ٢٠٠٦

– نرخ:٢٠٠٠ دینار

– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٢٠١)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**www.mukiryani.com**

**asokareem@ maktoob.com**

**Tel: 2260311**

## دەستپێک

ماوەی چواردە ساڵ بوو، ترسێکی سەیر وەک سێبەری لێهاتبوو، ئەم ترسە لەگەڵ ژان و فرمێسکدا لە دایکبوو. ماوەی چواردە ساڵ بوو، لەو سێبەرە ڕامدەکرد. هەر بەدوامەوە بوو. وشە بە وشەی لاپەڕەکانی دەروونم ئەمدیو و ئەودیو دەکرد، تا نهێنی ئەم سێبەرەم بۆ دەرکەوێ. سەیر لەوەدایە من لە هیچ نەترساوم، کەچی دەنگی ئەم ترسە مێشکی جەنجاڵکردبووم و ڕەنگەکانم بە تێکەڵاوی دەبینی. هەنگاوەکانم ڕێگەی خۆیان نەدەناسی. هەموو وێنەکان بوونەتە سەراب، هێڵەکان نابینم. هانا بۆ دەنگەکانی ناوەوەم دەبەم، تەنیا گوێم لە زرنگەیە. هێزی هەناسەم وەگەڕخست، بەسەر هەورازەکاندا سەرکەوتم، لە وزەی تیشک پاڕامەوە، ئاوازی ژیانم بۆ لێبدات. شەپۆلەکانی بیرم لە شایی مردن و ژیاندا بخاتە سەما. شەوە، نە تیشک هات بەدەنگمەوەو نە هەناسەکانم هێزیان تێدا ماوە. وەک گوڵەبەڕۆژە بە دوای هەتاودا دەسوڕامەوە تا لە مانای بوونم بگەم. هێندە ماندووم لەترپەی دڵیشم بێزاربووم. دەمزانی دەبێ بێدەنگی کەم. چۆن و کەی؟ نەمدەزانی، دەبێت کاتێ بێت بە ئاسانی و بەبێ بیرکردنەوە، هەناسەکان بخنکێنم. گۆڵێ لە ژیان بکەم.



## سەرگەردانی

ماوەی چواردە ڕۆژە لە ژوورێکی نهۆمی چواردەدا لە هوتێلێکی کەناری دەریایەک دەژیم، هەر لە سپێدەوە تیشکی خۆر باوەش بە لەنجەی دەریادا دەکات، منیش بە دووربینەکەم تەماشای دەریاکەو ئەو کەسانە دەکەم کە هەزاران میلیان بڕیوە تا بگەنە ئێرە و هەموو ڕۆژێ لە ئامێزی پڕخۆشەویستیی دەریا خۆیان بە ژیان بناسێنن و ڕۆژی سەدان کەسیش فێری مەلەئەڤین دەبن. دەڵێن مرۆڤ لە دەریادا زوو فێری مەلەکردن دەبێت، ئاوی دەریا سوێرە و لەشی مرۆڤ سەر ئاو دەکەوێت، هەر کە مرۆڤ ترسی لەئاو دەشکێ، فێری مەلەکردن دەبێت. ئەنجامی ئەزموونەکەی من پێچەوانەی ئەم ڕاستییەیە، دەمەوێ نهێنیی ئەم پرۆسەیەم بۆ ئاشکرا بێت. چونکە من ماوەیەکی دوورو درێژە دەمەوێ لە قوڵاییی دەریاچەی فرمێسکەکانمدا فێری مەلەکردن ببم، بەڵام هەر باڵەکوتەمە، هەموو تەکنیکێکی مەلەکردنم وەکارهێناوە. پێیان وتم ئاوی دەریاچەکە شیرینە، تۆش زۆر لەئاو دەترسی. هەربۆیە فێری مەلەکردن نابیت. ڕاست دەکەن، هێشتا ترسم لە ئاو نەشکاوەو هەر نزیکی دەکەومەوە، گیانم دەکەوێتە لەرزین و دەمارەکانی خوێنم ماسولکەکان جێدەهێڵن. بێ هیوا بووم، بێزاربووم لە دەریاچەکەم، بەبرژانگ کۆمەڵێ جۆگەلەم بە دەوریدا هەڵکەند تا دارستانی ئەو ناوە ئاوبدات، ڕەنگی سەوز ببەخشێ بە دارەکان. دارەکان ڕەنگی سپییان پۆشی. ئاوی دەریاچەکەم نە سوێرە و نە شیرینە.

دەریاچەکەم بەخشی بە دەزگایەک، تا بیکەنە حەوزی ماسی، لەو باوەڕەدا بووم ماسی لە ئاوی چاوانی مندا باش زاوزێ بکات. هێندەی نەبرد دەرکەوت ئاوەکەی تفتە. وتیان ئەوە چ خەمێکی خوداییە ئاوی ئەم سەرچاوەیەی وا تورت کردووە؟!.

ئێستا خۆم بەبێ دەریاچە ماومەتەوە. زۆرجار ناچار دەبم سواری شەپۆلی لافاو ببم، بەرەو ناو دڵی دەریا بڕۆم. چەند جارێ سواری ئەسپ بووم، لە دەشتایی خەوەکانمدا بە سواری ئەسپ غارم داوە و باوەشم بە شنەبادا کردووەو چاوەکانم ڕەنگیان لە سروشت دزیووە، درەنگ تێگەیشتم، سواربوونی ئەسپ و شەپۆل دوو شتی تەواو جیاوازن. کاتێ بە خۆشەویستییەوە دەست بە باڵی ئەسپەکەدا دەهێنی ئەویش بە نەرمی غاردەدات و خۆشەویستیت بۆ دەکات بە باڵ. کەچی مرۆڤ هەرگیز نەیزانیوە چۆن دڵی شەپۆل ڕاگرێ. هەرکاتێ بیەوێ هەموومان قوت دەدات بێ ئەوەی بزانی گوناهەکەت چیبووە. لە دەریا بێزاربووم. هەر لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەماشای دەکەم. سەیری ئەوانە دەکەم سواری پشتی شەپۆلەکان دەبن، دەڕۆن بە دوای خەونەکانیاندا دەگەڕێن. هەرچی ئەشکەوتی بن دەریا هەیە بۆی گەڕان. ئاخر ئەوەی گەڕۆکە سەر بەهەموو شوێنێکدا دەکات ئەوەی بیەوێ دەیدۆزێتەوە، کەچی ئەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە شنەبام کردووە بە ئەسپ و بەدوای کوڕەکەمدا دەگەڕێم، کون نییە سەرم پێدانەکردبێ، دەرگا نەماوە لێم نەدابێ، پەنجەرە نەماوە نەمکردبێتەوە. ئەشکەوتی هەور نەماوە لانەم تێدا هەڵنەواسیبێ، کەچی لە هیچ شوێنێکیاندا



نەمدۆزیوەتەوە.شنەبا ماندوو بوو، بەجێیهێشتم. بەڵام خۆم هێشتا ماندوو نەبووم هەر بەردەوامم. دەزانم ئەو لە شوێنێکە، کەمن هێشتا دەرکم پێ نەکردووە. بڕوام بەقسەکەی خۆی هەیە لە خەودا پێی وتم" هەر دەگەڕێمەوە بۆلات دایە، ڕۆژێ کوڕێ لەدەرگاکەت دەدات، کە دەرگای بۆ دەکەیتەوە دەبینی ئەوە منم. ئەی چۆن بزانم ئەوە تۆی؟ سەیری چاوەکانی بکە، یەکسەر بە چاوەکانیدا دەمناسیتەوە". لە دەرگاکەم دوو چاوی شووشەم دروستکردووە تا هەموو ئەوانە ببینم لەبەردەم دەرگاکەمەوە دێن و دەڕۆن ، یان ئەوانەی بە هەڵە لە دەرگاکەم دەدەن. دەوری دەرگاکەم کردووە بە زەنگ، نەوەک یەکێکیان لەناکاوا لەکار بکەوێت و گوێم لە زەنگی دەرگاکە نەبێت. هەرکەسێ لە دەرگاکەم دەدات دڵم دادەخورپێ، دەڵێم دەی خوایە گیان بەڵکو ئەو بێت. هەر چاوەڕوانم. ئێتر نازانم ئەو دێتەوە بۆلای من و لەدەرگاکەم دەدات یان من دەڕۆم بۆ لای ئەو و لە دەرگاکەی دەدەم.

فرمێسکەکانم هێشتا نەسڕیبوو گوێم لەزەنگێ بوو، لەسەرەتادا نەمزانی زەنگی دەرگایە یان تەلەفۆنە، گیانم لەجوڵە کەوت، چاوم هیچی نەدەبینی، دڵم خەریکبوو گیانی دەدا. زەنگەکە لێدرایەوە، زەنگەکە لێدرایەوە. زەنگی تەلەفۆنە.

ماڵی ..... خانە؟. بەڵێ فەرموو.

من ناوم ئاواتە تەمەنم چواردە ساڵەو خەڵکی باشووری کوردستانم... . ئەو هەر بەردەوامبوو لە قسەکردن، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە تۆ بڵێی ئەمە کوڕەکەم بێت. باوەڕناکەم

چونکە ئەو ئەگەر نەڕۆیشتایە ئێستا هەڤدە ساڵان بوو، نا ئەو نییە.

... لە ڕاستیدا ئەوەی پێت دەڵێم درۆیەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی من تەمەنم چواردە ساڵ نییە بەڵکو ... ساڵم و .... .

ئا خۆیەتی تەمەنی ... ساڵە و ... . ... ماوەیەکی زۆرە بیر لەوە دەکەمەوە پەیوەندیت پێوە بکەم، هەردەم دوودڵ بووم، دەمووت ئاخۆ تۆ ئەو کەسە بیت کە بتوانی ئەم کارەم بۆ ئەنجام بدەیت. هێندە ڕاڕا بووم، ماوەیەکی زۆری ویست تا ئەم بڕیارە بدەم. دڵنیام لەوەی من خۆم ناتوانم کارێکی وا ئەنجام بدەم. بەشێکی لەبەرئەوەی کوردییەکەم هێندە باش نییە، لەم ماوەیەی دواییدا هێندە بەکاری ناهێنم، بەشێکی تریشی لەبەرئەوەی ئەوجۆرە کارانە پێویستیان بە کەسانی خۆیان هەیە.... تەواوە خۆیەتی کوڕەکەمە، بزانە ئەم ماوەیە لە کوێ بووەو بە کوردی قسەی نەکردووە. یاداشتنامەیەکم هەیە، لەو کاتەوەی لێرە گیرساومەتەوە زۆربەی ڕۆژەکان شتم تێیدا نووسیوە، هەندێ شتی تایبەت هەیە، حەزم نەکردووە لە یاداشتنامەکەدا بینووسم، گەر پێویست بکات دەتوانم بۆت بگێڕمەوە.

تەواو خۆیەتی چەند جار یادداشتنامەی جوانم بۆ کڕی و وتوومە هەموو ڕۆژێ شتێکی تێدا بنووسە، کاتێ گەورە دەبێت، دەیخوێنیتەوە، ئیتر منداڵی خۆتت لەیاد ناچێتەوەو دەتوانی بە وردی بۆ منداڵەکانتی باس بکەیت. جارێ لێم پرسی ها کوڕم هیچت نووسی. نا تاقەتی نووسینم نییە. ئاخر بۆ زمانەکەت باشە!. پێکەنی و وتی زمانەکەم خۆی هەرباشە. تەواو خۆیەتی، دیارە



پاش ڕۆیشتنەکەی لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بووەتەوەو دەستی کردووە بە نووسین. ... زۆر شت هەیە سەبارەت بە منداڵیم نووسیومە، زۆر شتم نووسیوە کە دایە بۆمی گێڕاوەتەوە... دیارە خۆم هەموو شتێکی منداڵیم لە یاد نەمابوو، بۆیە زوو زوو یەخەی دایەم دەگرت تا باسی منداڵیم بۆ بکات. شەوێ لە دڵی خۆمدا ئەو بەڵێنەم بە دایە دا، هەر بۆیە بڕیارم دا ئەو بەسەرهاتانە بنووسمەوە و ئێستاش گوێم لە دەنگی سەرتاپای جەستەمەو داوام لێدەکات ئەم یادداشتنامەیە بکرێتە چیرۆکێ....

نا ئەو نییە، کوڕەکەی من نییە. من خۆم بەسەر هاتی ژیانی دەزانم، پێویست بەوە ناکات بۆم باسبکات. نا وانییە، چونکە من هەرگیز نەمتوانیوە بچمە ناو ئەو جیهانەوە لەناو مێشکی ئەودا هەبوو، جیهانێک بوو لە ڕووناکی، هەرچی بیرۆکەکانیشی بوو وەک فریشتەی سپی دەفڕین. زۆرجار گوێم لە باڵە فڕەیان دەبوو، خۆمم لێ کەڕدەکردن. نەکا کۆچ بکەن و ئەو جیهانە هێمنەی ئەو بەجێبهێڵن. ... ئا خۆیەتی زۆرجار کە باسی هاروهاجی منداڵێتیم بۆ دەگێڕایەوە لەبەر پێکەنین خۆیی پێڕانەدەگیرا و لەسەر پشت بۆی دەکەوت، دەمزانی حەزی لێبوو ببێتەوە بە منداڵەکەی جاران و شتەکان هەر بە ڕەنگی پەمەیی ببینێ. هەموو دەنگەکانیش وەک لای لایەی دایک ببیستێ. چەند دڵم بەو پێکەنینەی خۆش بوو، وام دەزانی هەموو جیهان موڵکی منەو هەتاویش لە چاوی منەوە هەڵدێ.

تکایە دەتوانین ڕێکبکەوین لەسەر کات و شوێن، من هێندە پەلەم نییە، بیر لە کاتی خۆت بکەرەوە، هەر کاتێ دەڵێیت من ئامادەم. دەزانم تۆ کاردەکەی، کاتت کەمە، دڵنیات دەکەمەوە لەم کارە پەشیمان نابیتەوە. هەر لەخۆشمەوە هەست دەکەم تۆ باشترین کەسی بۆ کارێکی لەم بابەتە. تکایە داواکەم قبوڵ بکە.

## میوانی

ئێوارەبوو. دەوروبەری ماڵەکەم بەرگی بەفری پۆشیبوو، ڕووناکییەکی کز دەمووچاوی ئاسمانی لە ئامێزگرتبوو، بێدەنگییەکی خامۆش خەریکبوو دەیخنکاندم، دڵم خێرا لێی دەدا. دەتوت بەرەو هۆڵی سێدارەم دەبەن، خۆ من هیچ تاوانێکم نەکردوە تا سزا بدرێم، هەرچەندە بە درێژایی مێژوو هەزاران کەس بەبێ گوناه لەسێدارە دراون یان سوتێنراون. خۆ زۆر کەسیش لەم ژیانە بێزار دەبن و تاقە ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون لەم ژیانە بازنەییەی کە ڕێچکەیەکی تێدا بەدی ناکەن، ڕێگای خۆهەڵواسین دەگرنەبەر. جاران کە بیرم لە مردن دەکردەوە هەموو گیانم دەتەزی و دڵم جەستەی بەجێدەهێشتم. کەچی ئێستا مردن وەک پردێک دەبینم لە نێوان ئەم ژیانە دۆزەخییەی تێیدا دەژین و ئەو بەهەشتە ئارامەی، زەینمان توانای بینینی نییە. دەڵێن ئەو کەسانەی ڕۆژی خۆیان دێت، شێوەو کاتی کۆچەکەیان پێ ڕادەگەیەنرێ، ئیتر بێ چەندوچوون، ڕۆحەکەی بە دڵێکی ئارامەوە جەستە بەجێدەهێڵێ، بە ناو تونێلێکی ڕووناکدا دەفڕێ. ڕووناکی ئەو تونێلە لە تیشکی ڕۆژ بەهێزترە، چاو توانای



بینینی نامێنێت. لەبەردەم تونێلەکەدا ڕۆحی کەسە نزیکەکانی چاوەڕوانی دەکەن و بە پیرییەوە دەچن، بە گەرمی پێشوازی لێدەکەن. لە ئامێزی دەگرن. لەگەڵیدا دەگرین. لێرە کە منداڵێ لەدایکدەبێت، ئەو دەگری و ئەوانی تر پێدەکەنن، کەچی لەو دیو لەگەڵ گریانی ڕۆحەکەدا هەموو لەگەڵی دەگرین. دەیانەوێ بەگریانەکە برینی کەسانی سەرزەمینی سارێژبکەن. ڕۆحەکە هەست بە نامۆیی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەویش هەر لەوێوە هاتووە، بەڵام ئەو ماوەیەی ژیانی سەرزەمین زۆر شتی بیربردوەتەوە. ئەویش دەیبەنە شوێنێکی تەواو هێمن تا بەژیانی سەرزەمێندا بچێتەوە، برینەکانی سارێژبکات، هەڵەکانی ببینێ، ئەو هەڵانەی کە لەوانەیە لە سەر زەمیندا نەیبینیون یان دانی پێدانەناون. کاتێ ئەو قۆناغە تەواو دەبێت زەنگێ لێدەدرێ، ئیتر هەموو دێنەوە لای. باسی ئەوەی بۆدەکەن مەبەستی لەدایکبوون و کۆچی سەرزەمینی چی بووە. دەست دەکاتەوە بەگریان بۆ ئەو کەسانەی بەجێیهێشتن ولەبەر کۆچەکەی ئەم ئازار دەچێژن. ئەو کەسانەشی لەم دۆزەخەی سەرزەمیندا ئازاریان زۆر چەشتووە، نایانەوێ بە زوویی بگەڕێنەوە بۆ ئێرە. کاتێکی زیاتریان دەوێ بۆ سارێژکردنی برینەکانیان. بەوە دڵم زۆر خۆشە، چونکە کوڕەکەی من فریا نەکەوت بەرگی دڕک بپۆشێ و دەرگاکان بە ڕەش بۆیە بکات، لە دۆڵی ئازاردا ئەسیربکرێ، بۆیە زوو دێتەوە ئەم دیوو. فریا دەکەوم جارێکی کە دەرگای دڵمی بۆ بکەمەوەو لە ئامێزمدا ئارام بگرێ. ئەمجارەیان ڕێگای نادەم وا بە زوویی بڕوات. تەنانەت گەر پلانی لەو بابەتەشیان بۆ دانابێت پێی هەڵدەوەشێنمەوە. لە هەموو دەرگاکان دەدەم، نوێژ لەبەردەم

دەرگای ماستەرەکاندا دەکەم. گوێم لە زەنگێ بوو، دەبێ زەنگی ماستەرەکەم بێت! نا ئەو نییە هێشتا ڕۆحم شەیدای جەستەمە، داستانی خۆشەویستیان هێندە بەهێزە بەم زوانە یەکتر جێناهێڵن، ئاخۆ دەبێت ئەم زەنگە چی بێ! لەم کاتەدا شتەکان هەموو بە زەنگ کاردەکەن، کاتی دەوێت تا بزانی زەنگی دەرگایە، زەنگی ئەو دیوە، زەنگی تەلەفۆنە یان زەنگی ژیانە.

دەرگاکەم کردەوە، سەیرێکی چاوەکانم کرد، وردبوومەوە، گەرمی لە گیانمدا نەما، چاوەکانم هەرچی وزەیان هەبوو وەکاریان خست، باوەشیان بەهەموو پارچەکانی جەستەیدا کرد. چاوەکانی لەو ناکات. خەمێکی قوڵیان تێدایە، سمێڵ و ڕیشی تاشیوە، ئەویش دەیوت من سمێڵ و ڕیشم دەتاشم، منیش دەمووت کاتی هات باشترین مەکینەی ڕیش تاشینت بۆدەکڕم. ئەم هێندە درێژ نییە، ئەگەر ئەو لێرەبایە، لەم درێژ تردەبوو، دوا جار چوینە لای پزیشکێک وتی باڵات دەگاتە ١٧٨ سانتیمەتر. ئەم لەو کورتترە. نا ئەو نییە. خۆ ڕۆحی ناچێتەوە هەمان جەستەوە. بەڵام ڕۆح هەمان بریسکەی دەبێت، ئەو بریسکەیەش بە چاو دەبەخشێ، هەربۆیە کوڕەکەم پێی وتم بە چاوەکانمدا دەمناسیتەوە. بە پێکەنینەوە سەیری کردم و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد پێی بڵێم "فەرموو وەرە ژوورەوە". هاتە ژوورەوە و چەپکێ گوڵی جوانی بۆ هێنام. دوا جەژنی لەدایکبوونم بوو لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ خوشکەکەی چوون چەپکێ گوڵی جوانیان بۆ هێنابووم، کرێمێکی دەمووچاویان بۆ کڕیبووم، خوشکەکەی وتی ئەو کرێمە زۆر باشە ئیتر دەموچاوت چرچ نابێت و پیرییت پێوە



دیار نابێت. ئەویش هات و باوەشی پێداکردم و وتی: دایە هەرگیز پیرنابێ، دایە دەزانی تۆ ئێستا لە جاران جوانتری، ئا وایە کە سەیری وێنەکانت دەکەم، ئەوە دەبینم. ئەو کات دەبوومە چل و پێنج ساڵ. دیاربوو ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو دایکیان پیربێت. لە ئامێزم گرتن و لەدڵی خۆمدا بەڵێنم دا ئەوان بەهێزترین تیشکی ژینم بن، بڕیارم دا پەناش نەبەمە بەر خۆر. خۆر لە ئەوان تیشک دەدزێ. چەپکە گوڵەکەم لێیان وەرگرت و خستمە گوڵدانێکەوە. گوڵەکەم لە ئاوات وەرگرت و خستمە هەمان گوڵدانەوەو لەسەر مێزەکە دام نا.

توانای نووسینەوەی ئەم چیرۆکەم نییە، نووسەر نیم ، بۆ هەموو نووسەرێکیش ئاسان نییە بەرهەمێکی وا بنووسێ. وابزانم ژنیش باشتر دەتوانێ بەسەرهاتێکی لەم بابەتە بخاتە فۆرمێکی هونەرییەوە. ڕووداوەکان وەک بروسکە، هەوری سۆز دادەبارێنن، بەڵام لەو بڕوایەدام بەرگەیان بگری. نازانم باری کاممان گرانترە، تەنیا ئەوە دەزانم هەستەکانمان لێک دەچن و چڕوپڕ لێک ئاڵاون. هەربۆیە پەنا بۆ تۆ دەبەم ئەم کارە ئەنجام بدەی. ئەوەی پێویست بێت بۆ کارێکی وا دەیخەمە بەردەستت. یاداشتنامەکەم زۆر شتی لەخۆ گرتووە، بەڵام هی ئەوە نییە بەو شێوەیە بڵاوی بکەمەوە. شتەکانم تێکەڵ و پێکەڵ نووسیوە. هەر ڕۆژێ چیم بە خەیاڵدا هاتبێ نووسیومە. ئامادەم وەڵامی هەموو پرسیارێکیش بدەمەوە.

لە کوردستان پۆلی شەشم تەواو کردبوو. بەڵام لێرە لە پۆلی سێوە دەستم پێکرد. واتە وەک منداڵێکی نۆ ساڵی ئێرە. ئەو کاتەی کە هاتم کوردییەکەم زۆر لە ئێستا باشتر بوو، شتم بە کوردی دەخوێندەوە. لەماڵەوە کتێبی زۆرمان هەبوو. دایک و باوکم هەردەم خەریکی کتێب خوێندنەوە بوون. ئەوکاتە ئەوان زیاتر بە زمانی عەرەبی کتێبیان دەخوێندەوە، دایکم زۆرجار چیرۆکی منداڵانی بۆ دەگێڕاینەوە ئەو چیرۆکانەشی بە ئینگلیزی بوون بۆی دەکردین بە کوردی. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد گەورەبم، تا بتوام ئەو کتێبانە بخوێنمەوە. شەوێک هەندێ لە کتێبەکانیان شاردەوە، هەندێکیشیان لە توونی حەمامەکەدا سوتاند. زۆر توڕەبووم، دەمویست بزانم هۆی چی بوو ئەو کتێبانەیان سوتاند. بەسەر باوکمدا هاوارم کرد و وتم: ئەی من گەورە بم چی بخوێنمەوە. هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین و باوەشیان پێدا کردم. دایە وتی تا تۆ گەورە دەبیت، دە ئەوەندەی تر کتێبی تازە دەردەچێت و پێویستیش بەوە ناکات بیان سوتێنی، هەموو شت دەگۆڕێ. لە دایە توڕە بووم و هاوارم کرد: من دەمەوێ هەر ئەو کتێبانە بخوێنمەوە. ئێستاش لێرە بە دوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕێم، کەچی نایان دۆزمەوە.

چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، ئەو یاداشتنامەیەکی گەورە بخاتە بەردەستم. کەچی چەند لاپەڕەیەکی شڕو شێواوی بۆ بەجێهێشتم. تەماشایەکم کرد، ترسی ئەوەم لێ نیشت ئەم کوڕە لاوە گاڵتە بە پیرەژنێکی وەک من بکات، دیاربوو لە ترسەکەم گەیشت. ئەمە تەنیا سەرەتایەکە، خۆشم نازانم کۆتاییەکەی بەرەو کوێمان



دەبات . گرنگ نییە، هەرچی دێت بەخێربێت. ئێ دەوایە، هەر یەکێ لە ئێمە سەری دەزووەکەی بەدەستەوەیە، مەرج نییە کۆتاییەکەی دیاربێت، یان بزانێ چەند گرێ کوێرەی تێدایە. دیارە خۆشیی ژیان لەوەدایە، هەر ئەو بەشەی ببینی کە لەبەردەمدایە، ئەگینا ئارەزووی گەڕان بەدوای مانای ژیاندا هەر زوو گیان لە دەست دەدا . کات بوونی نییە. ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت، سبەینێش نادیارە، کەواتە ئارامترین بڕیار ئەوەیە لە ئەمڕۆدا بژیت. ئێستا، نەک سبەی!. تەنیا ئێستا موڵکی تۆیە نەک سبەی. دیارە کوڕێکی زیرەکە. ئەوەی ڕۆیشتووە موڵکی نییە، ئەویش لە ئەمڕۆدا دەژی، سبەینێشی داوە بەدەست" نازانم"ەوە. گەر هەموو بۆ ئەمڕۆ بژین ژیانمان ئاسوودە دەبێ، من تێناگەم بۆ دەبێ هەردەم لە هەوڵداندابین بۆ سبەی، کام سبەی؟ لەوانەیە خۆشمان نەزانیین سبەی چۆن دەبێت... لە ئەمڕۆ خۆشتر یان ناخۆشتر دەبێت!!!. جا گەر وایە بۆ هەوڵی بۆ بدەین. یان کێ دەڵێت سبەی دێت؟؟. ئەو هەر قسەی دەکردو منیش لەناو تۆڕی بیرۆکەکانمدا گیرم خواردبوو. ئەوە ئەو نییە. گەر ئەویش نەبێت زۆر لەو دەکات، ئەویش هەندێ جار شتی وای دەوت دەیخستمە ناو گێژاوی بیرکردنەوەوە و لێکدانەوەی سێبەری وشەکانی. خۆزگە ئەو شتانەم هەمووی بنووسیایە، زۆریم لەبیرچووەتەوە، ئاخر چۆن بزانم زریان دڵم داگیردەکات و یادگارییەکانم لەگەڵ خۆی دەپێچێتەوە. زیرەکی ئەم کوڕە لەوەدایە یادداشتنامەی نووسیوە. بەو منداڵییە بیری لەوەکردوەتەوە ڕۆژانە شت بنووسێ. دیارە دڵی خەبەری داوە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێکی وەک من دەبینێ و بەسەرهاتەکەی بۆ دەکاتە کتێبێک. لێم پرسی: دەتەوێ کتێبەکە

ناوی هەردووکمانی لەسەر بێت؟. من نە نووسەرم تا ناوم لەسەر کتێبێکی وادا بنووسرێ، نە توانای کارێکی وام هەیە. بۆ دارشتنی ڕووداوەکە ئازادی تەواوت دەدەمێ، تاقە مەرجێکیم ئەوەیە بە شێوەیەک بینووسی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ. گەر حەز دەکەیت دەتوانی ئەو لاپەڕەیە بخوێنیتەوە.

## ناسنامە

*من خەڵکی شارێکم، کەوتۆتە نێوان کۆمەڵە شاخێکی بەرزەوە. دایەگەورەم دەیان بەسەرهاتی سەیری سەبارەت بەم شارە بۆ گێڕاومەتەوە. خەڵکەکە لەگەڵ ئەوەی شارەکەی خۆیان خۆشدەویست، بەڵام پەیتا پەیتاش کۆچیان دەکرد. ڕیش سپیەکانی شار ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو گەر وا بڕوات شارەکە بە تەواوی چۆڵ دەبێت. هەربۆیە دایە نەیدەویست شارەکە بەجێبهێڵێ، زۆر دڵی بەو خانووە خۆشبوو کە دایە گەورە پێشکەشی کردبوو، دەیووت هەموومان لەم خانووەدا لەدایکبووین، بۆیە حەز دەکەم هەر لەم خانووەشدا پیرببم و ئێوەش هەر لێرە گەورە بکەم. بابەش دەیوت لە هەر کوێ بژین گرنگ ئەوەیە ئازاد بین و بە هێمنی بژین. من و سەربازی برام لە ژوورێکدا دەخەوتین، لانەی خوشکم لەگەڵ دایک و باوکمدا دەخەوت. قاتی سەرەوەش چەند ژوورێکی لێبوو، بەڵام دایە دەرگاکانی داخستبوو، دەیوت شتی خاڵۆی تێدایە. ژێرخانێکیشمان هەبوو زۆر گەورەو خۆش بوو، زیاتر لە کاتی بۆمبارانا دەچووینە خوارەوە، هەندێ جار دراوسێکانیشمان دەهاتنە لامان، دەیانووت ژێرخانەکەمان زۆر تۆکمەیەو بۆمبا کاری تێناکات. نیوەڕوانی هاوین دەچووینە خوارەوەو لەوێ دەخەوتین. لە هۆڵەکەماندا چەند کورسییەک و کتێبخانەیەکی لێبوو، دوا ڕۆژم لەیادە، لەو هۆڵەدا نانم خوارد. دایکم برنج و شلەو مریشکی بۆ کردبووین. هەستم دەکرد دایکم خواردنەکە لە قورگی ناچێتە خوارەوە، زوو زووش سەیری ئێمەی دەکرد. کەسمان خواردنمان پێنەدەخورا. ئەو لاقە مریشکەی جاران شەڕی لەسەر دەکرا ئەمجارە هەروەک خۆی بەسەر سینییەکەوە مایەوە. هەموو بێدەنگ و مات دانیشتبووین هەروەکو زمانمان لە دەمدا نەبێت.*

*لانە خەریکی بووکەکانی بوو، بەرەو سفرەکە نەدەهات لەکاتێکدا ئەو یەکەم کەس بوو قاپەکەی پڕدەکرد. تەنانەت مریشکیش سەرنجی ڕانەکێشا. بابەش جگەرە لە دوای جگەرەی دادەگیرساند، دایکیشم لەسەر سفرەکە هەڵدەستاو دەچووە موتبەخەکە بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی دەچوو، هێندەی نەدەبرد بە دەستی بەتاڵ دەهاتەوە. دیاربوو دەگریا و نەیدەویست ئێمە بیبینین. هەموو نیگەرانی سەفەرەکە بووین. کەس سەیری ئەوی تری نەدەکرد، تەنیا من نەبێت چاوەکانم وەک کامێرا هەموو جوڵەیەکی دەگرت. چاوەڕوان بووم کەسێ قسەیەک بکات. کەسێ پێبکەنێ، کەسێ بگری. هەستەکان لەخۆچوبوون. دەمویست کەسێ باسی سەفەرەکە بکات، کەسێ شەڕێ بکات. کەسێ پەرداخە ماستاوەکە بڕژێ و دایە هاوار بکات. هیچ ڕووی نەدا. هەرگیز ئاوا بەبێ دەنگی لەسەر سفرە دانەنیشتبووین. باوکم*

*تەنیا لەکاتی نانخواردندا نوکتەی بیردەکەوتەوەو دایەش لێی توورە دەبوو دەیوت: چییە دەتەوێ نانەکە بپەڕێتە قورگمان. ئەرێ کابرا ناتوانی کاتێکی تر ئەم نوکتانەت بگێڕیتەوە. نانخواردن نەبوو لانە بیانووی بەدایە نەگرتایە، کەچی ئەو ڕۆژە برنجەکەی بە ڕووتی دەخوارد، پەڵپی هیچی نەدەگرت. چی ڕۆژێکی سەیر بوو، هەرگیز لەیادم ناچێ، گەر خەڵک لە پرسەشدا بێت ئاوا بێ دەنگ و سەنگ نابێت.*

ئەوەی نووسیوتە بەسەرهاتی هەموومانە، وابزانم هەریەکە لە ئێمە خۆی لەو وێنەیەدا دەدۆزێتەوە، گەر تا سەر وات نووسیبێ ئەوا لەگەڵ کەمێ دەستکاریدا بۆ بڵاوکردنەوە دەست دەدات. من دەتوانم لەو ڕووەوە یارمەتیت بدەم. بزەیەک گرتی و وتی: کاتێ هاتم بۆ ئێرە، چەندان کەسی ترم بینیوە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە ژیانی هەموومان بۆ ڕۆمان دەست دەدات، بەڵام ئێمە پێویستیمان بە ڕۆماننووسە ئەو ڕووداوانە لە فۆرمی ڕۆماندا دابڕێژێ، هەمووشی بۆ سیناریۆی فلیم دەست دەدات. هۆڵیوود جارێ کوردی نەناسیوە ئەگینا یەخەی هەموومانی دەگرت. داوای ئەوەت لێدەکەم، ئەم یاداشتنامەیە لە چوارچێوەی کارێکی هونەریدا دابڕێژی. دڵنیاشت دەکەم زمانەکەم تا دێت خراپتر دەبێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی کوردیم کەمترو کەمتر بەکاردەهێنا. ئەوەش پەیوەندی بە خوێندن و ژیانی ئێرەوە هەیە. چەند بە زمانی ئەم وڵاتە بخوێنی هێندەش لە زمانەکەی خۆت دوور دەکەویتەوە.



بە لامەوە سەیر بوو، کوڕێک لەم وڵاتە گەورە بووبێ و وەک کەسێکی گەورە بیر بکاتەوە، چونکە منداڵانی ئەم وڵاتانە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان دەژین، منداڵ وەک منداڵ و گەنج وەک گەنج، کەچی ئەم گەنجە وەک گەورەیەک بیردەکاتەوە. نەک تەنیا قسەکانی بەڵکو هەڵسوکەوت و تێڕاونینشی بۆ ژیان هەر لە گەورەیەک دەکات. ئەمەش دەبێت نهێنییەکی تێدا بێت. منیش هەردەم بەدوای لایەنە شاراوەکانی ژیاندا وێڵم. بەدواداچوونی نهێنییەکانی ژیان، جۆرە خۆشییەکی تایبەتیم پێدەبەخشێ، لەوانەشە وەک ئەزموونێک بتوانم کەڵکی لێوەربگرم. یەکسەر بڕیارم دا ئەو کارە بکەم. لەسەر چەند کاتێک ڕێککەوتین تا یەکتر ببینین. ئەو بڕیارە هێمنی پێبەخشیم و جۆرە هێزێکی تایبەتی ڕژایە ناو خوێنمەوە. بۆنی نێرگس ماڵەکەمی داگیرکردو گڕی مۆمەکان دڵمی گەرم کردەوە.

## سڕبوون

نووسینەوەی ئەم چیرۆکە تا بڵێی گرانە، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی بووم، تەنانەت نەمتوانی بچم بۆکار. پانتایی بیری داگیرکردبووم. دەمویست بەشێوەیەکی وا بینووسمەوە سەرنجی خوێنەر بۆ هەموو لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئەم کوڕە ڕابکێشم. بەدوای ڕووداوەکاندا ڕابکەن. هەتا زیاتر دەمبینی و یادداشتنامەکەیم دەخوێندەوە، ئازارەکانی تێکەڵ بەگەردەلوولی ئازارەکانم دەبوون. لە هیچ شوێنێکدا خۆمم پێڕانەدەگیرا، دەمویست ئارامگایەک بۆ خەمەکانی هەردووکمان بدۆزمەوە،

دەگەڕام و دەگەڕام... تەنانەت هیچ پارچە هەورێکم بەدی نەدەکرد تا ئامێزی ئاوریشمی بکاتە جۆلانە بۆمان، بۆ ئەوەی بە جووتە فرمێسکەکانمان بەسەر ڕۆحی دەشتێکدا هەڵڕێژین. دەمویست خەمەکانی خۆم لەیاد بکەم. بەڵام هاتنی ئەمیش بیری جەنجاڵ کردم و پلانەکانی لێشێواندم. بۆیە زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە لە بەڵێنەکەم پەشیمان ببمەوە. من دەمەوێ برینەکانی خۆم سارێژ بکەم نەک سڕیان بکەم تا دڵم دەرگا بۆ برینی کەسێکی تر بکاتەوە. دەمووت ئەمجارە هات پێی دەڵێم من دەرەقەتی کارێکی وا نایەم. کەچی هەر کە دەمبینی شاگەشکە دەبووم، هەموو بڕیارەکانم بیر دەچووەوە. نەمدەزانی ئەم ڕووناکییە چییە لە چاوەکانییەوە تیشک دەداتەوە و جیهانی من داگیردەکات. ئەی ئەو خەندە بەسەمایە چییە دەڵێی نەخشی خودایە. هێمن بوو وەک هێمنی دەریا لەشەوانی مانگی چواردەدا. خەمێکی گەورە لە قوڵایی دەروونییەوە هەڵدەقولا. دەیویست ئەو خەمەی بشارێتەوە، بۆ دەبێ بیشارێتەوە؟!. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دەربڕینی ئازارو خەمەکانمان بە بێهێزی دادەنێن. لەکاتێکدا ئەوە مافی ڕۆحمانە، هەستەکانمان بینراو بن و نەخشە بۆ فرمێسک و خەندە دابنێن. کەس بیر لەوەناکاتەوە خنکاندنی هەستەکان هەناسە لەژیان دەبڕێ و هاوسەنگی ڕۆح و جەستە تێکدەدەن. ئێمە شتەکانمان هەمووی شێواوە، ئەو هێشتا منداڵە، بۆ دەبێ وەک پیاوێکی ماقوڵی سەر سپی بیرکاتەوە. ئەی بۆ دەبێت هەردەم پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا بکەین، لەکاتێکدا پێویستە هاوشانی کات بڕۆین. منداڵەکانمان وەک گەورە دەژین و پیرەکانمان تاقەتی ژیانیان نییە و چاوەڕوانن مردن لە دەرگایان بدات. پێوەرەکانمان هەموو



هەڵەن. منیش سەیرم، لەم دواداوییەدا کەوتوومەتە کەڵکەڵەی شیکردنەوەی پێوەرەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان. بزانم یاداشتنامەی ئەم کوڕە بەرەو کوێم دەبات. خوا بە گەورەیی خۆی میهرەبانیم بەسەردا ببارێنێ.

*ئەو لەمن زیرەک تربوو، بەجارێکی خوێندنەوە هەموو وانەکانی لەبەردەکرد. بۆ ئەو گرنگتر لەهەمووی ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێ تۆپانێی خۆی بکات، دایکیشم زۆرجار لێی تووڕە دەبوو لەبەرئەوەی هەموو ڕۆژێ بە جلی دڕاو و پیسەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. زۆر جار سەرباز منی لەگەڵ خۆیدا کێش دەکرد بۆ کۆڵان، تا ببمە گۆڵچی، منیش بە هیچ جۆرێ خۆم بۆ تۆپەکە هەڵنەدەدا تا نەکەوم و جلەکانم پیس نەبن، نەوەکا دایە لەمنیش تووڕە ببێ. گۆڵ لە دوای گۆڵی دەکرد، لە خۆشیدا ئاگای لە جلەکانی نەدەما و تووڕەبوونەکەی دایکمی لەیاددەچوو. زوو زووش بە منی دەوت ئەزانم تۆ باشترین گۆڵچی دونیای بەڵام دەتەوێ خۆت گێل بکەی، دەبینم چاوەکانت چۆن بە دوای تۆپەکەدا دەڕوانێ. ڕۆژانێکی خۆش بوون، پڕ بەدڵ دەمەوێ ئەو ژیانەم بۆ بگەڕێتەوە. بیری کۆڵانە تۆزاوییەکان دەکەم. بیری شەڕەگەڕەک دەکەم. هەندێ جار لەگەڵ سەربازدا شەڕمان دەنایەوە و پاشان بەجێمان دەهێشت. ئەی شەڕە قۆچەقانی، بەخوا خۆشبوو. لە سەربانەوە پەنجەرەی چەند ماڵمان شکاند. سەرباز دەستی زۆر ڕاست بوو، یەکاو یەک بەردەکە دەیدا لەو شوێنەی کە دەیویست. سەری خەڵکیشی دەشکاند، لە هەمووی خۆشتر دایەو بابە هەرگیز بەو شتانەیان نەدەزانی. دایکم زۆرجار*

*لای دراوسێکانمان شانازی پێوە دەکردین، گوایە ئێمە وەک منداڵی گەڕەک هاروهاج نین. بڕوایان پێدەکرد، گوایە ئەو مامۆستایە. من و سەربازیش کاتێ ئەو کارانەمان دەکرد کە کەس ئاگای لێ نەبوو. کاتی گونجاومان هەڵدەبژارد، نیوەڕوانی هاوین، هەموو دەخەوتن، باشترین کات بوو. ڕۆژانێکی خۆشبوون، بۆ دەبێت ئەم خۆشییەمان لێ تێکبدەن، ئێمەش وەک ئەو هەموو خەڵکە دەمانتوانی لەوێ بژین، لە ئەوان تێناگەم. گەر بە ڕۆیشتنمان وا دڵگرانن بۆ دەمان نێرن. ئەو شەوەم هەرگیز لەیاد ناچێ دایکم و باوکم لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون، دایکم دەگریا و باوکیشم دڵخۆشی دەدایەوە دەیوت گوایە ئەوانیش بەو زووانە دەگەن پێمان. پێویست ناکات نیگەران بێت، ئەو ڕێگەیەی ئێمە پێیدا دەڕۆین بێ گرفت و مەترسییە.*

بەیانی زوو، هێشتا چۆلەکەکان لە جریوە جریو نەکەوتبوون، دایکی خەبەری کردنەوە. سەرباز نەیدەویست لەخەو هەڵسێ. هەر دایکی لە دەرگاکە دەچووە دەرەوە خۆی دەدا بەسەر جێگاکەدا. لەناکاوا هاواری کرد:

- من نامەوێ برۆم، ئێوە خۆتان برۆن، بۆ دەبێ ئێمە یەکەم جار برۆین؟ با باوکم خۆی بڕوا.

ـ کوڕم تازە بڕیارمان داوە، خۆ ئێوە تەنیا نین. لەگەڵ مامەو مامۆژن و ئامۆزاکانتاندا دەڕۆن. ئەوان ئاگایان لێتان دەبێت. تا دەگەنە تورکیا پێکەوە دەبن، لەوێوە یەکسەر سواری فرۆکەتان دەکەن بۆ لەندەن، لەوێش خاڵۆت چاوەڕوانتان دەکات.



سەرباز ڕاست دەکات یەکەمجار دەبوایە باوکی برۆشتایەو ئەوانیش لەگەڵ دایکیاندا لەوێ بمانایەتەوە.ئەوان بە هەردووکیان دەیانویست فێڵێ بدۆزنەوە و خۆیان لەم سەفەرە دەرباز بکەن. هەستیان بە مەترسییەک دەکرد، دەیانویست هەرچۆنێ بێت خۆیانی لێبدزنەوە. منداڵ هێندە ساویلکەو نەزان نییە وەک ئێمە بۆی دەچین، لە هەندێ بیرکردنەوەیاندا زۆر لە گەورەکان وردبین ترن، ئەوان وێنەکان بێ تەم ومژ دەبینن، وشەکان بێ خاڵ دەخوێننەوە. هەندێ جار ئێمەی گەورە شتەکان ئاڵۆزدەکەین و ڕێگاکان بن بەست دەکەین. دەبێ ژیان ساناتربێت لەوەی ئێمە لێی تێگەیشتووین. دەنگی ئاوات وەئاگای هێنامەوە:

*ـ ئای سکم، سکم... خەریکە دەتەقێ!*

*ـ چییە؟ کوێت دێشێ؟*

*نەمزانی بڵێم کوێم دێشێ، هەر دەمەو شتێکم دەوت. چاوێکم لە سەرباز داگرت. سەربازیش زانی من بە فێڵ وا دەکەم. ئەویش خێرا کەوتە سەر زەوییەکە و خۆی کرد بە بووراوە و جووڵەی لە خۆی بڕی. پاش ئەوە دایکم و باوکم تێگەیشتن ئەوەی دەیکەین و دەیڵێین فرت و فێڵە. دایکم لەلایەکەوە دەگریا و لەلایەکی ترەوە پێدەکەنی. باوکم باوەشی پێدا کردین و وتی: ئێمەش وەک ئێوە نامانەوێ لەیەکتر دووربکەوینەوە. ئەی چیبکەین... ناچارین، لەبەرخاتری ئێوە ئەم کارە دەکەین. وا مەزانن پێمان خۆشە بەتەنیا دەڕۆن، هیچ ڕێگەیەکی تر شک نابەین. پێمان باشترە ئێوە پێش ئێمە بڕۆن، مرۆڤ نازانێ سبەی چی ڕوودەدات.*

*هێندەی نەبرد ماڵی مامم خۆیان کرد بەژووردا. دایکم جانتاکەی پیشانی مامم دا، خێرا مامۆژنە نازەم بە خۆبادان خۆی تێ هەڵقورتان و وتی:*

*ـ خۆ جانتاکە قورس نییە؟*

*ـ قورسیش بێت گرنگ نییە، نازە خۆ ئێمە بە پێ ناڕۆین.*

*باوکم قسەکەی مامەی پێخۆشبوو، دایکیشم فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە.*

*لەناکاوا سیروان هاتە ژوورەکەمان.*

*ـ ئێمە دەچین بۆ سوید، لەوێ خانوەکانیان زۆر گەورەیە، دایکم دەڵێت لەوێ یاری و پلەیستەیشنم بۆ دەکڕێ، جلی جوانم بۆ دەکڕێ.*

*ـ خانووەکانی لەندەنیش خۆشن، خاڵم بەڵینی داوە پێم پلەیستەیشنم بۆ بکڕێ.*

*ـ هەر لە سوید شتی واهەیە.*

*ـ درۆ مەکە لە هەموو شوێنێ شتی واهەیە.*

*ـ لە سوید منداڵ پارە وەردەگرێت.*

*ـ لە سوید کارەبا نییە.*

*ـ تۆ بۆ ئەوەندە درۆ دەکەیت.*

*ـ لە لەندەن هەموو ڕۆژێ ئاو دەبڕێ.*

*ـ ئاوم ناوێ گرنگ ئەوەیە کارەبا هەیەو دەتوانم هەموو ڕۆژێ پلەیستەیشنەکەم بەکاربهێنم و هەموو ڕۆژێ یاری تازەی بۆ بکرم.*

*ئەم شەڕەی ئەوان هەر بەردەوام بوو. مامم هەردووکیانی بێدەنگ کرد.*



ئاوات سەری لەسەر یادداشتنامەکەی بەرزکردەوەو بە پێکەنینەوە وتی: دەزانی لەلایەکی ترەوە شەڕ هەڵگیرسا!!. کەس نەیزانی دایکم و نازە بۆ کردیانە هەرا، کەس نەیزانی ئەو هەرایە لەسەرچی بوو. لەپڕ و ناوەخت بوو، من هەرگیز دایەم نەبینیبوو ئاوا تورە بێت. ئێمەیش خواخوامان بوو شەڕەکە گەورە بێت، تا دایکم پەشیمان ببێتەوە و نەماننێرن. دایکم و مامۆژنم هێندە حەزیان لەیەک نەبوو. لەیادمە زۆرجار شەڕیان دەکرد. هێندەی لە یادم بێت دایکم دەیوت غیرەم لێدەکات، من مامۆستام و ئەویش نەخوێندەوارە. باوکیشم دەیوت ئەویش وا دەزانێ تۆ غیرە لەو دەکەی لەبەر ئەوەی ئەو لە تۆ دەوڵەمەندترە و ئاڵتونی هەیە. ئێمەش دەستمان دەکرد بە پێکەنین و گاڵتەمان بەمامۆژنم دەکرد، زۆر جاریش لاساییمان دەکردەوە چۆن دەڕوات و چۆن قسەدەکات. دایکیشم ئەمەی پێخۆشبوو، دەستی دەکرد بە پێکەنین. دیاربوو دایکمی برینداركردبوو، لە تەنگانەدا پشتی لێکردووە، بۆیە هەموو جارێ بە دڵگرانییەوە ئەو ڕووداوانەی دەگێڕایەوە. باوکیشم تووڕە دەبوو و دەیوست بێدەنگی بکات، نەیدەویست لەبەردەم ئێمەدا زەمی براژنەکەی بکرێ. دایکم دەیوت هەرگیز لەیادم ناچێ کاتی کۆچەکە لەناو قوڕو چڵپاودا ئەم کچەم بە حەوت مانگی بوو، هەر خۆشی تێنەگەیاند، هەروەک ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکترمان نەناسیبێ لایەکیشی لێ نەکردمەوە. ئەوان پێش ئێمە گەیشتبوون، چادریان وەرگرتبوو، ئێمەش تازە گەیشتبووین تا شوێنێکیان داپێمان لەسەرماندا خەریک بوو ڕەق دەبووینەوە و قرچەی ددانمان دەهات. کاتێ ژان گرتمی ژنێکی نەناسراو فریام کەوت. ئەو شەوە جێگەی

کردینەوە. پاش ئەوە من و لانە خراپ نەخۆش کەوتین، تا مانگێ من ئاگام لەلانە نەبوو، ئیتر نازانم چۆن هەردووکمان نەمردین. دایکم هەرگیز ڕۆژانی ڕەوەکەی لەیاد نەدەچوو. هەرجارەی باسی دەکرد تێر دەگریا و  تا ماوەیەکی زۆریش نەدەهاتە سەرخۆی.

هەندێ جار هەوڵدەدەم زۆر بە وردی بیربکەمەوە تا بزانم ئەو شتە چییە وا دایکمی بریندارکردووە. لەیادمە زۆر کەس سواری گەلابەو ئۆتۆمۆبیل ببوون، زۆربەی خەڵکیش وەک ئێمە بە پێ دەڕۆیشتن. خواردنمان کەمبوو، دایە و بابە هەوڵیان دەدا لە پێشدا ئێمە تێربخۆین ئەوجا خۆیان شتێکیان دەخوارد. شەوان زۆر سارد بوو، بەتایبەتی لەسەرەتاوە تەنیا دوو بەتانییان داپێمان. کاتێ بیر لەمانە دەکەمەوە هیچ دڵگران نابم یان گریانم نایە وەک دایە. دوای ئەوە دایە بۆ ماوەیەک هەر ئاگای لەخۆی نەبوو، کەس بەتەمای نەبوو. هەرچی مەلا و شێخ هەبوو هاتنە لای دایکم، دوعایان بۆدەکرد، دایە هەرچاک نەبوویەوە. دەیانووت لەکاتی منداڵبووندا جنۆکە دەستی لێوەشاندوە. من و سەرباز هەموو ڕۆژێ بەدیاریەوە دادەنیشتین و دەگریاین. ژنەکەی دراوسێمان دەیوت دوعا بۆ دایکتان بکەن، ئێوە منداڵن دوعای ئێوە قبوولە. ئیتر هەموو ڕۆژێک دوعامان دەکرد و چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد دایە چاکببێتەوە. لانەمان دەبردە لای ژنێک شیری پێ دەدا. تا باوکم شیری قوتوی بۆ پەیداکرد. ڕۆژێک لەپڕێکدا دایکم هاتەوە سەرخۆی، ئێمەی لە ئامێزگرت و ماچی کردین. خۆی بەبێ یارمەتی هەستاو چوو دەمووچاوی شۆرد و



لانەی گرتە باوەشییەوەو مەمکەکانی خستە دەمییەوە. هەستمان دەکرد زۆر گۆڕاوە، دایکەکەی جاران نەماوە، دەڵێی مێشێک میوانی نییە،  لە جاران زۆر هێمن تربوو، دەستی کرد بە نوێژکردن و دوعاکردن. باوکیشم ئەمەی پێ سەیربوو، بەڵام نەیدەوێرا پرسیاری لێ بکات.  جاران دەمووت خۆزگەم بە لانە بەختەوەرە و  ئەو ژیانە پڕ دەردەسەرییەی وەبیر نایە. ژیانی ئەو تا ڕادەیەک ئاسوودەتربوو، ئێستاش هیچ نەبێت لەگەڵ دایکم و باوکمدا دەژی. منداڵ هەرچۆنێ بێت باشتر وایە لە دایک و باوک دوورنەکەوێتەوە، ئیتر هەر چی ڕوودەدا گرنگ نییە. دایکم لانەی زۆر خۆشدەویست، هەموو جار دەیوت خودا ڕەحمی پێکردم ئەم کچەم بوو. ئەم کچەم وەک نورێکی خودایی بوو، ئەو ڕۆژانەی هۆشم بەخۆم نەبوو، ئاگام لە دەوروبەر نەبوو، کەچی ئاگام  لە کچەکەم بوو، گوێم لە گریانی دەبوو، دەمزانی کەی برسی دەبێت. بەڵام توانای ئەوەم نەبوو مەمکم بخەمە  دەمییەوە. ئیتر لە خودا دەپاڕامەوە  هێزم پێبداو هۆش بە تەواوی بکەمەوە تا کچەکەم تێر شیربکەم. لەکاتی بێهۆشییەکەمدا وێنەی کچەکەمم نەدەکەوتە یاد، هەرکاتێ گوێم لە دەنگی دەبوو، وێنەی دایکم دەهاتەوە پێش چاو. ئەو کات بەڵێنم بە خودا دا گەر هۆشم بێتەوە سەرخۆم  تا دەمرم بەندەی ئەو دەبم. لەو کاتانەدا دایکمم دەبینی وەک فریشتەیەک وابوو بەسەرمەوە، دڵی دەدامەوە و دەیوت خەمت نەبێ دەگەڕێیتەوە، هێشتا کاتت نەهاتووە. دایکم لەجاران جوانتربوو، نور لە چاوی دەباری، دڵخۆشی دەدامەوە، هێزی بەسەرما دەباراند. کاتێ هۆشم هاتەوە سەرخۆم، تەماشایەکی لانەم کرد، جوانییەکەی لە دایەگەورەی

دەکرد. زۆر دڵم خۆش بوو. دواتر زوو زوو بەلانەی دەوت: کچەکەم دەزانی هەر لە دایکم دەکەیت. ئەویش بەمە زۆر دڵی خۆش دەبوو. لەگەڵ ئەوەی لانە دایەگەورەی نەدیبوو، کەچی زۆر جار دەیوت دایەگەورە لەمن دەکات. وێنەی دایەگەورەمان نەبوو، دایە دەیوت جارێک لە کاتی بۆمباراندا شتەکانیان هەموو تیاچوون. وێنەی بابەگەورەمان هەبوو. دایکم لە هۆڵەکەدا هەڵیواسیبوو. من ئێستا وێنەی دایکمم نییە. خاڵە وتی هەوڵدەدات کەسێک لە کوردستانەوە ڕاسپێرێ وێنەکانمان بۆ بهێنن. گەر وێنەی دایەی تێدابێت ئەوا منیش گەورەی دەکەم و لە هۆڵەکەدا هەڵیدەواسم.

فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان ئازاری دەدا. ئاواتم لە باوەش گرت، داوام لێکرد تێر بگری، زۆرجار تەنیا گریانە خەو لە ئازارەکانمان دەخات. شەپۆلە تورەکانی دەروونمان هێمن دەکاتەوە. لای ئێمە وا باوە دەڵێن پیاو نابێ بگری، تەنیا ئالێرەدا بەزەیم بە پیاودا دێتەوە، لەبەرئەوەی گریان سیمای مرۆڤایەتییە و کۆمەڵگای ئێمەش ئەم سیما پڕ بەهایەیان لێ داگیرکردووە. کاتێ کوڕەکەم بەجێیهێشتم بۆ ماوەیەکی زۆر وەک بتی پەرستگاکانم لێهاتبوو، هەموو مردووەکان بە دەوورمدا دەسوڕانەوەو نوێژیان بۆم دەکرد، منیش هەناسەم لێبڕابوو، ماسوولکەکانی گیانم وەک ئەو بەردانەی لێهاتبوو کە بتەکانی سەدەی ناوەڕاستی پێدروستکرابوون، لە ناکاوا بوومە بتێکی بە گیان، فرمێسکەکانیشم فووی ژیانیان پێداکردم و دەنگی گریانم



زیندووەکانی ڕاچڵەکاند و شووشەی پەنجەرەکانی هێنایە خوارەوە. ئەمجارە نوێژیان بۆ ئەوە دەکرد تۆفانی خەم و لافاوی ئاهەکانم کپ ببێتەوە، نەکا پەرستگا بۆ قوربانی داوای ژیانێکی تر بکات. هەردووکمان گریاین. من و ئاوات دەروونمان دەکولا، هەنیسکەکانمان هەموو سنوورەکانی سڕیبووەوە. منداڵێک لەم تەمەندا هێندە دڵ گەرم بێت، دەبێت چی بینینێت. کوڕم زووە بۆ تۆ ئالەم تەمەندا ئەم بارە ئازارە هەڵگری و هەنیسک هەناسەکانت بخنکێنێ. کوڕم هێشتا لە کوێتە، سەرەتای تەمەنتە، ئەم هەموو برینە چییە کانی دڵت دەتەقێنێتەوە.

*دایەو بابەو لانە لەگەڵمان هاتن تا گەیشتینە نزیکی سنوور. مامم و باوکم هەر چرپە چرپیان بوو. من و سەربازیش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد. وشەیەک چییە لە دەممان نەهاتە دەرەوە. سیروان و شیروانیش هەر پێدەکەنین. ئەوەش ئێمەی زۆر بێزارکردبوو. نەماندەوێرا قسەش بکەین. بابە وتی تا تورکیا لەگەڵ ماڵی مامە دەبین و پاشان ئێمە دەڕۆین بۆ لەندەن لەوێ خاڵۆ چاوەڕوانمان دەکات.*

*هەر ڕۆیشتین و هەر نەدەگەیشتین. دەمزانی دەبێ بگەینە سنوورێک. نەشمدەزانی سنوور چییە، دەبێ هێڵێکی ئەستووری سووربێت، بە گەورەیی لێی نووسرابێت سنوور. یان دیوارێکی بەردینی بەرزبێت. هێندەی نەبرد لە نزیک خانوویەکی بچکۆلانەوە پاسەکە وەستا و هەموو دابەزین. شۆفێرەکە بەرەو خانووەکە چوو، لەبەردەمیدا چەند پیاوێک بەجلی عەسکەرییەوە*

وەستابوون.   هەندێ پارە و کاغەزی بەدەستەوەبوو. هەردووکمان دەستمان کرد بە گریان. باوەشمان بە دایەو بابەدا کرد. لەولاشەوە لانە دەستی بە گریان کرد. ئا لەوکاتەدا چۆلەکەیەکی بچووک لە نزیکمانەوە نیشتەوە. دایە وتی:

ـ سەیری ئەو چۆلەکە بچکۆلەیە بکەن، هەر کاتێ چۆلەکەیەکی واتان بینی بزانن من بۆم ناردوون.

ـ دایە ئەوە چی دەڵێی خۆ منداڵ نیین تا وەک جاران بڕوا بەو قسانە بکەین.

ـ نا دایە ڕاست دەکات. ئەوە چۆلەکەکەی خۆمانە. لە سەر دارتووی حەوشەکەمان هێلانەیەکی دروستکردبوو.

بابە هاتە لامان، باوەشی بەسەربازدا کردو داوای لێکرد ئاگای لەمن بێت و هەرگیز یەکتر بەجێنەهێڵین. تەلەفۆنەکەی خاڵەشی لەپارچە کاغەزێکی بچووکدا نووسی و خستیە گیرفانی سەربازەوە. منیش ئەوەم پێناخۆش بوو باوکم داوای لە سەرباز کرد ئاگای لەمن بێت، خۆ من منداڵ نیم. فرمێسکەکانم سڕینەوە و لەسەر بەردێکی نزیک پاسەکە دانیشتم. سۆما هاتە لامەوە دانیشت. دەیویست دڵخۆشیم بداتەوە.

تەماشای ئەو بەردە بکە چەند جوانە، وەرە با هەر یەکە بەردێکی جوان لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ یادگاری. کەوتینە گەڕان بەو ناوەدا، هەر یەکە بەردێکمان دۆزییەوە و خستمانە گیرفانمانەوە. لە سەرەتادا گاڵتەم پێی دەهات، بۆچی من بەردێک لەگەڵ خۆمدا ببەم بۆ لەندەن. ئەو بەردە دەبێ جیاوازی لە بەردەکانی تر چی بێت. خۆ بەردی هەموو دونیا وەک یەک وایە.



باشە گەر پۆلیسی لەندەن ئەم بەردە ببینێ، نازانێ هی وڵاتی خۆمانە. هەتا هاتینەوە چۆلەکەش هەڵفڕیبوو. سەربازیش هێمن ببوەوەو لای بابەوە دانیشتبوو. لانەش بەرەو ڕووی من هات و وتی: هەر کە گەیشتیتە ئەوێ، بوکێکی گەورەم بۆ بکڕە، بووکێ بتوانێ قسەبکات و بڕوات و گۆرانی بڵێ. دەڵێن بووکی وا لە لەندەن هەیە.

دایکم و باوکم باوەشیان پێداکردین، لانە قاچی من و سەربازی گرت و بەری نەدەدا. دایە دەگریا، گریانەکەی ڕانەدەوەستا. هەنیسکی دەدا، دەیویست شتێکمان پێ بڵێ لەبەر هەنیسک وشەکانی پێ تەواو نەدەکرا. قاچاخچییەکە خۆی توڕەکرد، پەلەی بوو. هەموو سواری پاسەکە بوون، ئێمە نەبێ. دایکم بە چاوێکی پڕنزاوە  داوای لە باوکم کرد ئێمە نەنێرێ و هەموو بگەڕێنینەوە، چش لەوپارەیەی کە دراوە بە قاچاخچی. دایکم نەیهێشت سواری پاسەکە ببین. باوکم خۆی توڕەکرد و پەلی ئێمەی گرت و سواری پاسەکەی کردین. بڕیارەکەی دایکم درەنگ بوو، لەوانەشە قەد لە باوکم خۆش نەبێت، گەر کەسێکمان شتێکمان لێبێت.

سواری پاسەکە بووین، تا چاو بڕی کرد و ئەوانمان لێوە دیار بوو، تەماشامان کردن. لە دوورەوە دایکمم بینی کەوتەسەر زەوییەکە، لانە پەلاماری دا. باوکم خۆی نەجوڵاند. ئیتر نەمزانی دایکم بوورایەوە، مرد.  هەر ئەو کاتە وا هەستم کرد  ئیتر جارێکی تر نایانبینمەوە. لە چاو ونبوون سەرباز دەستی کرد بە

*گریان، مامەم هەوڵی دا هێمنی بکاتەوە، مامۆژنیشم لەولاوە هەڵی دایەو وتی: گاڵە گاڵی چیتە خۆ تۆ پیاوێکی و سمێلت بۆرکردووە... خۆ نەهاتنایە، بۆ هاتن. هەر لەوکاتەوە ئیتر حەزم لە مامۆژنم نەما، سۆما قسەکەی دایکی پێ ناخۆش بوو، بە دایکی وت: دایە گەر منیش ئێوەم بەجێبهێڵایە تۆش دەگریایت. دایکی وتی: جا من هێندە کەر و بێڕەحم نیم تا ئێوە بە تەنیا بە لایەکدا بنێرم. لەوانەشە مامۆژنم ڕاست بکات. منداڵ دەبێت لەگەڵ دایک و باوکی خۆیاندا بژین. هەرچییەکیان بەسەردا هات با پێکەوە بن. خوا دەزانێ چیمان بەسەر دێت. یان خودا دەزانێ ئەوان چییان بەسەر دێت.*

ئەو ڕێگەیە ڕێگای مان و نەمانە، هەزاران کەس پێیدا تێپەڕیوون، زۆرجار بیردەکەمەوە دەبێ ژیانی ئەو کەسانە چەند سەخت و پڕ مەینەتی بێت تا ڕێگەی مان و نەمان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەنینە وڵاتێکی دوور و چاوی غەریبییان لەوێ بکەنەوەو سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە. لە چاو ئەوانەی بێ سەرو شوێن بوون کۆچی ئەمان کۆچێکی ئاسایی بوو، ئەوانەی بەفر هەناسەی خنکاندن، ئەوانەی ئاو وەک ئەژدەها قووتی دان. بەلەمەکان بەرەو جیهانەکەی ئەودیوی بردن. لەم دیو نەگۆڕیان هەیە نە شوێنەوار. دەبێ چەند زەحمەت بێت بۆ کەسوکارەکانیان ڕۆژێ لە ڕۆژان نەتوانن زنجیری گوڵاڵەسوورە یان ملوانکە فرمێسک بخەنە سەر گۆڕەکانیان. لەوانەشە ئەمە وایان لێبکات هەر بەتەمابن ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کونێکی ئەم ئاسمانە شینەوە بکەونە حەوشەی ماڵەکانەوە، هەروەک چۆن ئاوات بە ڕێکەوت لە



دەرگاکەی منی داو بەناچاری دەفتەری یادەکانمی پێکردمەوە، ئەوانیش چاوەڕوانی زەنگێکی لەو بابەتە دەکەن. بۆ من بینینی ئاوات ڕێکەوتێکی سەیر بوو، سەرەتایەکی بێ کۆتابیە، کاتێک ژیان دەبێتە زنجیرێکی زیوین و نازانی کام هەڵقە کۆتاییەکەیەتی. منیش نازانم چەند جار و چەند لاپەڕەی تر دەمگەیەنێتە ئەم کاتەی ئێستامان، تاقە هیوام ئەوەیە بتوانم تا سەر گوێ بۆ ئاوات بگرم و لاپەڕەکانی یادداشتنامەکەی بخوێنمەوە. ئێستا لەهەموو کات زیاتر دڵم خۆی لە برین هەڵکێشاوە و بەرەو سەراب ڕادەکات وسۆمای چاوەکانم بەرەو تاریکی دەفڕی، یەکە بە یەکەی گڵۆپەکانم داگیرساندووە و مۆمی شارەکەم کۆکردوەتەوە، لە پەنا هەر دارێکی گۆڕستانەکەدا دامگیرساندووە. تا تروسکاییەک ڕووناکی لە دەرگای ڕۆحم بدات. پێویستیم بە هێزێکی خوداییە، بەرگی برینم پێ فڕێبدات و ئەستێرەی یاد لە ئامێزمدا ئۆقرە بگرێ. ئاوات ڕایچەڵەکاندم. دیارە ماندووی، سەفەرەکەی ئەستەنبوول دەخەینە جارێکی تر.

ئاوات جارێ نازانێ فرمێسکەکانی من تەنیا بۆ ئەو نییە، بەڵکو بۆ ئەو خەمە بێ کۆتاییەی خۆمە، تا ئێستا باسی ئەوم بۆ نەکردووە، باشترە جارێ هیچی بۆ باس نەکەم. باوەشم پێداکرد وماڵئاوایی لێ کردم. دەرگاکەم زوو داخست، خۆم فڕێ دایە باوەشی تەنیایی و ویستم بەرەو ئەودیو بڕۆم. پەردەی پەنجەرەکانم دادایەوە و تا نوزەی دڵەکەم بروسکە ئاسا هەور بکاتە گریان و ئاسمان ڕووت بکەنەوە ، تروسکەی هەناسە جەستەم داگیربکات و بێتە ژێرباڵم و بەرزم بکەنەوە و ژیانم

بەبەردا بکەنەوە. ئەو کەسانەی دەمناسن و دەمبینن سەریان سورِ دەمێنێ، بروا ناکەن، چۆن جەستەیەکی هێندە بچووک، دڵێکی هێندە ناسک بەرگەی لافاوی خەمی گرتووە. نازانن هێزێکی غەیبی بێ شومار رژاوەتە جەستەمەوە و ئازارەکانی دڵمی سڕکردووە. برینەکانی فێری نوێژکردووە. دەڵێ دەبێت وەک کەسێکی ئاسایی بژیم، کاربکەم و نان بخۆم و بخەوم. کەس نازانێ من ئێستا بوومەتە بەندەی ئەو هێزە. تەنانەت هەر ئەو هێزەشە بلیتی پەرینەوە دەدات بە فرمێسکەکانم. خەمەکانم دەلاوێنێتەوە و تینی چاوەڕوانیم دەڕەوێنێتەوە، دەرگای ناوەوەم بۆ دەکاتەوە و پەردەی پەنجەرەی ناوچاوانم لادەدات و بە لێشاو ڕووناکی دەنێرێتە ژوورەوە. هەندێ جاریش باڵەکانم دەگرێ و بەرەو دڵی خودا ڕامدەکێشێ. دڵی خوداش وەک پارچە تیشکێکە، لەسەری پاڵدەکەوم و جۆلانەم پێدەکات و خەو لەئازارەکانی دڵم دەخات. سوتانی ڕۆحم فێنک دەکاتەوە. کوڕەکەم بۆ بانگ دەکات، ئەویش بەسەر سەرمەوە ڕادەوەستێ و باوەشێنم دەکات، برژانگەکانم بۆ دەهۆنێتەوەو گۆنام ماچ دەکات، زوو زووش دەڵێت بیرت نەچێ تۆ ژنێکی زۆر بەهێز بووی، دەبێ بەرگەی ئەمەش بگری، دەی هەستە کاتی ئەوە هاتووە خۆت بدۆزیتەوە. کاتی ئەوە هاتووە خۆت بناسیتەوە. گەر بتوانی لە خودی خۆت ڕانەکەیت ئەوا ڕێگا دەدۆزیتەوە. ئەو ڕێگایەش زۆر گرنگە، چونکە کەسانی تریش بەو ڕێگایەدا دەڕۆن. کاتی ئەوە هاتووە ئەو ڕێگایە بدۆزنەوە. دەی هەستە دایەکەم، ئەو خۆشەویستیەت بۆ دەنێرمەوە کە پێت بەخشیم. باوەشت بکەرەوە بۆ ئەو تیشکانەی بۆت دەنێرم. ئەو تیشکانە تەنیا بۆ خۆت نیین بۆ



کەسانێکی تریشن. چاوەکانم نوقاند، بەو هیوایەی وەنەوز ببمباتەوەو ئەو شەوە خەوێکی پێوە ببینم. خۆ من ئێستا هەر بۆ ئەوە دەخەوم تا خەو بەوەوە ببینم، ئەگینا هێندە خەوم بەلاوە گرنگ نییە. من گەر بەبێ ئەو بتوانم بژیم ئەوا بێ خەویش دەتوانم بژیم. خودی ژیانیش بۆ من گەمەدرۆیەکی گەلێ گەورەیە.

## ڕۆژەکانی ئەستەنبوول

ماوەیەکی زۆر بە سواری ئەو پاسە ڕۆیشتین، هەموو شەکەت بووین. من بەدرێژایی ژیانم بۆ ماوەیەکی ئەوەندە دوور و درێژ سواری ئۆتۆمۆبیل نەبووم. ناو پاسەکەش زۆر گەرم بوو، ئەمە جگە لەوەی زۆر کەس جگەرەیان دەکێشا. پاشان ماوەیەک خەو بردمیەوە. کە وشیاربوومەوە زانیم ئەوە خاکی وڵاتێکی ترە، لەگەڵ ئەوەی خەڵکەکەیش هەر وەک ئێمە دیاربوون و ناوچەکەش شاخاوی بوو. مامەم وتی لەو شوێنەی کە دایک و باوکتمان بەجێهێشت کەوتینە خاکی تورکیا. سەرباز بە درێژایی ڕێگەکە بێدەنگ بوو، لە چەند شوێنێک لامان دا تا نان بخۆین و پشوویەک بدەین. سەربازهیچی نەدەخوارد. من و سۆما هەندێ گۆشتمان بۆ خستە نانێکەوە دامان پێی، ڕازی نەبوو بیخوات. نازانم چەندمان پێچوو لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر خەوم لێکەوت، لە دەنگی هۆڕین و گاڵە گاڵی خەڵک وەئاگا هاتم. هەر ئەو کات مامەم وتی گەیشتینە ئەستەنبوول. شارێکی زۆر گەورە

بوو، بەڵام خانووەکانی کۆن بوون، زۆر قەرەباڵغ بوو، پاسەکە لەبەردەم ئوتێلێکی سێ قاتی وەستا. گوێم لێبوو شۆفێرەکە بە مامەی وت سبەی دێت بۆ لامان.

منیش لە دڵی خۆمدا وتم باشە گەر سبەی بێت بۆ لامان، ئەوە لەوانەیە دوو سبەی سەفەربکەین، خێرا دەچم بووکەکە بۆ لانە دەکڕم. پاش چەند ڕۆژێکیش ئیقامەمان بۆ دەردەچێ و لەوانەشە هەر فریانەکەوم بوکەکەی بۆ بنێرم. ئەوانیش دێن، جلەکانیشمان بۆ دێنن. یاداشتنامەکەیان بیرناچێت، دایکە وتی جوان بۆم دەشارێتەوە هەرکە هاتن لەگەڵ خۆیان بۆم دێنن، سەربازیش داوای تۆپەکەی خۆیی کرد. دڵنیام هیچیان بیرناچێ. لانە بیریان دەخاتەوە. ئەو گەر بێتە ئێرە ژوورەکەی پردەکات لە بووک. کۆمەڵێ یاری دەکرێ. بەڵێنی بە هەموو هاوڕێکانی دابوو هەر کە بگاتە لەندەن سەرو بووکیان بۆ دەنێرێ. کچەکەی دراوسێمان داوای جلوبەرگی بووکیشی لێکرد.

چوینە قاتی سێهەم. ژوورێکی گەورەبوو، پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو، بەسەر بازاڕی بەردەم هوتێلەکەدا دەیڕوانی. ئەو ژوورە دوو قەرەوێڵە شرەی لێبوو، جیکە جیکیان ڕۆژە ڕێیەک دەچوو. من و سەرباز لەسەر جێگایەک و شیروان و سیروان لە جێگەیەک خەوتین. سەرباز بەبێ دەنگی لەسەر جێگەکە پاڵکەوت. ئەو کات زۆر بەزەییم پێدا دەهاتەوە. لەوەتی ئەوانمان لەسەر سنوور بەجێهێشت، مت و بێدەنگە. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد بەڵکو چۆلەکەیەک ببینم. ڕاسپاردەیەکی بۆ دایکم پێدابنێرم. لە بەردەم پەنجەرەکە نەدەجولامەوە. سەرباز بانگی



کردم و پرسی چییە بۆ لەوێ وەستاوی؟ منیش وتم چاوەڕوانی چۆلەکەکە دەکەم. ئەویش وتی هێندە گێل مەبە خۆ تۆ ئێستا گەورە بووی، بە منداڵی بڕوامان بەو قسانە دەکرد. تۆزێ دڵم خۆشبوو وا کەوتە قسە. هاتە پێشەوە لێم و بە هێواشی وتی:

ـ دەڵێی چی ئێستا ڕابکەین و بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

ـ ناتوانین، نەپارەمان پێیەو نەڕێگا دەناسین و نە زمان دەزانین.

ـ پارەمان بۆ چییە؟ بەپێ دەڕۆینەوە، بە وردی سەیری ڕێگاکەم کرد. هەمووی دەزانم.

ـ ئەی بە ڕێگاوە چی بخۆین.

ـ وەک پێشمەرگەکان داوا لە خەڵکی گوندەکان دەکەین، گوند زۆرە، هەمووشیانم ژمارد.

ـ ئەی بە چ زمانێ لە گەڵیاندا قسە بکەین

ـ ئەوانە کوردن، وەک ئێمە، ماڵی دلۆڤانت بیرە. هەروەک ئەوان قسە دەکەن، من لەوەوە چەند وشەیەک فێربووم.

ـ نا شتی وا نابێ. من دەترسم.

سەرباز تۆزێ هاتەوە سەرخۆ. مامەم لەگەڵ سیروان و شیرواندا چوونە خوارەوە، لە دووکانێکی تەنیشتی هوتێلەکە، خواردنیان بۆ هێنان. سەرو شیش کەباب لەگەڵ برنجدا. سەرباز ئەمجارەیان هەمووی خوارد. ئەو ڕاست دەکات باشترە ڕابکەین، دەبێ زۆربخۆین، تا گەر ماوەیەکیش نانمان نەبێت، خۆمان بگرین. لەگەڵ سەربازدا بڕیارمان دا ئەو شەوە نەخەوین و بە هێواشی بچینە دەرەوەو ملی ڕێگا بەرەو ماڵەوە بگرین. شەو من خەوم لێکەوت، لەنیوەی شەودا سەرباز خەبەری کردمەوە.

خۆمان لەبەرکردو بەبێ دەنگی دەرگای ژوورەکەمان کردەوەو چوینە دەرەوە بەبێ ئەوەی کەس خەبەری بێتەوە. لەدەرەوەی دەرگاکە بەڵێنمان بە یەک دا هەرگیز یەکتر جێنەهێڵین ویارمەتی یەکتر بدەین. لەوەش دڵنیا بووین بەئاسانی خۆمان دەگەیەنینە گوندەکانی نزیک ئەستەنبول. کاتێ گەیشتینە گوندەکان داوایان لێدەکەین یارمەتیمان بدەن تا دەگەینە سەر سنوور، لەو شوێنەی دایەو بابەو لانەمان بە جێهێشت.

بەقادرمەکاندا چوینە خوارەوە. زۆر تاریک بوو، بە زەحمەت هەنگاومان دەنا، دەنگە دەنگێ لە قاتی دووەمەوە دەهات. ناچاربووین ماوەیەک خۆمان لە پەنایەکدا مت بکەین. گڵۆپەکانی قاتی یەکەم داگیرسابوو. دەرچوونیش لەوێ گران بوو. ترسی ئەوەمان هەبوو کەسێک بێتە دەرەوەو بمان بینێ. بەهەر حاڵ خۆمان گەیاندە قاتی خوارەوە. بەرەو دەرگای هوتێلەکە چووین، تەواو دڵمان خۆشبوو. لەناکاوا دەنگێک هاواری لێکردین، خۆمان لە تەنیشت دۆلابێکدا شاردەوە و بێدەنگ بووین. هەناسەمان لە خۆمان بڕی، دڵمان کەوتە کوتە کوت. تیشکی گڵۆپێکمان کەوتە سەر، دوو پیاو پەلیان گرتین و کەوتنە لێدانمان. بە زمانێک قسەیان دەکرد کە ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین. پاشان سەرباز توانی خۆی دەربازبکات و ڕابکاتە سەرەوە. هێندەی نەبرد مامەم بە بیجامەوە هاتە خوارەوەو قسەی لەگەڵ کردن و ئیتر منیشیان بەرەڵاکرد. دیارە وایان زانیبوو منداڵی سەرجادەین و دەمانەوێ لە ئوتێلەکە بخەوین یان دزی بکەین.

ئەو شەوە مامەم هیچ قسەی لەگەڵ نەکردین.



سیروان هەستاو دەستی کرد بە پێکەنین و وتی زانیم تێر شەقدەکرێن بۆیە خۆم لێتان بێدەنگ کرد، ئەگینا ئاگام لە پلانەکەتان بوو.

## شەوانی هوتێل

چاوەڕوان بووم ڕۆژی دوایی ئەو هوتێلە کاولبووە بەجێبهێڵین. بۆ بەیانی مامەم چوو، هەندێ سەمون و ماستی بۆمان هێنا. نانی بەیانیمان خوارد، نازە هێندە بەلەزەتەوە نان و ماستەکەی دەخوارد، وەک ئەوەی هەموو تەمەنی نان و ماستی نەخواردبێت، خۆ ئەوان بۆ نانی بەیانی هەر گوێزو هەنگوین و قەیماخیان دەخوارد. مامەم نانی نەخوارد و ڕۆیشت. داوای لە مامۆژنم کرد ئاگای لێمان بێت و چاومان لێنەتروکێنی، چونکە ئێمە ئامانەتین و گەر شتێکمان لێبێت ئەوا هەتا ماوە شەرمەزاری باوکم دەبێت. سیروانیش لەولاوە سەیرێکی کردین و چاوێکی لێ هەڵتەکاندین بە ئەسپایی پێی وتم گەر دەتانەوێ ئەمجارە من یارمەتیتان دەدەم دەرچن. خەمتان نەبێت ئەمجارەیان بۆتان مسۆگەر دەکەم. دەمزانی سیروان بۆ وا دەڵێت، سەربازیش دەیویست هەرچۆنێ بێت ڕابکەین و نەگەڕێینەوە، بە سەربازم وت نابێ ئێمە کارێکی وابکەین مامەم زویر بکەین. سیروانیش هێندە ئامۆزایەکی باش نییە. ئەو مەبەستی یارمەتی ئێمە نییە، بەڵکو دەیەوێ ڕزگار بێت لەدەستمان. گوێم لێبوو بەسۆمای وت

گەر ئێمە نەبووینایە ئەوا هەریەکەیان لەسەر قەرویڵەیەک دەخەوتن.

چاوەڕوانی زۆر ناخۆشە، ئێمە نەماندەزانی چیمان بەسەر دێت. وابزانم چوار ڕۆژ لەو هوتێلە ماینەوە، بەیانیەک شتەکانمان کۆکردەوە وامان دەزانی دەڕۆین. مامەم وتی دەڕۆینە هوتێلێکی تر چونکە باش نییە ماوەیەکی زۆر لە هەمان شوێندا بژین. لەمەش تێنەگەیشتم، خۆ ئەمەش لای خۆمان نییە لە پۆلیس و عەسکەر بترسین و بمانگرن. بەڵام نەموێرا پرسیاربکەم، وام هەست کرد مامەم تۆزێ توڕەو ماتە. چوومە لای سۆماوەو لێم پرسی: دەزانی بۆچی دەبێ لێرە بڕۆین. ئەویش نەیدەزانی. وەک من حەزی دەکرد بزانێ. ئەمجارە چوینە هوتێلێکی بچووکتر و لە کۆڵانێکی تەسکدا بوو. دوور بوو لەناو شار و دوکانی لێ نەبوو. ژوورەکانی بچووکتر بوون، ئاودەستخانەکەشی لە دەرەوەی ژوورکە بوو.

من و سەرباز لەسەر یەک جێگا خەوتین، نیوەی شەو بوو خەبەرم بوویەوە، هەستم کرد جێگەکە تەڕەو سەرباز لەوێ نییە. خێرا هەستام، بینیم لای دەرگاکەوە دانیشتووەو دەگری. میزی کردبوو بەخۆیدا، ترسی ئەوەی هەبوو منداڵەکان پێیبزانن و گاڵتەی پێ بکەن. سوراحییەک ئاوم هێناو ڕشتم بەسەر دۆشەکەکەدا. سبەی دەڵێین تۆ ئاوت بۆ من هێناو شەویش تاریک بوو، لەبەر ئەوانی تر نەتویست گڵۆپەکە داگیرسێنی، بۆیە سوراحییەکەت لەدەست کەوتە خوارەوە. بیرۆکەکەی بە دڵ بوو، لێفەکەمان لەسەر زەوییەکە داخست و لەسەری خەوتین تا



بەیانی، هەرکە هەستاین، بەسەرهاتی شەوم بۆ گێڕانەوە. خێرا دۆشەکەکەمان بە پەنجەرەی ژوورەکەوە هەڵخست. بەبێباک چووین نانی بەیانیمان خوارد.

من و سەرباز زۆربەی کات پێکەوە بووین. زۆرجاریش سۆما دەهاتە لامان. پێکەوە یاریمان دەکرد، سۆما لە فەنتازییای داهێنانی یاریکردندا زۆر زیرەک بوو. سیروانیش بەمە بێزاردەبوو. ئەیویست شەڕمان پێ بفرۆشێ و بێزارمان بکات. سۆما پاڵی پێوەدەناو دەری دەکرد. ڕۆژێکیان بەیانی زووبوو مامەم خەبەری کردینەوە تا بڕۆین، بۆ کوێ کەس نەیدەزانی، کەسیش بەو بەیانی زووە تاقەتی ئەوەی نەبوو بپرسێ. خۆمان لەبەرکردوو مامۆژنم جلەکانی کۆکردینەوە. سواری سەیارەیەکی گەورەبووین، سیروان لە باوکی پرسی بۆ کوێ دەڕۆین. مامم وەڵامی نەدایەوە، دیاربوو زۆر دەترسا، نیگەرانی بە چاوییەوە دیاربوو، ئێمەش دەترساین و نەماندەوێرا جارێکی تر پرسیاربکەینەوە. ماوەیەکی باش بەو سەیارە ڕۆیشتین ئەو شوێنانەی پێدا تێپەڕین زۆر جوان بوون، خانوەکانی بەرز و تازە بوون، هێندەی نەبرد گەیشتینە شوێنێک ، لەوێ گوێمان لە دەنگی تەیارەبوو، ترسێکی زۆرم لێنیشت، خەریکبوو میز بە خۆمدا بکەم ، دەستم خستە سەر گونم. سەرباز لەمن خراپتربوو، خەریکبوو لە پەنجەرەی تەکسیەکەوە دەچووە دەرەوە. دەستی خستە سەر چاوی تا چاوەکەی تری بپارێزێ. بۆ هێمن کردنەوەی سەرباز بە ناچاری لەمامەم پرسی ئەو تەیارانە چین، وەک لای ئێمە بۆمباباران دەکەن، قاچاخچییەکە دەستی کرد بە پێکەنین ولایەکی

لێم کردەوە و وتی: ئینشائەڵا گەر خوا حەز بکات ئەمرۆ دەڕۆن و دەگەنە سوید".

سوێدی چی من و سەرباز دەچین بۆ لەندەن.

## تونێلی ژیان

ئەمە تەنیا ڕستەیەکی ئاسایی بوو، کەچی وەک هەورە تریشقە ئاسمان و زەوی هەژان. چارەنووسی مرۆڤەکانی بە ڕێگای خۆیدا دەبرد. دەرگای ڕەوتی خەیاڵی دادەخست. کێ دەزانێ ژیان چی بۆ ئامادەکردوون و لە کوێ دەگیرسێنەوە و چاوی نامۆیی لەچ سوچێکی ئەم زەوییەدا دەکەنەوە. ئا لەو ساتەدا کەسیان هزری ئەوەیان نەدەکرد ڕەوتی ژیان لە چ تونێلێکدا دەگیرسێتەوە، نەک تەنیا ئەوان بەڵکو هەر یەکە لەئێمەیش نازانین چ هێزێکی غەیبیی خەتی ژیانی ڕۆژی داهاتوومان بۆ دەکێشێ، هەر ئەو هێزە غەیبیە بوو دڵی داخکردم، ئەو بەهەشتە چکۆلانەیەی لە سوچێکی دڵمدا بۆ کوڕەکەمم دروست کردبوو لافاوی ئەزەل بردی. ئاسمانیان بەسەردا ڕووخاندم، ئەو ئاسمانەی پڕبوو لە خەون، خەونی خۆش خۆش، تەنانەت بە ڕۆژیش خەونم دەبینی، خەونم بە خۆمەوە دەبینی، پیر بووم، کوڕەکەم گەورەبووەو ژنی هێناوەو منداڵی بووە. خۆی و منداڵەکەی کۆمەڵە کتێبێکیان بۆ هێناوم تا بیخوێنمەوە، یەکێ لەو کتێبانە دەربارەی کوڕێک بوو خەونی بەوەوە دەبینی کە ببێتە بروسلی، وێنەکانی بروسلیشی لە ژوورەکەیدا هەڵواسیبوو، هەموو ڕۆژێ نوێژی لە بەردەمیا دەکرد و داوای لێدەکرد



یارمەتی بدات و تا ڕێنوێنی بکات تا بە لوتکە بگات. لە پاشەڕۆژیشدا دایکی بحەسێنێتەوە. بە پێکەنینەوە وتی: من ئالەم کتێبانەوە کوڕەکەم فێری خۆشەویستی دەکەم. نەیدەزانی دڵە گەورەکەی خۆی کانی خۆشەویستی بوو. بیری ئەوەی نەبوو ئەو هێشتا تەمەنی سێ ساڵان بوو کچێکی چوار ساڵانی خۆشدەویست، هەموو ڕۆژێکیش دەچوو بۆ باخچەی ساوایان دەبوایە جلێکی جوانی لەبەربکردایە و قژەکەی شانە بکردایە. تا سەرنجی ئەو کیژۆڵەیە بە لای خۆیدا ڕابکێشێ و لای لێبکاتەوەو یاری لەگەڵ بکات. ئەوەشی بیر نەبوو کاتێ تەمەنی نۆ ساڵ بوو، ڕۆژێک پاش قوتابخانە پێکەوە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، وتی دایە دەزانی چی، من کەوتومەتە خۆشەویستی کچێکەوە. دەتوانم بزانم کێیە؟ ئا تانیایە. هەر تەنیا من نیم، کوڕەکانی تریش خۆشیان دەوێ، بەڵام من نامەوێ وەکو ئەوانی تر بێزاری بکەم و بە دواییدا ڕابکەم. بریسکەیەک لە چاوەکانیدا شەوقی دەدایەوە، هەر ئەو بریسکەیە بوو هێزێکی نەبینراوی بە من بەخشی و خۆشەویستی خستە خانەیەکی ترەوە. هەندێ جار دەڵێم لەوانەیە هەر ئەو بۆچوونەی بۆ خۆشەویستی وای لێکردبێ کۆچ بکات. زۆر پەلەی کرد، فریا نەکەوتم لێی بپرسم کەنگی دەگەڕێتەوە. گرنگ نییە خۆی بەڵێنی پێدام کە بگەڕێتەوە، وێنەکانی بروسلیم بۆ هەڵگرتووە، ئەو پشتوێنانەم بۆ هەڵگرتووە کە هەموو ساڵێک وەریدەگرتن، کاتێ هاتەوە پێویست ناکات سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە. بەبێ پرسی خۆشی چەند وێنەیەک لە وێنەکانی بروسلیشم لە ژوورەکەمدا هەڵواسیوە، زۆر جار دەمەوێ بیهێنمە

گفتوگۆ تا نهێنی وەڵامەکانم بۆ بدرکێنێ، بەڵام ئەویش بێدەنگە. دەڵێی مانی گرتووە.

چاوم کردەوە، ئاوات لەوێ نەمابوو، نامەیەکی بۆ بەجێهێشتبووم، نوسیبووی:

*ببوورە ماندووم کردی، ئەوا چەند لاپەڕەیەکی یادداشتنامەکەمت بۆ بەجێدەهێڵم، ماوەت هەبوو بیخوێنەرەوە، کەی کاتت هەبوو، ئاگادارم بکەرەوە، ئەمجارەیان خۆم چایەکی تۆخ یان قاوەیەکی ڕەشت بۆ لێدەنێم تا خەوت لێنەکەوێت.*

هەستم بە شەرمەزاری کرد، دڵنیام لێم دەگات، پیریش بووم ئەو توانایەی جارانم نەماوە. دەستم برد بۆ لاپەڕەکان تا گەرماو گەرم بیانخوێنمەوە و دواتریش بیرم نەچێتەوە بە شتی ترەوە فڕێیان نەدەم. لاپەڕەکان فڕین، سەیرێکی دەرگاو پەنجەرەکانم کرد، هەموو داخراوبوون، خۆ زستانێکی ئەوەندە سارد بوو نەمدەوێرا پەنجەرەش بکەمەوە. ئەی ئەم ڕەشەبایە لە کوێوە هاتە ژوورەوە، ئەمەش سەیرە!!، بە دوای لاپەڕەکاندا ڕامکرد و پام هەڵکەوت و کەوتم. هەر لاپەڕە و لە بنمیچێکی ژوورەکەمدا گیرسابووەوە. پەیژەشم نەبوو، لەناکاوا لاپەڕەیەک لە قوژبنی لای ڕاستەوە کەوتە سەر زەوی، خێرا خۆم بۆ فڕێداو لە ئامێزم گرت، چاویلکەکەم کردە چاوم و خوێندمەوە.

*... لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، دەستەکانی سەربازم توند گرت، ئەژنۆکانی دەلەرزین، دەمزانی چ یادگارییەکی تاڵ سەرچاوەی ئەم هەژاندنەیە. لەیادمە لەپێدەشتایی لای ماڵەکەماندا وەک هەموو جارێ تۆپانێمان دەکرد و هەتا پەنجا گۆڵی نەکردایە*



*نەدەگەڕاینەوە ماڵەوە. ئێوارەیەک کۆمەڵە فڕۆکەیەک ئاسمانی شاری تاریک کرد و بۆمبای داباران بە سەرماندا، ئاگام لە خۆم نەما، چاوم کردەوە، لە تەپوتۆز زیاتر هیچم بەدی نەدەکرد، نە سەرباز دیاربوو نە تۆپەکەی، هاوارم کرد، وەک شێت بەو ناوەدا دەسوڕامەوە، گوێم لە نووزەی سەرباز بوو، بانگی کردم، دۆزیمەوە، خوێن بە دەم و چاویدا دەهاتە خوارەوە، نەمزانی چیبکەم، بگەڕێمەوە دایک و باوکم ئاگادار بکەمەوە یان سەرباز هەڵگرم و بیبەمەوە، سەیرم کرد تەنیا لای سەریەوە خوێن دێتە خوارەوە، بلوزەکەم داکەند و بەستم بە سەریەوە، نەمدەزانی خوێن لە کوێوە دێتە خوارەوە. چوومە ژێر شانی و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتین. دەرگای ماڵەوە لەسەرپشت بوو، کەس لەماڵەوە نەبوو، سەرباز لە هۆشی خۆی چوو، کەوتە سەر زەوی، لەوە دەترسام سەرباز بمرێ. دەستم لەسەر دڵی دانا، هێشتا دڵی لێیدەدا. سەربازم داناو ڕامکردە دەرەوە، لەوسەری کۆڵانەکەوە دایکمم بەدی کرد.*

*سەرباز ماوەیەکی زۆر لە خەستەخانە کەوت، ئەو چاوەی کە پرشی بۆمبی بەرکەوتبوو، نەیدەبینی. لەگەڵ ئەوەی دوو جار نەشتەرگەرییان بۆ کرد. زوو زووش دەچووە بەر ئاوێنەکە و چاوە ساغەکەی دەگرت و بە چاوەکەی کەی سەیری دەکرد، هیچی نەدەبینی. ماوەیەکی زۆر سەرباز بێدەنگ بوو، نەباسی تۆپێنی دەکرد نەدەیویست لەگەڵ منیشدا بێتە دەرەوە و یاری بکات. باوکم تۆپێکی گەورەی بۆ کڕیبوو، تەنانەت شەوانیش تۆپەکەی لای پشتییەکەیدا دادەنا. ماوەیەکی زۆری برد تا سەرباز*

*لەگەڵ یەکچاویدا ڕاهات و ئیتر وەک جاران داوای لێدەکردم وەک جاران بچینە دەرەوەو تۆپێنی لەگەڵدا بکەم. کاتێ لە دەرەوە یاریمان دەکرد، بەردەوام تەماشای ئاسمانی دەکرد، نەمدەزانی لەخوا دەپاڕێتەوە چاوەکەی چاک کاتەوە یان ترسی دەرکەوتنی فڕۆکەی هەبوو. هەندێ جار لەناکاوا دەستی بە گریان دەکرد و بە هەموو هێزێکی شەقێکی لە تۆپەکە هەڵدەداو بەرەو ماڵەوە ڕایدەکردەوە. دایکم هەردەم دڵی دەدایەوەو دەیوت خەمت نەبێ بەزووترین کات دەچیت بۆ لای خاڵت، لەوێ نەشتەرگەریت بۆ دەکەن و دەتوانیت بەباشی ببینیت و دەستدەکەیتەوە بە تۆپێن. دایکم ئەوەی نەدەزانی یەکچاوییەکەی سەرباز ڕێگەی یاریکردنی لێناگرێ. لەوانەشە بەبێ چاو بتوانێ بەدوای تۆپەکەدا ڕابکات و گۆڵی خۆی بکات. کە منداڵبووم هێندە شارەزاییم لە یاری تۆپانێ نەبوو، بەڵام دەمزانی سەرباز دەبێتە یاریکەرێکی جیهانی، ئەو خۆشەویستییەی ئەو هەیبوو بۆ تۆپەکەی، کەس نەیبوو. یەکچاوییەکەی سەرباز ژیانی هەموو گۆڕیبوو، زەوقەکەی جارانی نەمابوو. هێندەش گوێی نەدەدا بە قوتابخانە، بابە بە زۆر دەرسەکانی پێدەکرد. گرنگی نەدەدا بە تۆپێن، دوو جارێ لە هەفتەدا داوای لەمن دەکرد لەگەڵیدا بڕۆم تۆپانێ بکەم. جاران کە تۆپانێی دەکرد و دەهاتەوە خۆشی هەموو جیهانت لە چاوەکانیدا دەبینی.*

ئاوات ڕاست دەکەیت، مرۆڤ کە شتێکی خۆشەویستی لەکیس دەچێ، نەک تەنیا چاوێکی نابینێ بەڵکو هەردوو چاویشی توانای بینینیان نامێنێ، دڵی دەفڕێ و خەونەکانی دەیبەستن و



هەستەکانی لەهۆش خۆدەچن، تاقە شتێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە لێزەمەی فرمێسکە و ناڵەی ئازارەکانە. کاتێ کوڕەکەم ڕۆیشت، باڵە شکاوەکانی دڵم جەستەمی لەکۆڵ گرتبوو، لە دامێنی چیاوە بەرەو لوتکە دەیبردم، بەو هیوایەی خوا گوێی لە دەنگی نوێژەکانم بێت، هێزێک بکا بەبەر جەستەی بێ هەناسەمدا. لە لوتکەوە سەیری ئاسمان و ئەستێرەکانم دەکرد، بەو هیوایەی ڕۆحی ڕەنجاوی کوڕەکەم لە ئامێزی یەکێکیاندا خەوی لێکەوتبێ. داوام لە دایکم کرد فریام کەوێ، تەنیا بۆ تاقە جارێک فریام کەوێ و بەئاگای بێنێ و بێتەوە ئامێزم. دایکم وتی: کچەکەم کوڕەکەت لە ئامێزی مندایە ، دڵت لای نەمێنێ، لەچاوانی خۆم زیاتر خۆشم دەوێ، کوڕەکەت مەگەر لای من ئۆقرە بگرێ. دڵی لە باڵی پەپولەکانی ماڵەکەت ناسکترە، ڕۆحی لە ئاوی کانیاو بێگەرد ترە، هیواکانی لە ڕەنگی کازێوە جوانترە. فێربە کچم بەبێ شەوباشی ئەو خەوت لێبکەوێ. نەیەڵی کانی خۆشەویستیت بەبێ هەنگاوە فریشتەییەکانی ئەو وشک بکات. ڕۆحە بەفرینەکەی بەرگەی گەرمای سەرزەمینی نەگرت. کۆچی ئەو کۆچێکی بێ چەندوچوون بوو.

ئیتر هاوار بۆ کێ بەرم. منیش وەک سەرباز هەموو ڕۆژێ دەچوومە بەر ئاوێنە، نەک تەنیا چاوێکم بەڵکو هەردوو چاوم هیچی نەدەبینی. لافاوی تیشکی هەتاو دزەی نەدەکردە ژوورەکەم. نەک تەنیا لایلایەی مانگ بەڵکو هەموو سیمفۆنیاکانی خەم خەوی لێنەدەخستم. کات بەسەرچوو، بەبێ خەو ڕاهاتم ، بەبێ سوپاسەکانی ئەو هەناسەم دەدا، بەبێ ئامێزەکانی ئەو دڵم

لێیدەدا. منیش وەک سەرباز ڕاهاتم بە یەک چاو شتەکان ببینم، سەرباز چاوەڕوانە بینایی بۆ چاوەکەی بگەڕێتەوە، منیش هەردەم چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم لەدەرگاکەم بدات.

## خۆ من نووسەر نیم

ئەم کوڕە لەناو ئەم هەموو نووسەرانە بۆ یەخەی من دەگرێ، چیرۆکی ژیانی بۆ بنووسمەوە، چۆن منی دۆزییەوە، خۆ ئەو هیچ شتێ لە بارەی ژیانی منەوە نازانێ. ڕۆحمان لە یەکەوە نزیکە و ڕەوتی ژیانمان جیاوازە! لەیەکەمین جارەوە گوێم لە دەنگی بوو، سۆزم بۆی جولا، بلێی لە ژیانی پێشوومانداا کوڕی من نەبووبێ. هەندێ جار بەنیازم لە بەڵێنەکەی خۆم پەشیمان ببمەوە، نووسینەوەی چیرۆکی ئەو ئازارەکانی خۆمم بەیاد دەهێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەردوو ڕووداوەکە زۆر جیاوازن، دیارە لافاوی هەستەکان لەیەک بارانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. ئەوە ماوەیەکە نە ئەو تەلەفۆنی کردووە نە من. هەر ئەم دوو لاپەڕەیەم لایە، باسی هاتنیان دەکات بۆ سوێد و فڕۆکەخانەی ئارلەندا. خوا بکات ئەمانە دوا لاپەڕەی یادداشتنامەکەی ئاوات نەبێ. جارێ لە کوێیەتی. سەرەتای ڕووداوەکانە، ئاخۆ چی ڕوودەدات.

*هەر لە فڕۆکەکە دابەزین، بەناو کۆڵانێکی تەسکدا تێپەڕین، مامم دوو بلێتی دا پێمان و وتی: هەر کە لێرە دەرچووین، ئێوە خۆتان لە ئێمە جیابکەنەوە. کاتێ ئێمە لە چاو ونبووین، چاو بۆ پۆلیسێ بگێڕن و داوای یارمەتی بکەن، لێرە دەڵێن منداڵیان زۆر*



*خۆش دەوێ، بۆیە هەرچۆنێ بێت ئەوەتان نیشان دەدەن لە کوێ سواری تەیارەکەی لەندەن دەبن. لەیادتان نەچێ باسی ئەوە نەکەن لە کوێوە هاتوون. دەبوایە ماوەیەک چاوەڕوانمان بکردایە بۆ ئەوەی شکی ئەوە نەکەن کە لە چ وڵاتێکەوە هاتووین و لە چ تەیارەیەک دابەزیوین. ئەوان دوور لە ئێمە دانیشتبوون، ترس و نیگەرانی بەدەموچاومانەوە دیاربوو. خەڵک دەهاتن و دەچوون، کەس سەیری کەسی نەدەکرد. زۆرجار دەمووت بەڵکو کەسێک سەرباز ببینێ و بەزەیی پێدا بێتەوە، بێت پرسیارێکمان لێبکا، بە هانامانەوە بێت، کەساسییەکەی سەرەنجی کەسی ڕانەکێشا. ئەو خەڵکانە سەیر بوون، وەک مێرووله دەهاتن و دەچوون. بەبێ ئەوەی سەیری بەرامبەرەکانیان بکەن. پاکی زەوی فڕۆکەخانەکە سەرنجی هەردووکمانی ڕاکێشا وەک ئاوێنە دەدرەوشایەوە. سەرباز لە زەوییەکەوە سەیرێکی خۆیی کرد و دڵتەنگ بوو. زانیم چاوەکەی بیرکەوتەوە، منیش ویستم ئەوەی لە بیربەرمەوە وتم: دەزانی گەر ئێستا دایکم لێرە بوایە چەند دڵی خۆش دەبوو، شوێنێکی وا پاک، ئێرە باشترین شوێنە بۆ تۆپێن، لەسەر ئەم زەوییە چەندیش تۆپێن بکەین جلەکانمان پیس نابێ، دایکیشم لێمان تووڕەنابێ. بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی: بۆ نازانی یاری تۆپین هەرگیز لە شوێنێکی وا ڕەقدا ناکرێ. ئەی بۆم باس نەکردی کە گۆڕەپانەکانی تۆپێن یان زیخن یا چیمەنن. سۆما هاتە لامانەوە وقسەکەی پێبڕین و وتی: بەردەکە فڕێ نەدەی ها. مامۆژنم کە ئەمەی بینی هات و پەلی سۆمای گرت و لە ئێمەی دوورخستەوە. سۆما بەمە زۆر دڵگران بوو، خۆی ڕاوەشاندو لە دایکی دوور کەوتەوە.*

*هێندەی نەبرد ئەوان ڕۆیشتن، هەستمان بەتەنیایی و بێکەسی کرد. نەموێرا لەبەردەم خەڵکدا بلێتەکە دەربهێنم، لەگەڵ سەربازدا بەنیازی میزکردن، خۆمانکرد بە توالێتێکدا. لەوێ بلێتەکانم دەرهێنا، سەیرم کرد بلێتەکان تا ستۆکهۆڵمە. سەرباز دەزانی فێڵیان لێکردووین، دیارە مامەم ئەمەش نازانێ. با ڕاکەین بیاندۆزینەوە. فریا نەکەوتین میزیش بکەین. بەهەمان شوێندا ڕامانکردەوە، ئەمجارەیان هەموو خەڵک سەیریان دەکردین، دەبوایە بەسەر پلیکانە کارەباییەکەدا بچینە خوارەوە، تائەو کاتە شتی وامان نەدیبوو، شارەزاییمان نەبوو، بۆیە هەردووکمان کەوتین، دەرچوو ئەو پلیکانە کارەباییەی ویستمان پێیدا بچینە خوارەوە هی چوونە سەرەوە بوو. باشبوو ژنێک هات و نیشانی داین لە کوێوە بچینە خوارەوە. تا هێزمان تیابوو ڕامان کرد، ئەو شوێنە وەک شارێک، گەورەبوو، لەهەر لایەکەوە دەڕۆیشتی هەر خەڵک بوو. سەرباز لە دوورەوە بەدی کردن. بەرەو ئەوان ڕامان کرد. کاتێ سۆما ئێمەی بینی بەرەو ڕوومان هات وباوەشی پێداکردین. ئەوانی تریش واقیان وڕماو نەیاندەزانی چی بکەن. بەڕێکەوت لەو لاوە دوو پۆلیس دەرکەوتن و لەو کاتەشدا سەرباز هاواری کرد باوکە... باوکە. هەرسێکمان چووین لای ئەوانەوە دانیشتین. مامم پەلاماری سەربازی دا، منیش خێرا بە ئەسپایی پێم ووت: فێڵیان لێمانکردووە، بلێتەکە ناوی لەندەنی هەر تیانییە. مامم نەیزانی چی بڵێ، دوو پۆلیس لەولاوە دانیشتبوون. کۆمەڵێ ژمارەی وت دوانزە، نۆ ،چواردە... لێی تێنەگەیشتم، دوایی وتی دەبێ تەمەنتان بگۆڕم، ئەو کات لەمەبەستی نەگەیشتم. سۆما هاتە لامانەوەو وتی چاوەڕوانی*



*وەرگێڕ دەکەین. باشبوو هەر لێرە دەمێننەوە، دایک و باوکت و لانەش دێن بۆ ئێرە. تا ئەوان دێن لەگەڵ ئێمە دەژین. هەروەک ڕۆژانی ئەستەنبوول. خەمتان نەبێت، نایەڵم شیروان و سیروان ئازارتان بدەن. بەڵێنم بە دایکت داوە. من دایکتم زۆر خۆش دەوێت، مامۆستایەکی زۆر باشبوو، من لە دەرسەکانی ئەودا لە هەشتا کەمترم وەرنەدەگرت. شادەی هاوڕێم دەیووت لەبەرئەوەی ئەو مامۆژنمە بۆیە پلەی وا بەرزم بۆ دادەنێ، بەڵام ڕاستی نەدەکرد، من خۆم هەر زیرەک بووم.*

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەرچوو، ئاوات تەلەفۆنی نەکرد، لەلایەکەوە پێمخۆش بوو، لەلایەکی تریشەوە حەزم دەکرد بزانم چییان بەسەرهاتووە، چەند جارێ ویستم تەلەفۆنی بۆ بکەم، پەشیمان دەبوومەوە و خۆم ڕادەگرت. بەسەرهاتەکانی ئەو خەریکی دەکردم و بیرم لە کۆتایی ڕووداوەکان دەکردەوە. ئەو کوڕە سەیرە، هیچ کات باسی ژیانی ئێستای ناکات. تا ئێستا نەمزانیوە لەگەڵ دایک و باوکیدا دەژی یان نا؟! ئەو بەنیاز بوو بچێتە لەندەن ئەی بۆ لێرە مایەوە؟؟. نامەوێ پرسیاری ئەو شتانەی لێبکەم دیارە خۆی نایەوێ باسی بکات. شتێکی باش کە لە ئەوروپا فێری بووم ئەوەیە پرسیار لەمەڕ شتی تایبەتی نەکەم، ئەگەر کەسەکە خۆی بیەوێ بۆم باسدەکات، ئەگینا پێویست ناکات خۆم لە ژیانی تایبەتی ئەو کەسە هەڵقورتێنم. هەرچەندە مافی ئەوەم هەیە پرسیار لەو بکەم، ئێ خۆ من چیرۆکی ژیانی ئەو دەنووسمەوە. لە ڕوویەکی تریشەوە دەڵێم با هێندە پرسیاری لێ نەکەم تا نەڵێ ئەم پیرەژنە چەند پرسیار دەکات و حەزی لێیە

شت بزانێ، دەیەوێ باز بەسەر سنووری ویستەکانمدا بدات. ئیتر خۆمم مت کردوە و بێدەنگم. جێگە بە خۆم ناگرم، دێم و دەچم لە ماڵەکەمدا، چاوەڕوانی زەنگێ دەکەم.

ڕۆژێک زەنگی تەلەفۆن لێیدا، خۆی بوو، هەر ئەو ڕۆژە بەخۆی و چەند لاپەڕەیەکی ترەوە هاتە لام. لێم پرسی: بۆ هەموو لاپەڕەکانم بە جارێ نادەیتێ و منیش وردەوردە خەریکیان دەبم و دەیانووسمەوە. بۆ نموونە دەتوانم هەموو لاپەڕەکان بخوێنمەوە پاشان ڕووداوەکە دابڕێژم. بیرۆکەکەی بە دڵ نەبوو، گوایە لەو لاپەڕانەدا زۆر شتی تێدا نەنووسیووە، وردە وردە هەندێ شتی تری دەخاتە سەر. لەم لاپەڕانەی ئەمڕۆ بۆم هێناوی، زۆر شتم تێدا نەنووسیوە. لە ڕۆژانی سەرەتاییدا تاقەتی شت نووسینم نەبوو، نەک تەنیا ئەوە قەڵەمم نەبوو. نەشماندەزانی چیمان لێدێت، هەموومان لە دوو ژووردا دەژیاین، دەبوایە هەموو ڕۆژێ بچووینایە خواردنێکی ناخۆشمان بخواردایە، نانی بەیانیان ناخۆش بوو هەندێ شتیان لە سەرمێزی چێشتخانەکە دادەنا نەماندەزانی چییە و تامی چی دەدا. سەرباز هیچی نەدەخوارد، باری دەروونی زۆر خراپ بوو، منیش نەمدەزانی چی بکەم، مامەشم سەری لێشێوابوو. نازەش زوو زوو توڕەی دەکرد و بیزاریی خۆی دەردەبڕی، نەیدەزانی خەتای مامە نییە، ئێمە وامان لێهاتووە. کەسێک نەبوو یارمەتیمان بدات، تەنیا وەرگێڕەکان نەبن هەندێ جار دەهاتن، تەنیا شتیان بۆ وەردەگێڕاین. مامەشم دەیوت نابێ هیچ شتێکیان بۆ باسبکەین نەوەک جاسووسی حکومەت بن. نازەش گاڵتەی لێدەهات و



دەیوت خۆ ئێرە لای خۆمان نییە عەرش و قورش جاسووس و جاش و بەکرێگیراو بێت.

مامی چوار منداڵی هەبوو ئێستا شەشن، ناچاریش بوو تەمەنیان بگۆڕێ. مامە بووە خاوەنی شەش منداڵ. دیارە نازە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، بەڵام دەستەڵاتی نەبوو، نەشی دەوێرا لەبەردەم مێردەکەیدا بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆی دەربڕێ. دەیزانی ئەو لەبێ چارەییدا ئەمەی کردووە. پاش گفتوگۆو لێکۆڵینەوە بران بۆ گەڕەکێک، تایبەتە بۆ ئەو خێزانانەی هێشتا ئیقامەیان وەرنەگرتووە. ناوچەی ئەلەکترە ڤێگن. ڕیزە خانوویەک، لە دار دروستکراوە، بۆ ماوەیەکی کاتیی خەڵکیان لەوێ نیشتەجێ دەکرد. ئەو خێزانانەی لەوێ دەژیان هەموو چاوەڕوانی ئێقامەیان دەکرد، لە وڵاتانی تری جیهانەوە هاتبوون. خانووەکان وەک شقارتە هەموو وەک یەک وابوون. خانووەکەیان لە دوو ژووری نووستن و هۆڵێک پێکهاتبوو، لە ژوورێکیاندا دوو قەرەوێڵەی دوو قاتی لێبوو، ژوورەکەی تریش دوو کەسی. ئەو ژوورە هێندە بچووک بوو، نەتدەتوانی تێیدا بجوڵێیتەوە ، موتبەخ و هۆڵەکە لەسەر یەک بوون، نازە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، دەیوت کە چێشت لێدەنێیت، بۆنی چێشتەکە هەموو ماڵەکە دەگرێ. لە هۆڵەکەدا کۆمەڵێ قەنەفەی کۆن دانرابوو و بۆنی سیرییان لێدەهات. نازەو منداڵەکان ئەمەیان بینی واقیان وڕما، بڕوایان نەدەکرد، ئەمە هەرگیز لەگەڵ خەونەکانی ئەواندا نەدەگونجا. ماڵەکەی خۆیان لە کوردستان لێرە خۆشتربوو، هەریەکە لە منداڵەکان ژووری خۆیانیان هەبوو، ماڵێکی دوو قات، باخچەیەکی

گەورە. نازە جوانترین و تازەترین تاقمی دەکڕی، مۆدەی هەر جۆرە پەردەیەک بهاتایە دەبوایە ئەم یەکەمین کەس بوایە لە ماڵەکەیدا هەڵیواسیایە. ئەمە جگە لە ئاڵتوونەکانی، تازەترین مۆدە بوون و لە دوبەی دروستکرابوون.

نازە خۆی پێرانەگیراو گریا، لە سوچێکی هۆڵەکەدا، دانیشت، بێدەنگ بوو. مامەش هێمنی دەکردەوەو دەیووت: ئەمە کاتییەو ماوەیەکی تر دەمان گوێزنەوە بۆ شوێنێکی باشتر. هێندە نابا ئیقامەکەمان بۆ دەردەچێ. ڕۆژانی یەکەم خامۆشی و بێهیوایی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا، بە تایبەتی پاش ئەوەی نازە لەگەڵ ژنانی دەرودراوسێ کەوتبووە مشت ومڕ، هەندێکیان کورد و هەندێکیشیان عەرەب بوون. بۆی دەرکەوت خێزانی وا هەیە زیاتر لە دوو ساڵە چاوەڕوانی ئیقامەیە. ژووری نووستنەکان ئەوەند بچووک بوون، جێگەی قەرەوێڵەی تر نەدەبووەوە. بۆیە سەرباز و ئاوات دەبوایە لە سەر دۆشەک و لە سەر زەوی بخەوتنایە. نازە هەموو ڕۆژێ خواردنی بۆ هەموویان ئامادە دەکرد، لەو شوێنانە شتی دەکڕی کە هەرزانن، ئەگینا پارەکەیان بەشی نەدەکردن. نازە فێرببوو دەچووە بازاڕەکەی شارلهۆڵمن، هەر لەوێ شتی دەکڕی. هەڵگرتنی شتەکانیش ماندووی کردبوو. لەسەرەتاوە مێردەکەی لەگەڵی دەچوو، پاشان ئەویش بێزاربوو، ئەوکات نازە داوای لە منداڵەکان دەکرد هەتا لەگەڵی بڕۆن. تەنیا ئاوات و سۆما بە دەنگییەوە دەهاتن و دەچوون تا لە شت هەڵگرتندا یارمەتی بدەن. ئەمە لە کوێ و ژیانی کوردستانیان لە کوێ. لەوێ نازە مەعمیلی خۆیی هەبوو، هەموو ڕۆژێ گۆشتی



بەرخی تازەی بۆ دادەنا، دەچووە لای سەوزە فرۆشەکان، تەنیا ڕێگەی نازەیان دەدا شتەکان هەڵبژێرێ. لەم وڵاتە کەس نازانێ ئەو گۆشتانە هی چین. سەوزەو میوە زۆر گرانن. خواردن لەم وڵاتە تامی هیچی نەدەدا، تەنانەت هێلکەکانیش، ئەی خۆ هێلکەی بەراز نیین. نازە هەموو ڕۆژێ هەر خەریکی پرتە و بۆڵە بوو. ژیانی لەهەموویان تاڵ کردبوو. هەموو ڕۆژێکیش دەیوت ئاڵتونەکانم دەفرۆشم و دەگەڕێینەوە، ئەمە کەی ژیانە. مامەش دەیوت هەرچۆنێ بێت لەوێ باشترە، هیچ نەبێت ترسی ئەوەت نییە، منداڵەکانت بەر بۆمبایەک یان فیشەکێک بکەون. لەوێ پارەش فریات ناکەوێ.

نازە ناچار وردە وردە ڕادەهات و سەرقاڵی ژیان دەبوو. هەموویان دەستیان بە خوێندن کرد بە نازەو مامەشەوە. منداڵەکان بە پێی تەمەنیان لە قوتابخانەی جیاواز دانران، ئەمە سەری لە مامە شێواند، لێرە ئەرکی منداڵ زۆر گرانترە. دەبوایە مامۆستای هەر یەکە لە منداڵەکانی ببینیایەو قسەی لەگەڵیان بکردایە، جا پرسیاری وایان دەکرد مامە هەرنەیدەزانی وەڵامیان بداتەوە، بۆ نموونە چ جۆرە دەرزییەکیان لێدراوە، یان ئایا حەساسیەتیان بەرامبەر شتێک هەیە. مامە دەیوت بەڕاستی ئەمانە شێتن حەقیان چییە بەسەر منداڵەکانی منەوە، یان دەپرسن چی دەخۆن و چی ناخۆن، گەر شەرمم نەکردایە دەمووت وەڵا داروبەرد دەخۆن. سەرباری ئەمەش دەبوایە ڕۆژانی یەکەم لەگەڵ سارا بڕۆشتایە بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوەی تەمەنی لە دە ساڵ کەمتربوو. لە کاتێکدا لەکوردستان هەر نەیدەزانی

قوتابخانەی منداڵەکانی کەوتوونەتە کوێوە و چارەی مامۆستاکانیشی نەدیبوو. نازەش لەگەڵ ژنانی گەڕەک کەوتبووە گەڕان و پێکەوە دەچوونە ئەو دوکانانەی شتەکانیان هەرزان بوون. ئیتر کەوتە شت کڕین، هەر زوو پارەی بە دەستەوە نەدەما، مامە لێی تووڕە دەبوو، هەندێ لە ئاڵتوونەکانی خۆی فرۆشت و بەوە دڵی خۆی خۆشکرد گوایە هەرکە ئیقامەمان وەرگرت، پارەی زیاتر وەردەگرن، هەموویان دەکڕێتەوە. بەردەوامیش بۆڵەی بەسەر مامەدا دەکرد گوایە لەبەر ئاوات و سەرباز پارە بەشیان ناکات. سۆماش پێی وت ئەو پارەیەی وەریدەگرن بەشی ئەوانیشی تێدایە. نازە زۆری پێناخۆش بوو سۆما بەردەوام پشتگیریی لە ئامۆزاکانی دەکات. بەردەوامیش لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتی دەکرد، بەهیچ جۆرێکیش لەگەڵ براکانی خۆیدا نەدەگونجا. نازە لای باوکی شکاتی لێدەکرد و دەیوت ئەم کچەی زمانی زۆر درێژ بووە مەگەر هەر باوکی زمانی ببڕێ. باوکیشی سەیرێکی سۆمای دەکردو دەیوت ئەم کچەی من هێندە زرنگە، پێویستی بەوە نییە من تەمێی بکەم.

بۆ دەبێ گەورە منداڵ عاقڵ بکات، زۆر جار منداڵ لە بیرکردنەوەو لێکدانەوەدا لە گەورە مەنتیقی ترن، پێوەرەکانی ئەوان دوورە لە ڕق و کینە. بۆیە دەبێت بە وردی گوێیان لێبگری تا وەئاگات بێننەوە. کوڕەکەم دەیووت "تۆ کەسێکی گەورەی تۆ خۆت دەبێ بڕیاری خۆت بدەیت، تۆ خۆت باشتر خۆت دەناسی لە خەڵکی تر" من بۆ خۆم دەژیم نەک بۆ دەوروبەرەکەم، من خۆم دەبێت دادگا بۆ خۆم دانێم نەک دەوروبەر، لای ئێمە خۆمان



دوا کەسین بڕیاری چوارچێوەی ژیانمان دەدەین، کەسانی تر لەڕیزدا پێش خودی خۆمان وەستاون و بڕیار بۆ ئێمە دەدەن، ئێمەش ئەوەمان قبووڵە. کەچی کوڕەکەی من بەخەبەرم دێنێتەوەو دەڵێ من دەبێ بڕیاری خۆم بدەم، خۆشم خۆم باشتر دەناسم لە خەڵکی تر. ئەو قسەیە بوومەلەرزەی لە دەروونمدا دروست کرد. زۆر جار دەڵێم خۆزگە جیهان دەدرا بە دەست منداڵەوە، لە پانتایی پاکی خۆیاندا ژیانیان دەکرد بە گوڵستان، بێ شەڕ، بێ لێدان...لێدانم بیر کەوتەوە، ئەو دیمەنەم هەرگیز لەیاد ناچێ... لەم وڵاتەی بە وڵاتی ژنانی ناودەبەن، لە سەر شەقامێکی ئەم شارەدا، ژن و پیاوێک بە دەمەقاڵەو هاوارەوە لە ئوتومبیلێک دابەزین، دەنگیان سەرنجی هەموو خەڵکی ڕاکێشا، هێندەی نەبرد دوو منداڵی شەش حەوت ساڵان لە ئوتومبیلەکە دابەزین و کەوتنە بەینی دایک و باوکەکەوە... دوو کەسی گەورە شەڕ دەکەن و لەیەک دەدەن، دوومنداڵی چاوگەش ناوبژییان دەکەن، لەنێوان هەردووکیاندا وەستاون، داوایان لێدەکەن کۆتایی بە شەڕەکەیان بێنن. چاوەکانیان پڕە لە نزاو توڕەیی. ئەو ساتە جولانەوەی زەوی لای من ڕاوەستا. بیرم بەستی، ئاخۆ کاتێ ئەم مندالانەش گەورە بن و ببنە دایک و باوک، هەر وا منداڵەکانیان ناوبژییان دەکەن؟ حوکمیان بدە بە دەست تا گەورە دەبن، ئەوسا خانەنشینیان بکە. ئەمجارەیان بە دەنگی بەرز وتم وانییە ئاوات خانەنشینیان بکە. ڕاچڵەکی... سەری سوڕما. وابزانم تۆزێکیش ترسا، لەوانەیە وتبێتی ئەم پیرەژنە خەڵەفاوەو من دڵم بە کێ خۆشە چیرۆکی ژیانم بنووسێتەوە. هەستایە سەرپێ و وتی: پورێ، ئەم چەند لاپەڕەت لا بەجێ دەهێڵم چاوێکیان پێدا بخشێنە،

من دەڕۆم . پێش ئەوەی دەرگاکە داخەم، داوام لێکرد ئەمجارە گەر هات سۆما لەگەڵ خۆی بێنێ. ئیتر لای نەکردەوەو ڕۆیشت. نەمزانی خۆی لە داواکەم کەڕکرد یان هەر گوێی لەقسەکەم نەبوو. سەیر ئەوەیە، ئەوە یەکەمین جاریشە پێم دەڵێ پورێ. دەستم کرد بەپێکەنین گەڕامەوە هۆڵەکە، بە مۆمەکانم وت ئەوا پورێ ئەم ئێوارەیە بەبۆنەی ئەوەی بووە بە "پورێ" داتان دەگیرسێنێ. من خۆم دەزانم پورێیەکی پیرو خەڵەفاوم بەڵام پورێکەی ئاوات بە گوێم ئاشنا نەبوو.

**بێ هیوابووم**

ببورن لە ڕاستیدا نازانم ئاوات چی تری بۆم گێڕایەوە، هێندێ جار وەک منداڵ وام، کە کەوتمە جیهانەکەی خۆمەوە ئاگام لە دەوروبەر نامێنێ، مەحاڵە ئاوات جارێکی تر بێتەوە بۆلام، دوا جار بوومە پورێ، دیارە بە پورێیەکی خەڵەفاویشم دادەنێ، ناحەقی ناگرم ئەوە یەکەم جارم نییە وای لێدەکەم. گەر خوا کردی و هاتەوە، بە دزییەوە تەسجیلێ دادەنێم و قسەکانی تۆمار دەکەم. ئاخر ئێستا پاش ئەو ڕستەیەی نووسیومە هیچی ترم بیر نایەتەوە. چوار لاپەڕەی لام داناوە، باوەڕناکەم بەم چوار لاپەڕەیە بتوانم کۆتایی بە چیرۆکەکە بێنم.

*من و سارا لەیەک پۆل دانراین، لەبەر ئەوەی گوایە تەمەنمان لەیەک نزیکە، سارا دە ساڵ بوو، منیش گوایە نۆ ساڵم، نۆ ساڵی چی، سمێڵم خەتی کێشابوو، ئەوانەی لەو پۆلەدا بوون هەموو*



*لەمن بچوکتربوون. کچێکی پۆلۆنی لێبوو تەمەنی نۆ ساڵ بوو، تەنیا ئەو زۆر لەمن درێژتربوو. پۆلەکە پانزە قوتابی بێگانەی تێدابوو، هەموو فێری زمانی سوێدی دەبوون. مامۆستاکەشمان خەڵکی بۆسنیا بوو، ناوی دراگانا بوو، هەروەک بۆی باسکردین تەمەنی پێنج ساڵ بووە لەگەڵ دایک و باوک و براکەی هاتوونەتە سوێد. مامۆستایەکی زۆر میهرەبان و زیرەک دیار بوو، من و سارای لەیەک دوور خستەوە، هەر یەکەمانی لە لایەکی پۆلەکە دانا. وەک بۆ مامەی باسکرد زۆر لەو خوشک وبرایانەی لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتەوە دێن، کوڕەکان دەیانەوێ خوشکەکانیان بەپێی خواستی خۆیان بجوڵێنەوە. هەروا ئەمریان بەسەردا دەکەن، وا دەزانن ئێرەش وەک لای خۆیانە. دووکوڕی کوردی لێبوو هەر زوو بووین بە هاوڕێ، لەهەمان گەڕەک دەژیان، پێکەوە دەهاتین بۆ قوتابخانەو پێکەوەش بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە. ئێواران هەموو دەهاتینە دەرەوە و یاریمان دەکرد. زۆرجار سەربازیشم لەگەڵ خۆم دەبرد، ئەوەی سەربازی ببینیایە خێرا دەیپرسی بۆ چاوی وایە. دایک و باوکەکان زۆر بەزەییان پێدا دەهاتەوە. پاش ماوەیەک مقۆمقۆیەک لەناو دراوسێکاندا بڵاوبوویەوە، زۆربەیان شکیان لەوە هەبوو من و سەرباز منداڵی نازە بین، تەنانەت جارێ گوێم لێبوو ژنێک وتی دەڵێن ئەم و براکەی نەوەی ژنێکی ترن، بەستەزمانانە کەسیش باسی دایکیان ناکات، خۆشیان ناوێرن ڕاستی بدرکێنن. دیارە نازە زڕ دایکیانە. پێیانەوە دیارە بێ دایکن. ئەو ژنە زۆر دڵڕەق دیارە تەنانەت تەنیا جل بۆ منداڵەکانی خۆی دەکڕێ. کەسێ ڕۆژێ نەیبینیوە جل بۆ ئەو دوو بەستەزمانە بکڕێ، دەڵێن هەر باوکیان جلیان بۆ دەکڕێ.*

قوتابخانەی ئێرە زۆر خۆشترە، مامۆستا لێت نادات، لە قوتابخانە نانی نیوەڕۆ دەخۆی، وەرزش دەکەیت، دەرسی وێنەو مۆسیقاو دارتاشی و درووومانت هەیە. دەتوانی لەگەڵ هاوڕێکانت یاری بکەیت. هیوادارم بەم زوانە لانە و دایە و بابە بگەنە ئێرە، دڵنیام لانە ئێرەی زۆر پێخۆش دەبێت. هەر دەبێت بێن بۆ ئێرە. خۆزگە دەمتوانی نامەیان بۆ بنێرم. بەڵێنم بە هاوڕێکانم دابوو نامەیان بۆ بنێرم و باسی ئێرەیان بۆ بکەم. گەر هاوڕێکانم دەزانن قوتابخانەی ئێرە هێندە خۆشە، باڵییان دەگرت و دەهاتن. بەتایبەتی ئارامی هاوڕێم، ڕۆژ نەبوو لێدان نەخوات، هەر جارەو لەسەر شتێ. ئەو ئێوارەیەم لەیاد ناچێت، بە دزی دایەو بابەوە چووە سەربانی ماڵەکەی ئێمە و بە دارلاستیک پەنجەرەکانی ماڵی مامۆستاکەمانی شکاند. منیش ئەمەم پێخۆش بوو، ئەو مامۆستایەم خۆش نەدەویست. ڕۆژ نەبوو چەند قوتابیەک دارکاری نەکا. ئەو ئێوارەیە تا درەنگانێ لە ژوورەکەی خاڵمدا شاردمەوە. تا منداڵی دراوسێکان نەیبینن و شکی ئەوە نەکەن کە ئەو کەتنەکەی داوە.

خاڵە جار جارە تەلەفۆن دەکات، بەڵام قسە لەگەڵ ئێمە ناکات. ئەوە ماوەیەکیشە دایە و بابە هیچ دەنگیان نییە، ناتوانن نامە بنێرن. بەڵێنیان دا پەیوەندیمان پێوە بکەن. ئەو ڕۆژە من و سۆما و سەرباز لە ژێر دارێکدا دانیشتبووین سەیری چۆلەکەکانمان دەکرد، بەڵکو ئەو چۆلەکەیەی لەسەر سنوور بینیمان، ئێستا گەیشتبێتە ئێرە. سەرباز پێکەنینی پێمان دەهات.



من و سۆما زۆر بە جیدی سەیرمان دەکردن، چۆلەکەکان هەموو وەک یەک وابوون، هیچ جیاوازییەکمان تێدا نەدەبینین. سەرباز وتی جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا بەڵام ئێوە بەدی ناکەن. سیروان و شیروان لەیەک ناکەن کەچی مامۆستاکەیان دەڵێت هەردووکیان وەک یەک وان، بۆیە ناتوانم جیایان بکەمەوە، بەڵام من لێکیان جیادەکەمەوە. سۆماش وتی بە چاوتا دیارە. دیاربوو سەرباز دڵگران بوو. منیش خێرا وتم لەم نزیکانە گۆڕەپانێکی تۆپێنی لێیە، دەڵێن چی بچین تۆپێن بکەین،. لەوێ بەردەوام منداڵی لێیەو تۆپێن دەکەن. لەوەش مەترسن کە ڕێگامان نەدەن لەگەڵیاندا یاری بکەین. دەتوانین پرسیان پێبکەین. لەو باوەڕەشدام ڕازی دەبن بچینە ناو یارییەکەوە. سەرباز سەیرێکی سۆمای کرد. بە سەربازم وت لێرە کچیش یاری تۆپێن دەکات. سۆما زمانێکی لە سەرباز دەرهێناو ئەویش پاڵێکی پێوە نا. دەستمان کرد بە پێکەنیین و پێکەوە بەرەو گۆڕەپانەکە ڕۆیشتین، لەوێ دوو تیپ یارییان دەکرد، چوومە لای یەکێ لە کوڕەکان و لێم پرسی گەر ڕێگەمان بدەن یاری بکەین، ئەویش دەستی بۆ کاپتن ڕاکێشا. منیش چوومە لای و پرسیارم لێکرد، سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: چاوەڕوان بن بە سەرە دەتوانن بچنە ناو یارییەکەوە. زۆر دڵم خۆشبوو لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر کەم بوو لە قوتابخانە دەمخوێند بەڵام زوو فێری شتەکان بووم. سەرە هاتە سەرمان یەکسەر سەربازم ناردە ناو یارییەکەوە، کاپتنەکە سەیری لێهات. سەرباز کەوتە یاری وەک فیشەک لەم سەر بۆ ئەوسەری گۆڕەپانەکە ڕایدەکرد. سەریان سوڕما، خێرا سێ گۆڵی کرد. کاپتنەکەش سەیرێکی منی کرد پەنجە گەورەکەی بەرزکردەوە.

*من و سۆما  دڵمان خۆش بوو. سەربازیش وەک موقناتیس لە تۆپەکە نەدەبووەوە نەیدەدا بەکەس. پاش یارییەکە کاپتنەکە هاتە لامانەوە و هەندێ پرسیاری لێکردین، من هەمووی تێنەگەیشتم دوایی بە ئینگلیزی قسەمان کرد و داوای لێکردین هەموو ڕۆژانێکی چوارشەممە بچین بۆ ئەو شوێنە بۆ یاریکردن.*

ئەمە پوختەی دوو لاپەڕەی یاداشتەکەی ئاوات بوو، ڕاستە زۆر شتم لێپەڕاند، دەبێ دوایی پرس بەخۆی بکەم. هەندێ پرسیاری تریشی لێبکەم. گەر ئەم نووسراوە ببێتە چیرۆکێ دەبێ پوخت و ڕەوان بێت. هێندە باسی ماڵی مامی و مامۆژنی نەکات. ئەی چۆن فێری ئینگلیزی بووە؟ پێش ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەم دەبێت، ئەو دوو لاپەڕەکەی تر بخوێنمەوە. ژمارەی تەلەفۆنەکەیم لایە. خۆی وەڵامی دایەوە، بە سەرسوڕمانێکەوە وتی: چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد تەلەفۆن بکەی. ببوورە ئەم ماوەیە پەیوەندیم پێوە نەکردی چونکە سەربازی برام لە نەخۆشخانەبوو، حەزم دەکرد لەگەڵی بمێنمەوە. چوار لاپەڕەکەت خوێندەوە؟ پاشتر تەلەفۆنت بۆ دەکەم لەسەر کاتێ ڕێک دەکەوین. ئەم کوڕە بەڕاستی سەیرە، ئەڵێی کۆنە کادیرە حزبییەکانە، هیچ شتێکت نادا بەدەستەوە. باسی ئەوەی نەکرد بۆ سەرباز لە نەخۆشخانەیە، چ نەخۆشییەکی هەیە. مینتاڵیتێتی لە سوێدی دەکات، کاتێ لە نزیکتەوەیە زۆر بە خۆشەویستییەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکات، کەچی هەر چووە پشت دەرگاکەوە هەر ناتناسێ. ئەم ئاواتەش منی خەریک کردووە بە کۆمەڵێ ڕووداوەوە، هەموو کات بیرم لای ئەم دوو کوڕەیە. لای دایک و باوکیانە، لای لانەیە. هەندێ جاریش وا هەست دەکەم کە



باش دەیان ناسم. دایکی وەک هەموو دایکەکانە. ئەمیش لە نووسراوەکانیدا زیاتر باسی دایکی دەکات، زیاتر هانا بۆ دایکی دەبات. سەر لەم نهێنیەش دەرناکەم.

*دایە گیان، دەزانی زۆر بیرتان دەکەم، بیری بابەو لانە دەکەم. سەرباز باشە بەڵام لە مامۆژنە نازە زۆر بێزارە. ئەو زۆر خراپە لەگەڵمان. لە خانوویەکی بچکۆلانەداین، من و سەرباز لەگەڵ سیروان وشیروان لەیەک ژووردا دەخەوین، لەمەکتەب باشم، مامۆستاکەم دەڵێ زوو فێری سوێدی بووی. ئێستا من لە سوێدیدا لەهەموویان باشترم، دەتوانم بخوێنمەوەو بنووسم، یارمەتی مامەو مامۆژنیشم دەدەم، ئەوان هێشتا سوێدی ناخوێنن. ئەو ئینگلیزییەی  تۆ فێرت کردین زۆر بەکەڵکم هات چونکە زمانەکەیان نزیکە لە ئینگلیزییەوە. مامۆستاکەم زۆر باشە، منی خۆش دەوێت و ئەو خەڵکی سوێد نییە. بەڵام سوێدییەکەی زۆر باشە منیش حەز دەکەم وەک ئەو فێری سوێدی ببم. سەرباز هەروەک جاران زۆر حەزی لەمەکتەب نییە، لەبەرئەوەی تەمەنی کراوە بە چواردە ساڵ لە پۆلی هەشت دایانناوە واتە دووی ناوەندی. وابزانم هەندێ منداڵیش گاڵتەی پێدەکەن لەبەر چاوی، هەر بۆیە زۆر حەز ناکات بچێتە مەکتەب. لەم ماوەیەدا گۆڕەپانێکی تۆپێنمان دۆزیوەتەوە  جار جارە دەچین تۆپانێی لێدەکەین.  چاوەڕوانی ئەو چۆلەکەیەم تا ڕاسپاردەی تۆمان بۆ بهێنێ، سەربازیش دەڵێ ئەوەندە کەر مەبە دایە گاڵتەی لەگەڵ کردین. لەگەڵ سۆما دەچینە دەرەوەو پێکەوە یاری دەکەین هەندێ جار سەربازیش لەگەڵمان دەبێت. ئەو زۆر بێ دەنگە و*

*وەک جاران قسە ناکات. ئەمڕۆ زۆر بێزارم، دەمەوێ بگریم. مامۆژنە نازە لە سەرباز تووڕە بوو. دەیوت نازانم کەی لەمانە ڕزگارم دەبێت، ئەو منداڵەکانی خۆی لابووە بەبار. من لێتان تووڕەم وا ئێمەتان ناردە دەرەوە، خۆشتان هەر نەهاتن، خاڵیشم هەرگیز قسە لەگەڵ ئێمە ناکات، ئەمجارە گەر تەلەفۆن بکات بەمامە دەڵێم ڕێگام بدات قسەی لەگەڵ بکەم. دایە گیان زۆر بیرتان دەکەم. گەر بمتوانیایە دەگەڕامەوە لاتان. سەربازیش هەروا بیرتان دەکات. دوێنێ ئێوارە پێکەوە لای باخچەیەکی نزیک ماڵەکەمان دانیشتبووین، قسەمان دەکرد، باسی ئێوەمان دەکرد، ئەو دەیوت خەتای من بوو نەتهێشت لە تورکیاوە بگەڕێینەوە. ئەگینا ئێستا لای دایەو بابەو لانە بووین. بۆم باسنەکردی پلانمان دانابوو لە تورکیاوە بە پێ بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. پلانەکەمان سەری نەگرت و منیش تێر شەق کرام.*

*ئێرە زۆر ساردە، بە زستان بەفر دەبارێ، زۆر جار سەرمامان دەبێت، ئەو جلانەی مامۆژنە نازە بۆی کڕیوین هێندە گەرم نین. سیروان و شیروان بۆ خۆیان بە تەنیا یاری دەکەن. ساراش زیاتر بە دوای دایکیەوەیە. مامەم زۆر جار دەچێتە دەرەوەو ئێواران دێتەوە، دەچێتە ئەو شوێنانەی کوردەکانی لێ دەژین. مامۆژنە نازەشم کۆمەڵی ژنی دۆزیوەتەوە لەگەڵیان دەچێتە بازاڕو شت دەکڕێ. ئێمە ئەوەندە ناچینە دەرەوە، بەڵام باشە لێرە مامۆستاکەمان دەمانباتە دەرەوە. هەفتەی ڕابردوو سەرباز لەگەڵ پۆلەکەیدا چوونە شوێنێکی خۆش. ئێمەش تا ئێستا بۆ چەند شوێنێک چووین. بازاڕەکانیان زۆر خۆشە، هێشتا*



*بووکەکەشم بۆ لانە نەکڕیوە چونکە پارەم نییە. نازانم کەی پارەم دەبێ. خۆ بۆشی بکڕم کەس نییە بۆی بهێنێتەوە. دەڵێن لێرە منداڵ مانگانەی هەیە، ئەوەش دەدرێتە دایک و باوک، جا ئێوەش لێرە نیین بۆیە مامەم وەریدەگرێ. مامەم زۆر بێزارەو هەر جگەرە دەکێشێ. مامۆژنە نازەم دەڵێ ئێرە خۆشترە و کاتێ ئیقامەشی وەرگرت دەچێتە مەکتەب و خۆی فێری سوێدی دەکات و دەبێتە مامۆستای منداڵان. گەر ئێوە هاتن پێویست بەوە ناکات بخوێنن، لەسەرەتاوە دەبێت فێری سوێدی ببن، پاشان دەتوانن وەک مامۆستا کاربکەن. زۆر بیرتان دەکەم، هەموو شەوێکیش خەونتان پێوە دەبینم.*

هەر تۆ نیت بیری دایکت و باوکت دەکەیت و خەونیان پێوە دەبینی. منیش زۆر بیری کوڕەکەم دەکەم و هەموو شەوێ خەونی پێوە دەبینم، نامەوێ بەیانییان خەبەرم بێتەوە. کاتێ خەبەرم دەبێتەوە، ئەو کاتە دەزانم ئەو کۆچی کردووەو منیشی بەتەنیا بەجێهێشتووە. دەمەوێ پێوەرێ بدۆزمەوە ئەو ماوانە کورت بکاتەوە و کات بوونی نەبێ، بۆ ئەوەی هەر کاتێ بمەوێ بەرەو لای ئەو بڕۆم. ئەوجا منیش لێی دەپرسم بۆچی وا پەلەی بوو، زوو بەجێیهێشتین. ئەو دەیوت دایەی زۆر خۆش دەوێ، ئەی بۆچی وا زوو ڕۆیشت. لەو نامەیەی بۆی بەجێهێشتبووم نووسیبووی من یەکێکم لە دایکە هەرە باشەکانی جیهان. بۆیە دەمەوێ زوو بچمە لای، لێی بپرسم گەر وایە بۆ پرسی بەمن نەکرد، ئەو نەیدەزانی منیش ئەوم زۆر خۆشدەوێت، کۆچی ئەو برینێکی هەتاهەتایی لە دەروونمدا بەجێهێشتووە. مەگەر کە

چوومە ئەو دیو ئەو برینە سارێژبێ. دڵم بەیەک شت خۆشە، دەڵێن پاش چەند ساڵێکی تر مرۆڤی ئەم دنیایە دەتوانێ پەیوەندی بە ڕۆحەکانی ئەودیوەوە بکات، ئەوسا مرۆڤ لەکاتی جێگۆڕکێدا هێندە ئازار ناچێژێ و ئەوەندەش کاتی ناوێ تا بگەن بەیەکتری. هەورەکان مرۆڤەکان دەگوێزنەوە، خۆریش بەرگی ڕووناکیان بۆ دروست دەکات. تا لەکاتی پەڕینەوە، لەو تاریکییەوە بەرەو ئەو دیو، چاوەکانیان تووشی شەوکوێری نەبن. دەڵێن ئەوانەی ئەودیو هەموو یەکترییان خۆش دەوێت، بەوە دڵم زۆر خۆشە. فریا نەکەوتم بەرگی ئاوریشمی خۆشەویستی بۆ بچنم، بەڵکو لەوێ دایە گەورە فریای بکەوێ. کە ڕۆیشتیشم کەرەستەکانی ڕاهێنانیشی بۆ دەبەم، خۆی بیری چوو بیبات. ئەو شتانەی زۆر خۆشدەویستن. هەموو هەفتەیەک کە ژوورەکەی خۆی پاکدەکردەوە، هەموو ئەو ئامێرانەی لە ژێر قەرەوێڵەکەی دەردەهێناو دەیسڕین و دەیخستنەوە شوێنی خۆیان. ئەو پشتوێنانەی وەری گرتبوون، شوێنی تایبەتی خۆیانیان هەبوو، بڕوانامەکانیشی لە ژوورەکەی خۆیدا هەڵواسیبوون. داوای لێدەکردین لە کاتی تەمریندا وێنەی بگرین تا کە گەورە دەبێ و دەبێتە یاریکەرێکی جیهانی، ئەو وێنانەی منداڵیی نیشان بدرێ. جا من ئێستا نازانم ئەم وێنانە چی لێبکەم، ئەوەندەش زۆرن ناتوانم لەگەڵ خۆمدا بۆی بەرم.



## شەڕە بەفر

دەتەوێ باسی شتێکت بۆ بکەم لەژیانمدا ڕووی داوە و هەرگیز لەیادم ناچێ. ئەم داوایەت وەک ناونیشانی داڕشتنی تاقیکردنەوەکان وایە. لێرە ئەمە بۆمن هێندە گرنگ نییە. شت ئەوەندە زۆرن، نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم. مێشکم هێندە پڕە لەو بەسەرهاتانە، نازانم کەی هەست بەئارامی و هێمنی دەکەم. کاتێ بیر لەخۆم دەکەمەوە وا دەزانم پیاوێکی هەشتا ساڵم. ئەمە تەنیا هەستی خۆم نییە، بەڵکو بۆچوونی هەموو ئەوانەیە پەیوەندییان لەگەڵمدا هەیە. تەنانەت سیکۆلۆگەکەم هەموو جارێ دەڵێ دەبێ هەوڵ بدەیت وەک کوڕێکی گەنج بیر کەیتەوە و بژیت. خەمت نەبێت فریا دەکەویت وەک پیرێک بژیت و هەڵسوکەوت بکەیت.

سەری ساڵ بوو، ماوەیەکی زۆر بوو هیچ هەواڵێکی دایک و باوکمان نەدەزانی. من و سەرباز زۆر نیگەران بووین. هەموو شەوێ هەردووکمان بە دزییەوە دەگریاین، گوێمان لە هەنسکی یەکتر دەبوو، بە هێواشی لێفەکەمان لەسەر یەکترلادەدا و باوەشمان بەیەکتردا دەکرد. خاڵیشم زووزوو تەلەفۆنی بۆ دەکردین و دەیوت بەمزوانە دەگەن پێمان، ئێستا بە ڕێگەوەن. مانگ و دوو مانگ تێپەڕی و هیچ هەواڵێکمان نەدەزانی. شەوێکیان گوێم لێبوو مامەم بە مامۆژنی وت گوایە بیستوویەتی دایە و بابە لە خانووەکەدا نەماوون و کەس نازانێ بۆ کوێ چوون. ئەمەش زیاتر نیگەران و پەستی کردم. هەموو ڕۆژێ

ڕێگەی قوتابخانەم درێژ دەکردەوە، تا چۆلەکەیەک ببینم و هەواڵی دایەو بابەی لێ بپرسم. زستانی ئێرەش هێندە سارده بە زەحمەت باڵندە دەبینی، هەموو ڕۆژێ هیوام بەوەبوو کە سبەی ئەو چۆلەکەیە ببینم. لەبەر خۆشمەوە دەموت ئاوات بەس خۆت هەڵخەڵەتێنە، تۆ ئێستا گەورە بووی، کاتی ژنهێنانتە.

ڕۆژێک دراگانا داوای لێکردین بەبۆنەی سەری ساڵەوە نامەیەک بۆ بابە نوئێل بنووسین، داوای لێبکەین ئاواتێکمان بۆ بهێنێتەدی. منیش لەنامەکەدا نووسیم دەمەوێ بابە نوئێل یارمەتیم بدات تا لانە و دایە وبابە ببینم. هەر کە نامەکەم دا بە دراگانا خۆمم بۆ نەگیرا دەستم کرد بە گریان. ئەویش منی بردە دەرەوە و بە هێمنی پرسیاری لێکردم. منیش وتم بیری دایکم و باوکم دەکەم. وتی گەر هێندە بیریان دەکەیت دەتوانین تەلەفۆنیان بۆ بکەین تا بێن بەدواتا. منیش وتم دایکم و باوکم لێرە نین. دراگانا هەر زوو لەمەبەستەکەی من گەیشت، سەرێکی ڕاوەشاندو باوەشی پێمدا کرد و وتی هەستم بە شتێکی وا دەکرد. ئێتر هەموو شتەکانم بۆ گێڕایەوە، داوام لێیکرد بە کەس نەڵێ. لەو کاتەوە دراگانا بووە پورێکی دلسۆز بۆ من و سەرباز. هەتا دەهات زیاتر لێمانەوە نزیک دەبووەوە، دەمانتوانی بەبێ ترس هەموو شتێکی بۆ باسبکەین.

شەوی سەری ساڵ بوو، بەفرێکی زۆر باریبوو. من و سەرباز و سۆما چوینە دەرەوە، لەبەردەمی ماڵەکەدا دەستمان کرد بە شەڕەبەفر، سۆما تۆپەڵە بەفرێکی بۆمن هەڵدا و بەر دەمووچاوی



سەرباز کەوت، دیاربوو ئازاری پێگەیاند، یەکسەر دەستی بە چاوییەوە گرت و دەستی کرد بە گریان. دەرکەوت بەردێک لەناو تۆپەڵە بەفرەکەدا بووە. من و سۆما زۆر ترساین و بەرەو سەرباز ڕۆیشتین. بەردی ناو بەفرەکەمان دۆزییەوە. بەردێکی زۆر جوان بوو. بەردەکەی خۆمانمان بیر کەوتەوە. هەردووکمان لەیەک کاتدا هاوارمان کرد، بەردەکەی خۆمان، بەردەکەی سەر سنوور. پێکەوە ڕامان کرد بۆ ماڵەوە و سەربازیش بەدواماندا هات. چوینە ژوورەوە مامۆژنم پێش هەموو شتێ لێمان تووڕە بوو لەبەرئەوەی شەڕەبەفرمان کردووەو بەفرمان هێناوەتە ژوورەوە. ئێمەش هێندە گوێمان نەدەدایە تووڕەبوونەکانی، چونکە لەگەڵیدا ڕاهاتبووین. هەریەک بۆ ژووری خۆی، گەڕاین من بەردەکەی خۆمم دۆزییەوە، بەڵام سۆما بەردەکەی نەدۆزییەوە. قسەکەی دراگانام بیرکەوتەوە وتی نامەیەک بۆ بابە نۆێیل بنووسن و داوای شتێکی لێ بکەن. منیش بەردەکەم خستە دەستمەوە و لە سەر جێگەکەم پاڵ کەوتم و چاوم نوقاند، داوام لە بابە نۆێیل کرد ئەم بەردە بکاتە شاشەی تەلەفزیۆنێک و دایک و باوکم پیشان بدات. نازانم ئەو چاو نوقاندنەم چەندی پێچوو، وا هەستم کرد سەفەرێکی دوورودرێژم کرد. گەڕامەوە کوردستان، خانووەکەمان لەشوێنی خۆی نەمابوو، ڕوخێنرابوو، کەسێکم نەبینی ناسیاوبێ. دووکانی سەر کۆلانەکەش لە شوێنی خۆی نەمابوو. ماڵی مامم خەڵکی تری تێدابوو. شار شێوابوو، خەڵکەکان هەموو بەیەک نامۆبوون و هەردەهاتن و دەچوون بێ ئەوەی کەس تەماشای ئەوی تر بکات یان هەست بکات خەڵکی تر لە دەوروبەریان هەن. حەزم دەکرد بچمە قوتابخانەکەم، هیچ

منداڵێکم تێدا بەدی نەدەکرد، تەنیا گەورەکان مابوون و هەموو جلی خاکییان لەبەردابوو. ویستم قوتابخانەکە جێهێڵم تەقەیەکیان لێکردم. چاوم کردەوە تیشکی مانگ ژوورەکەی ڕووناک کردبووەوە. وتم بەردەکە، با تیشکی مانگ ببێت بە کارەبا و تۆش ببە بە تەلەفزیۆن. چاوم نوقاند و دووبارەم دەکردەوە، هیچ ڕووی نەدا، هێندەی نەبرد سەرباز هاتە ژوورەوە، پێکەوە لەسەر جێگەکە پاڵکەوتیین. باسی دایەو بابە و لانەمان دەکرد. تائەو کاتە سەرباز گلەیی ئەوەی لێدەکردم لە تورکیا نەمهێشت بگەڕێینەوە. دەیوت گەر برۆشتینایە ئەوا ئێستا لەگەڵ دایەو بابە دەبووین. نە چووین بۆ لای خاڵۆم و نە نەشتەرگەریی چاوی من کرا. دەزانی چەند بێزاربووم لە مامۆژنم، هەندێ جار حەز دەکەم بیکوژم. دەزانی بیر لەوە دەکەمەوە بچم بۆ پۆلیس و هەموو شتێکیان بۆ باسبکەم. سوێدییەکەم هێندە باش نییە، داوای یارمەتی لە زەیدی برادەرم دەکەم. هەرچۆنێ بێ سەربازم هێمن کردەوە و داوام لێکرد بیر لە شتی وانەکاتەوە. سەرباز خەوی لێکەوت. منیش لەپەنجەرەکەوە سەیری تیشکی مانگم کرد، لەناو مانگدا دەمووچاوێکم بەدی کرد پێدەکەنی، ویستم سەرباز خەبەر بکەمەوە، لەو کاتەدا سۆما هاتە ژوورەوە. بە هێواشی بانگم کرد و مانگم نیشان دا، ئەویش هەمان دەمووچاوی بینی. وتم ئەوە دەموچاوی دایکمە. سەیری بەردەکەم کرد بینیم هەمان دەموچاوی لەسەرە، لاڵ بووم، بە ئیشارەت نیشانی سۆمام دا. ویستی دایک وباوکی بانگ بکات نەمهێشت. هەردووکمان دانیشتین و سەیری بەردەکەمان دەکرد، هێندەی نەبرد وێنەکە ڕوونتر و ڕوونتر بووەوە، دایکم بوو، ناسیمەوە کراسەکەیم



ناسییەوە، چونکە ئەو کاتەی لە سنوور جیابووینەوە هەمان کراسی لەبەردابوو.

هێندەی نەبرد لانەش دەرکەوت، لانە گەورە بوو بوو، چاوەڕوانم دەکرد باوکیشم دەرکەوێ، هەر دەرنەدەکەوت ... چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک، سۆماش دڵخۆشی دەدامەوە. لەناکاوا شیروان و سیروان وەک شێت خۆیان کرد بەژووردا و وێنەکانی سەربەردەکە ون بوون. لەگەڵ ئەوەی فرمێسک بە چاوەکانمدا دەهاتنە خوارەوە کەچی هەستم بە ئارامییەکی زۆر دەکرد. هیوام پەیداکرد لە ڕێگەی ئەو بەردەوە دەتوانین بزانین دایە و بابە لە کوێن و چییان بەسەرهاتووە. ئەو ئێوارەیە یەکەمین ئێوارەبوو بەبێ بیرکردنەوە ماچێکی سۆمام کرد. ئەویش سەری سوڕما نەیزانی چی بڵێت. پێمووت سوپاس! ئەوە پێشنیاری تۆ بوو، ئەو بەردە لەگەڵ خۆمان بێنین. سۆما سووربووەوە و دەستی کرد بە پێکەنین و چووە دەرەوە.

قسەکەم بە ئاوات بڕی، لێم پرسی گەر ئەو بەردەکەی مابێ.

بەردەکەم ماوە، بەڵام وێنەی کەسی تێدا بەدی ناکەم، هەرچەندە ئێستا بەلامەوە گرنگ نییە وێنە دەرکەوێت. دەتەوێ جاری داهاتوو بۆتی بێنم؟

خەریک بوو لە خۆشیاندا شاگەشکە بم. بەردەکەی لێوەردەگرم، هەرکە مانگی چواردە دەرکەوت بە درێژایی شەو لەبەردەم تیشکی مانگدا دادەنیشم و بەردەکەش لەبەردەم خۆمدا دادەنێم. داوا دەکەم کوڕەکەمی تێدا دەرکەوێت. تا بزانم چەند گەورە بووە، ڕیش و سمێڵی تاشیووە، چەند باڵای بەرزبووە.

حەزی لەچ کچێک کردووە. ئۆی چەند خۆش دەبێت گەر بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم و ئەویش وەڵامم بداتەوە، پێش هەموو شتێ لێی دەپرسم لێم زیز نەبووە. ئەو ڕۆژە بەتەنیا جێمهێشت، یان پەلەم بوو فریا نەکەوتم بۆ دواجار باوەشێکی پێدا بکەم. هەرچەند شەوی پێش کۆچەکەی لە باوەشمدا دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر سنگم و سەیری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنمان دەکرد، دیارە خۆی دەیزانی ئەمجارەیان ئامێزم دەبێت بە دوا ئارامگای خۆشەویستیی. لەباوەشمدا بوو چاوەکانیم نەدەبینی، دیارە خۆی نەیدەویست چاوەکانی ببینم نەکا ئەو بڕیارەی تێدا بەدی بکەم. ئاوات وەئاگای هێنامەوە. دیار بوو زۆر خەمگین بوو، هەندێ جار دەمووچاوی وا دەگۆڕا، بە زەحمەت چاوەکانیم دەناسییەوە، وەک پیاوێکی بەتەمەن، خەمی هەموو سەرزەمینی بەسەرشانەوە بێت وابوو. داوای لێبوردنی کرد و چەند لاپەڕەیەکی تری یاداشتنامەکەی بۆم بەجێهێشت وماڵئاوایی کرد. تێنەدەگەیشتم ئەم کوڕە بۆ واماتە، سەیر ئەوەیە تا ئێستا باسی ئەوە ناکات دایک و باوکی لێرەن، تەنیا جارێ باسی لانەی خوشکی کرد. کاتێ تەلەفۆنیش دەکەم هەر خۆی هەڵیدەگرێ. لەوانەیە خۆی بە تەنیا بژی. حەزیش ناکەم پرسیاری لێبکەم ، گەر خۆی بیەوێ بۆم باس دەکات. بیرم کەوتەوە، باشترە ئەو نامەیەی، جاری پێشوو دایپێم بیخوێنمەوە، لەوانەیە لەوێدا زۆر شتی تێدا بێت، هەرچەند وتی نەی توانی ئەو نامەیە بگەیەنێتە دەستی دایکی. ئەم قسەیە ئەوە دەردەخات دایکی تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئێرە، ئەگینا وای نەدەوت.



*دایکی خۆشەویستم.*

*ئەوە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەو چۆلەکەیە دەکەم تۆ باستکرد، تا ئێستا چۆلەکەیەکی لەو شێوەیەم لێرە نەدیووە. زۆر تورەم لە تۆ و بابە، بەڵێنتان پێدابن بە زووترین کات نامەمان بۆ بنێرن کەچی ئەوا زیاتر لە حەوت مانگ تێپەڕی ئێوە هیچ هەواڵێکتان نییە، دوا جار بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵم کرد و وتت جاری داهاتوو بابەش قسەمان لەگەڵ دەکات کەچی نەخۆت و نە بابەو نە لانە دەنگتان نەماوە. تەنیا خاڵە تەلەفۆنمان بۆ دەکات. بە نیازە لەم ماوەیەدا بێت بۆلامان، من و سەرباز دەمانەوێ لەگەڵ ئەودا بڕۆین بۆ لەندەن. سەرباز لێرە زۆر بێزارە، منداڵەکانی قوتابخانە گاڵتەی پێدەکەن، لە ماڵەوەش سیروان و شیروان گاڵتەی پێدەکەن. نایەوێ بچێتەوە بۆ قوتابخانە. تا ئێستاش مامەم باسی نەشتەرگەریی چاوی لەگەڵ کەسدا نەکردووە. چەند جارێکیش بیرم خستووەتەوە، کەچی دەڵێ تا ئیقامەمان بۆ دەرنەچێ هیچمان بۆ ناکەن. من مامۆستایەکم هەیە زۆر باشە. باسی سەربازم بۆ کردووە، ئەو بەڵێنی داوە پێم تەلەفۆن بۆ قوتابخانەکەی بکات و قسە لەگەڵ مامۆستاکانیدا بکات. من هەموو شتێکم بۆ ئەم مامۆستایە باسکردووە، ژنێکی زۆر باشە. سەرباز هێندە گوێ ناداتە خوێندن، زۆر تووڕەشە، مامۆژنم زۆر لێی تووڕە دەبێت ، منداڵەکانیش هەندێ جار پێی دەڵێن کوێرە. من و سۆما لێیان تووڕە دەبین، هانی سۆما دەدەم لێیان بدات. منیش لەگەڵ ئەودا چەند شەقێکی باشم لە سیروان وشیروان دا و تۆزێ دڵم ڕەحەت بوو. سۆما زۆر باشە لەگەڵماندا، زۆر جار من و سەرباز و سۆما دەچینە دەرەوەو تۆپانێ دەکەین.*

*گۆڕەپانێکمان دۆزیوەتەوە، دەچین لەوێ تۆپانێ دەکەین. سەرباز تەنیا دڵی بەوە خۆشە. ڕۆژانی چوارشەممە گروپێکی تۆپێنی لێیە. چەند جارێک یاریمان لەگەڵیاندا کردووە. سەرباز جارێ بووە گۆڵچی، کەس نەیتوانی گۆڵی لێبکات، ئیتر ڕاهێنەرەکە وتی دەتوانن هەموو جارێ بێن لەگەڵماندا یاری بکەن، تۆپ و جلی تایبەتیمان دەدەنێ. بە سۆماشی وت  دەتوانێ لەگەڵ گروپی کچاندا تۆپێن بکات. مامۆژنم ڕێگای نەدا، گوایە عەیبە کچ یاری تۆپێن بکات.*

هێندەی نەبرد ئاوات بووە هاوڕێیەکی نزیکی کوڕی ڕاهێنەرەکە، ئەو کوڕە ناوی مارکۆس بوو، تەمەنی دوانزە ساڵ بوو، پێکەوە دەچوون بۆ تۆپانێ و سۆما و سەربازیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. مارکۆس لەگەڵ دایک و باوک و برا گەورەکەیدا دەژیا. ماڵەکەیان نزیکی شەقامی ئەلکترەڤێگن بوو. دایکی مارکۆس پزیشک بوو، باوکیشی مامۆستای وەرزش بوو، سەرپەرشتی تیپی تۆپانێی منداڵانی دەکرد، ئەم تیپە لەسەر ئاستی وڵاتاندا یارییان دەکرد. چەند جارێ مارکۆس ئاواتی دەبردە ماڵەوە، لەوێ پێکەوە دەمانەوە، مارکۆسیش هەستی بەتەنیایی دەکرد، دایک و باوکی درەنگ دەهاتنە ماڵەوە و زۆربەی کات تا برا گەورەکەی دەهاتەوە ئەم بە تەنیا لە ماڵەوە دەمایەوە. هەربۆیەش دایک و باوکی حەزیان دەکرد ئاوات زوو زووبێت بۆلای. ئەمە جگە لەوەی هەستیان دەکرد  ئەو کوڕێکی ڕێک و پێکە.  ئەو ڕۆژانەی  ئاوات دەچوو بۆ لای مارکۆس سەرباز هەستی بە تەنیایی دەکرد، بۆیە ئەویش  سەرنەدانەکانی



کەمترکردەوە و پاشتریش سەربازی دەبرد لەگەڵ خۆیدا. ئیتر هەرسێکیان پێکەوە یارییان دەکرد. ماڵەکەیان گەورەو خۆش بوو، مارکۆس ژوورێکی گەورەی هەبوو، تەلەفزیۆنی لێبوو، زۆر کەناڵی سپۆرتیان هەبوو، سەرباز دڵی بەمە خۆش بوو، هەردەهاتە ئەوێ، سەیری تۆپانێی دەکرد، ئاوات و مارکوسیش یاری خۆیان دەکرد. دایکی مارکۆس خەڵکی شیللی بوو، حەزی دەکرد کوڕەکەی لەگەڵ منداڵانی بێگانە تێکەڵاوبێت، زۆرجاریش خواردنی بۆ ئامادە دەکردن، گەر بۆ شوێنێکیش بڕۆیشتنایە ئەوانیشی لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. هەستیشی دەکرد ئەم منداڵانە لەماڵی خۆیاندا هەست بەنامۆیی دەکەن. مارکۆسیش ئەوەی بۆ باسکردبوو، کە ئاوات دایکی خۆشناوێ، بۆیە شکی ئەوەی دەکرد ئەو ژنە  زڕدایکیان بێت. خۆشی هەموو تەمەنی گەنجایەتی لەگەڵ زڕدایکدا بردووەتە سەر. هەندێ جاریش  جلی مارکۆس بچووک دەبووەوە دەیدا بەوان، هەرچەندە نازە جلەکانی لەوان وەردەگرت و دەیدا بە کوڕەکانی خۆی،  دایکی مارکۆسیش بەمە تووڕە دەبوو.

ئەو پرسیارەی لەلای دایکی مارکۆس وەڵامی نەبوو، گۆمی شڵەقاندو  نهێنییەکی ئاشکرا کرد. دەمێک بوو دەیوست بزانێ چاوی سەرباز بۆ وای لێهاتووە. هەر کاتێ دەیوست ئەم پرسیارە لە ئاوات بکات پەشیمان دەبووەوە. دەترسا هەستیان بریندار بکات. لەهەمان کاتیشدا دەبوایە وەڵامی ئەم پرسیارەی بزانیایە، ئەو بە نیاز بوو یارمەتیان بدات لە دیاریکردنی کات و شوێن بۆ نەشتەرگەریی چاوی سەرباز. ئەو وەک پزیشکێ لەوە گەیشتبوو، چاوی لە ئەنجامی ڕووداوێکدا وای لێهاتووە، چ

ڕووداوێک؟ وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدەزانی. وەڵامی ئەم پرسیارەش لەهەمان کاتدا دەرگایەکی ڕووناکی لەبەردەم ئاوات و سەربازدا کردەوە، ماڵی مارکۆس بووە تاقە شوێنێک، تێیدا هەستیان بە ئارامی دەکرد، دایکی مارکۆس بەڵێنی بە سەرباز دا کار بکات بۆ ڕێکخستنی نەشتەرگەریی بۆ چاوی، هەروا هەوڵی دەدا دایکی و باوکی بگەیەنێتە سوێد، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هیوای خستە دڵیانەوە. سەرباز بەگەرمیەوە یاری دەکرد و کەسیش نەیدەتوانێ گوڵی لێبکات. دایکی مارکۆس و دراگانا بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئەو دوو کوڕە لەو ماڵە دەرکەن، تاقە ڕێگایەک ئەوەبوو ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەن، سەرباز و ئاواتیش نەیاندەویست بەم کارە گرفت بۆ ماڵی مامییان دروست بکەن ئەگینا باوکیان لێیان خۆش نابێ.

## ماوەیەک لە بێدەنگی

هەر کە زەنگی تەلەفۆن لێیدەدا ڕادەچڵەکیم. چاوەڕوانم دەکرد ئاوات پەیوەندیم پێوە بکات. ماوەیەک بوو بێدەنگ بوو، تەنانەت تەلەفۆنیشی نەدەکرد. بە تەلەفۆنەکانی ئەویش ڕاهاتبووم. تەلەفۆنی دەکرد و بەدەنگە نەرمەکەی هەندێ شتی بۆ باسدەکردم، دڵم دەکرایەوە. ترسی ئەوەم هەبوو ئەویش وەک کوڕەکەم خۆی ونبکات. کاتێ ئەو لای من بوو، بەبێ ئەوەی سەیری کات بکەم دەمزانی کەی تەلەفۆنم بۆ دەکات، هەموو ڕۆژێ کاتی نانی نیوەڕۆ تەلەفۆنێکی بۆ دەکردم دەمپرسی لەکوێی کوڕم؟ دەیوت پیاسە دەکەم. بەتەنیا؟ . ئا کوڕەکان



چوون نان بخۆن. ئەی تۆ بۆ نەڕۆیشتی؟ جارێ برسیم نەبووە. ئەی کەی نان دەخۆی؟ پاش سەعاتێکی تر. خواردنەکەت بەدڵە؟ ئا دەتوانم بیخۆم. گەر بەدڵت نەبوو بچۆ خواردن لە شوێنێکی تر بخۆ. پارەت پێیە؟ ئا. باشە گوڵەکەم من لە دەرسدام دوایی قسە دەکەین. پاش نیوەڕوانیش تەلەفۆنێکی دەکرد و دەیوت دایە کەی دەگەڕێیتەوە؟ پاش سەعاتێکی تر. خواردن ئامادەیە؟ ئامادەم کردووە. دەتوانم خواردن بۆ خۆم ئامادەبکەم؟ ئەی بۆ نا. دەتەوێ شتێکی تر بکەم؟ نا گیانەکەم، سوپاس. دوایی یەکتر دەبینین. هەموو ڕۆژێ بەم گفتوگۆیانە گوێم ڕاهاتبوو. تا ئێستاش کاتی تەلەفۆنەکانی نزیک دەبێتەوە چاوەڕوانم مۆبیلەکەم لێبدات، هەرگیز تەلەفۆنەکەشم لەو کاتانەدا داناخەم. هەموو ڕۆژێ لەهەمان کاتدا دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. ئاخۆ گەر نەڕۆیشتایە لەوانەیە پرسیارەکانی ئێستا بگۆڕایە. ئەو کاتەش هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بۆ کوڕەکەم نایەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا نانبخوات. کاتێ ئەوان دەچن بۆ نانخواردن ئەو بەتەنیا پیاسە دەکات، کاتێ ئەوان پشوویان هەیە ئەو دەچێت نانخوات. ئەو کاتە نەمدەتوانی ئەم هاوکێشەیە شیبکەمەوەو نەشمدەویست لەو ڕووەوە پرسیاری لێبکەم، نەوەک توخنی ئازادیی ڕۆحی بکەوم. ڕۆحی ئەو لەم ژیانە هەستی بەنامۆیی دەکرد ، شوێنێکی نەدۆزییەوە ببێ بەئارامگای. کاتێ نامۆیی فشاری بۆ دەهێنا و دەیپرسی دەتوانم سەر بخەمە سەر ڕانت؟ سەری دەخستە سەر ڕانم و منیش پەنجەکانم دەکردە شانە بۆ قژەکەی و سەبارەت بە خواردن و مەشق قسەی بۆ دەکردم، باسی ژیان و فلیمەکانی بروسلی بۆ دەکردم. تێنەدەگەیشتم بۆ

ئەم کوڕەی من هێندە شەیدای بروسلییە. پێکەوە دەچووین فلیمەکانی بروسلیمان دەکڕی، هەر کاتێکیش بچووینایە بۆ لەندەن دەبوایە بچووینایە بۆ شاری چینی، چونکە  زۆر شتی تایبەت بە بروسلی لەوێ دەست دەکەوت بابەتی فلیم و کتێب. بروسلی بووبوو بە بەشێک لەژیانی منیش. لەهەر شوێنێک شتێکم سەبارەت بەو ببینیایە پێم دەوت. جارێک وتی گەر........ وێنەکانی بروسلی لە ژوورەکەم لابا خۆم دەکوژم. ئەم قسەیە بەلامەوە هەڕەشەیەکی مندالانە بوو. ئەو ڕۆیشت بەڵام من هێشتا وێنەیەکی بروسلیم لە ژوورەکەمدا داناوە، سیمبۆلی ینگ و یانگیشم لە پێش وێنەکەی داناوە و هەموو ئێوارەیەکیش مۆمێ بۆ ئەو، مۆمێکیش بۆ بروسلی دادەگیرسێنم. ئاخۆ دەبێت بە ڕۆحی بروسلی گەیشتبێ؟! ئاخۆ ڕۆحی بروسلی لە سەرەوە مابێ؟! ئاخۆ ئاگای لەم خۆشەویستییەی کوڕەکەی من هەیە؟!. یان ئێستا بروسلی گەڕاوەتەوە سەر زەوی و لە جەستەی منداڵێکی تری وەک کوڕەکەی مندایە. بەدوای کوڕەکەی مندا وێڵە. نازانێ ئەو ئەم سەرزەمینەی بەجێهێشتووە. ڕۆیشت... ڕووناکی تێدا بەدی نەدەکرد، ئەم سەرزەمینە بۆ ئەو هێندە تەسک ببووەوە ، شوێنێکی تێدا بەدی نەدەکرد  هەناسەی تێدا بدات. لەگەڵ ئەوەی من دڵم بۆ کردبوو بە دەشتاییەکی پڕ خۆشەویستی. کەچی هەر هەستی بەنامۆیی دەکرد. دەهاتمەوە، باوەشی پێدا دەکردم و دەیوت هێی نانی. قاپەکانم شۆرد و وشکم کردنەوە و هەڵیانم گرت، یان دەیوت ماڵەکەم گسک دا. ترسی ئەوەی هەبوو من ئەو شتانە نەبینم. ئیتر دەچووە ژوورەکەی خۆی. هەندێ جار دەمووت ژیانی ئەم وڵاتە ڕۆحەکان لێک دووردەخەنەوە. هەریەکە



پەناگایەک دوور لەوانی تر بۆخۆی دابین دەکات. بۆ دەبێ مرۆڤ وا نامۆ بێت بەیەکتر. حەزم دەکرد هەموو دیوارەکان بڕوخێنم، سنوورەکان بسڕمەوە. مرۆڤەکان هەموو لە فەزایەکدا بژین و ڕۆحێکی فریشتەیی جەستەمان داگیربکات. زەنگ لێیدا. ئاوات بوو. درۆم لەگەڵدا کرد وتم چاوەڕانی لاپەڕەی تری یادداشتنامەکەت دەکەم. ئەوانی ترم هەموو خوێندوەتەوە. نامەی تری تێدایە بۆ دایکت؟ کە هاتیشی بەردەکەت لەیاد نەچێ.

ئاوات ماوەیەک بوو نەدەچووە ماڵی مارکۆس، تەنیا لە ڕێگای قوتابخانە یەکترییان دەبینی، ئێوارانی چوارشەممەش لەگەڵ سەربازدا دەچوونە تۆپانێ، باوکی مارکۆس لە بلیمەتی سەرباز تێنەدەگەیشت، لەگەڵ ئەوەی چاوی چەپی نەیدەبینی کەچی تۆپەکە لەهەر کوێیەکەوە بهاتایە ئەو دەیبینی، لەوەی دەکرد لە جیاتی چاوێک چەند چاوێکی هەبێ.  زۆرجار سۆمایان لەگەڵدا دەبوو. ئەم سیانە لەو خێزانەدا ببوونە سێکوچکەیەک، زۆربەی کات پێکەوە بوون لە ماڵەوە ئۆقرەیان نەدەگرت. کەچی منداڵەکانی تر زیاتر لە ماڵەوە دەبوون. ڕۆژێک هەرسێکیان لە باخچەی نزیکی ماڵەکەیانەوە دانیشتبوون،  باوکی مارکۆس بینینی، لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزی و چوو بۆ لایان. هەواڵی باوک و دایکی ئاواتی پرسی.  ئاوات بە کزییەوە وتی: کەس نازانێ لەکوێن، دەنگیان نەماوە.  سۆما زانی  ئاوات ئەم نهێنییەی لای ئەمان ئاشکرا کردووە زۆر ترساو ئەوانی بەجێهێشت و بەرەو ماڵەوە ڕایکرد. ئەوانیش لەگەڵ باوکی مارکۆسدا ڕۆیشتن. لەوێ نانی ئێوارەیان خوارد. لە ژوورەکەی مارکۆسدا ماوەیەکی زۆر

مانەوە. شت نەما باسی نەکەن، باسی خودا، پێغەمبەرەکان، سەدام، شەڕ. بۆ مرۆڤەکان شەڕ دەکەن ، بۆ خەڵک دەکوژن. مارکۆس باسی عیسای کرد، ئاوات باسی موحەمەدی کرد. ئاوات لەو باوەڕدا بوو  ماوەیەکی زۆرە پێغەمبەرێکی تازە پەیدا نەبووە. کێ بڕیار دەدا، دیارە خودا. ئەم سێ کوڕە بڕیاریان دا تاقیکردنەوەکەی موحەمەد دووبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە خواوە بکەن، دەبێ بەدوای ئەشکەوتێکدا بگەڕێن، لە ماوەی چل ڕۆژدا بچن بۆ ئەوێ. لەو ناوچەدا شوێنی وا نەبوو، لە نزیکی ناوچەی سێترەدا ناوچەیەکیان دۆزییەوە، تاشە بەردێکی گەورەی لێبوو، هەموو ڕۆژێ بە دزییەوە دەچوون ژێری تاشە بەردەکەیان هەڵدەکۆڵی تا وەک ئەشکەوتی لێبێت. ماوەیەک هەر خەریکی پلان دانان بوون. کاتی دەستپێکردنی پلانەکەیان هات. شتی پێویستیان  بۆ ئەو ماوەیەی بە نیازبوون لەوێ بمێننەوە ئامادە کرد. ئەمان دەیانویست زووتر پەیوەندی بە خواوە بکەن، بۆیە بەباشیان زانی چەند ڕۆژێ، بەردەوام لەوێ بمێننەوە، ئەوان ناتوانن وەک پێغەمبەر بکەن، چل ڕۆژ زۆرە.

مارکۆس فێری  ڕاهێنانی کردن. داوای لێکردن  چاو بنوقێنن و تەنیا هەناسە بدەن و بیر لە خوا بکەنەوە، ئەو کات خودا بەدەنگیانەوە دێت. مارکۆس لە دایکییەوە گوێی لەو جۆرە شتانە بوو بوو، دایکی هەفتەی دووجار دەچوو بۆ مەشقی یۆگا. جار جار بە دزییەوە تەماشای کتێبەکانی دایکی دەکردو دەیخوێندنەوە. دایکی مارکۆسی  فێری مەشق کردبوو. دەبوایە لە سەر پشت ڕابکشێ و چاوەکانی بنوقێنێ و هەناسەی قوڵ



وەرگرێ و بیداتەوە و بیر لە سەرکەوتنی تیپەکەیان بکاتەوە. ئەو کاتە تیپەکەیان دەیباتەوە. چاوەکانتان بنوقێنن، هەناسەی قوڵ وەرگرن و ئێستا بیدەنەوە، داوا لە خودا بکەن بەدەنگتانەوە بێت. هەرسێکیان داوایان لە خودا دەکرد پێغەمبەرێکی تر بنێرێتە سەر زەوی، کۆتایی بە شەڕ بهێنێ، کەس کەس نەکوژێ، هەریەکە لە وڵاتی خۆی بژی. سەدام بمرێ. دایک و باوکی ئاوات بگەنە سوێد. ئەمەیان چەند جارێ وتەوە، هێندەی نەبرد، هەر لەوێ خەویان لێکەوت. خەوێکی قوڵ. بەیانی لە جریوەی چۆلەکە خەبەریان بووەوە. ڕاپەڕین. مارکۆس نیگەران بوو، دیارە دایک و باوکی ئێستا بە دوایاندا دەگەڕێن. نەیاندەزانی چیبکەن، بەرەو ماڵەوە ڕابکەنەوە... یان خۆیان بشارنەوە.

مارکۆس وتی دەزانن چی دەکەین ئێستا چاوتان بنوقێنن و داوا لە خودا بکەن  بمان دۆزنەوەو کەس لێمان تووڕە نەبێ. دیارە ئێستا ئەوان زۆر دەترسن و نیگەرانن. لەوانەیە وابزانن شتێکمان لێهاتووە. هەرچۆنێ بێ دەبێ بگەڕێینەوە. ئاوات ئەم بیرۆکەیەی بەدڵ نەبوو، ئەوان بڕیاریان دابوو، نەدەبوو کەس لە بەڵێنەکەی خۆی پەشیمان بێتەوە.  مارکۆس بە ناچاری تەلەفۆنێکی بۆ دایکی کردو ئاگاداری کردەوە ئەو سەلامەتە، ترسی نەبێ. تەلەفۆنەکەی داخست. مارکۆس بڕیاری دا بمێننەوە و کارەکەی خۆیان تەواو بکەن. دایکی مارکۆس نیگەران بوو. لەو باوەڕەدا بوو کوڕەکەیان فڕاندووە. پاشان زانییان  ئاوات و سەربازیشی لەگەڵدایە. بەمەدا بۆیان دەرکەوت دەبێت ئەمە یارییەکی مندالانە بێت. بەڵام هەر پۆلیسیان ئاگادارکردەوە. پۆلیسی شار کەوتنە گەڕان، ئەو ڕۆژە

تا ئێواره هیچ هەواڵێکیان بەدەست نەکەوت. خەڵکانی ئەلکترەڤێگن ڕژابوونە ماڵی مامە. ژنانی گەڕەکیش مێشکیان کەوتبووە کار. هەر یەکەو شتێکی دەوت، یەکێ دەیوت ئەم دوو کوڕە لەدەست باوەژن ڕایان کردووە، یەکێ دەیوت ئەمە پلانی دایک و باوکیانە بۆ ئەوەی هەلایەک بنێنەوە و ئیقامەیان بۆ دەربچێ. بۆ ڕۆژی دووەم باس باسی ڕۆژنامەو ڕادێوو تەلەفزیۆن بوو بەم سێ کوڕەی کە ونبوون، سەیر لەوەیە دەزانن سەلامەتن. ئەی دەبێ لە کوێ بن. ماڵی مارکۆس و ئاوات یەکتریان ناسی. ڕۆژنامەنووس و ڕێپۆرتاژنووسەکان و کامێرای تەلەفزیۆن هەنگاو بە هەنگاو بە دوای ئەم دوو خێزانەوە بوون. کەس سەری لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو. بەتایبەتی تەلەفۆنەکەی مارکۆس، تەنیا هێندەی بەدایکی وت ئەو سەلامەتە و خەمی ئەوی نەبێت.

ئەوانیش لەو کونە ئەشکەوتەدا، لە ژێر چەتری خودادا، خەریکی پاڕانەوەو نوێژکردن بوون. دوو ڕۆژی برد. خواردنەکەیان بەرەو تەواوبوون دەچوو، ئاویان کەم مابوو، بڕیاریان دا شتەکان کەم کەم بخۆن. سێ ڕۆژ تێپەڕی خودا بە دەنگیانەوە نەهات. نیگەران بوون، ئەمان پەلەیان بوو. خواردن لە تەواو بووندایەو مارکۆسیش بۆ دایک و باوکی تەواو نیگەرانە. نەیدەویست جارێکی تر تەلەفۆن بکات چونکە لەوانە بوو لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەی ئەوەوە شوێنەکەیان بدۆزنەوە.

ئاواتیش دەیوت هێشتا زووە، پێغەمبەر چل ڕۆژ لە ئەشکەوتەکەدا بووە. مارکۆسیش دەیوت، دەبێ هەموو کاتەکە لە خودا بپاڕێینەوە تا بەدەنگمانەوە بێت، سەرباز دەیوت ئاخر خۆ



هەر ئێمە نیین داوا لەخودا دەکەین یارمەتیمان بدا، زۆر خەڵکی تریش هەن. مارکۆس دەیوت ڕاستە هێشتا سەرەمان نەهاتووە. ڕێککەوتن کەمتر خواردن بخۆن بۆ ئەوەی بەشی چەند ڕۆژێکیان بکات. دەمەو ئێوارە بوو لەسەر تاشە بەردێکی گەورە دانیشتبوون سەیری ڕەنگە جوانەکانی هەوری پشت هەتاویان دەکرد، هەتاو بەرەو بنکەیەکی تر ئاوا دەبوو، هەور بۆ ئاوابوونی خۆر دەگریا هەربۆیە فرمێسکەکانیان ڕەنگی پرچی ئایشەو فاتمەیان وەرگرتبوو. لەناکاوا گوێیان لە هاواری کچێک بوو، خۆیان پێنەگیرا و بەرەو خوارەوە ڕۆیشتن. دوو کوڕی گەنج پەلاماری کچێکیان دابوو، ئەویش هەر هاواری دەکرد و داوای یارمەتی دەکرد. سەربازیش بەبێ بیرکردنەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد، ئەوانیش بەدوایدا، بە هەرسێکیان کچەیان ڕزگارکرد، دوو کوڕەکەش ئەوەندەی هێزیان تێدابوو ڕایانکرد تا لەچاو ونبوون. ئەمانیش کچەکەیان ڕەوانە کرد، تا گەیشتە شوێنێکی بێ مەترسی. پاش ئەوەی پۆلیس ئاگاداری ئەم دەستدرێژییە کرایەوە و کچەکە وەک سێ فریشتە باسی ئەم کوڕانەی کردبوو، گوایە پاش ئەوەی ئەمیان ڕزگارکرد، لەچاوونبوون. بۆ ڕۆژی دوایی لە دەنگوباسی ڕۆژانەی ڕادێو و تەلەفزیۆن باسی ئەم ڕووداوە کرا. ئەم سێ کوڕە ئەو شەوە هەر یەکە باسی ئازایەتی خۆیان دەکرد، ئەو شەقی هەڵداوە لە گوونی، ئەوی تریان دەستی ناوەتە بینەقاقای، ئەوی تریان جیزدانەکەی لە گیرفانی دەرهێناوە. ئەمەش بە فەرمانی خودا بوو، چونکە گەر ئەمان لێرە نەبوونایە ئەم کچە دەکوژرا، دیارە خوا ئەمانی تاقیکردوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ گەر ئەوان جێگەی متمانە بن، یان شایانی ئەوەن خودا

بڕوایان پێبکات و ڕاسپاردەیەکی نوێیان پێبسپێرێ، ئەو دەستەڵاتەشیان بداتێ، لەناو مرۆڤدا پەخشی بکەنەوە.

ئەو شەوە تا خەویان لێکەوت بیریان لەوە دەکردەوە دەبێت خوا بە زووترین کات بە دەنگیانەوە بێت. بەیانی زوو لەجیاتی ئەوەی بەجریوەجریوی چۆلەکە و بوولبوول خەبەریان بێتەوە، بەدەنگی وەڕەی سەگ خەبەریان بووەوە. کۆمەڵێ پۆلیس ئەو ناوەی گرتبوو. دەستیان کرد بەگریان، لە پۆلیسەکان تووڕە بوون، پلانەکەیان تێکدان، تازە جارێکی تر گەر کارێکی وا دووبارە بکەنەوە، سەرناگرێ. هەرسێکیان بران بۆ پۆلیسخانە، بۆ لێکۆڵینەوە. بۆڕۆژی دوایی لە هەرچی ڕۆژنامەی وڵاتدا چەندان وتاریان لەسەر نووسراو بە مانشێتی گەورە نووسرابوو" سێ کوڕ خۆیان لە دارستانێکدا دەشارنەوە و بڕیار دەدەن پەیوەندی بە خواوە بکەن تا کۆتایی بەشەڕ و کارەساتەکانی سەر زەمین بهێنێ." چەندان گفتوگۆیان لەگەڵدا کرا. مارکۆس بوێرانە باسی بەسەرهاتی ئاوات و سەربازی دەکرد، هاواری کرد: تەماشاکەن چاوی سەرباز لەئەنجامی بۆمباران وای لێهاتووە، سەرباز لای ماڵەکەی خۆیاندا لەگەڵ ئاواتی برایدا خەریکی تۆپانێ بوو، تەیارەکان شارەکەیان بۆمباران کردووە. ئەمیش بەرکەوتووە، چاوێکی لەکیس چووە. دەتوانن لە باوکیشم بپرسن باشترین یاریکەری لێدەردەچێ. دایک و باوکیان ناچاربوون ئەمان بەتەنیا بنێرن بۆ ئێرە تا ژیانیان هێمن بێت. کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئەم دوو کوڕە بەبێ دایک وباوکیان چەند خەمگینن. دایک و باوکیشیان دڵیان ناخۆشە و نیگەرانن، بەڵام بۆ ئەوان ئەمە باشترە، چونکە دەزانن منداڵەکانیان هیچیان لێنایەت. لە سوێددا



فڕۆکە نییە بۆمبابارانیان بکات. ئایا دەزانن سەرباز تا ئێستاش لە دەنگی فڕۆکە دەترسێ. ڕۆژێک لە باخچەی ماڵەکەی ئێمەدا یاریمان دەکرد، گوێی لەدەنگی تەیارەیەک بوو، لە ناکاوا هاواری کردو ڕایکردە ژێرزەمینەکە. سەرباز و ئاوات دەیانویست مارکۆس بێدەنگ بکەن، دەیانزانی نهێنییەکان ئاشکرا دەکات. مارکۆس دەیوت ئەمە باشترین فرسەتە بۆ ئێوە تا دایک و باوکتان بگەنە ئێرە. قسەکانی مارکۆس وڵاتی هەژاند تەنانەت سیاسییەکانی وڵاتیشی وەخەبەرهێنا و کەوتنە هەڵوێستەکردن لە دوعاو نزای ئەم کوڕانە. وێنەی مارکۆس لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دەرکەوت. دایک و باوکی شانازییان بە کوڕەکەیانەوە دەکرد، دیارە تێکەڵبوونی لەگەڵ ئاوات و سەرباز ڕۆڵی خۆی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی بوێری مارکۆس چاوی ئاوات و سەربازی کردبووەوەو ئەوانیش بەبێ ترس باسی زۆر شتیان دەکرد. لە ئینتەرڤیویەکاندا مارکۆس وەک کەسێکی گەورەو دنیا دیدە باسی ئەوەی دەکرد ئەو لەم ڕێگەیەوە ویستوویەتی یارمەتی ئاوات و سەرباز بدات، نایەوێ منداڵانی تر وەک ئەمان ناچاربن لە دایک و باوکیان جیا ببنەوە. دەبێ شەڕ کۆتایی پێ بێت. ئەو لەوە نەدەگەیشت بۆ گەورەکان شەڕ دەکەن، بۆ لێناگەڕێن خەڵک بەبێ شەڕ بژین. سەرباز دەیوت دەبێ دروستکردنی چەک نەمێنێ، فڕۆکە و بۆمبا دروست نەکرێ، هیچ منداڵێ بەهۆی بۆمباوە چاوی یان بەشێکی لاشەی لەدەست نەدات. منداڵ نابێ بترسێ. دایک و باوکان منداڵەکانیان جێنەهێڵن. من بیری دایک و باوکم و خوشکەکەم دەکەم. ئەم ڕاستیانە نەک تەنیا وڵاتی سوێدی هەژاند بەڵکو ئەم دەنگو باسە گەیشتە

ولاتانی تریش. ئەمە خۆی لەخۆیدا مانیفێستی ئەم سێ کوڕە بوو بۆ گەورەکان. لەهەمان کاتیشدا نهێنییەکی گەورەی ئەو خێزانەی ئاشکرا کرد . لەوانەیە نەک تەنیا ئیقامەشیان نەدەنێ بەڵکو دەریان بکەن لەو وڵاتە. بەڵام ئاخۆ ئەم مانیفێستە بڕیاری گەورەکان دەگۆڕێ.

خێزانی مارکۆس و دراگانا لە هەوڵدانێکی بێوچاندا بوون، تا دایک و باوکی ئەو دوومنداڵە بگەنە سوێد. گرفتەکە ئەوەبوو، کەس نەیدەزانی لەکوێن. دایکی مارکۆس کەس نەما لە دامودەزگای کۆچبەران پەیوەندی پێیانەوە نەکات. لەم وڵاتەش گەر لە سەرەتاوە درۆیەک بکەیت ئیتر بڕوا بە ڕاستەکانیشت ناکەن. هەرچەندی دەکرد درۆکانی بۆ پینە نەدەکرا. ئەوانیش چی بکەن، وایان بەباش زانیووە ئەوان بکەن بە منداڵی خۆیان. پەیوەندییان بە پارێزەرەوە کرد. لە هەندێ قوتابخانە بەمەبەستی پارە کۆکردنەوە هەندێ گورجوگۆڵییان کرد، تا پارەی پارێزەرەکە کۆبکەنەوە. هەندێ لە دایک و باوکی قوتابییەکان نامەی ناڕەزاییان نووسی. داوایان کرد ئیقامە بدرێ بەم دوو منداڵە. دایک و باوکیان بە زووترین کات بگەێنرێنە سوێد، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کەس نەیدەزانی ئەوان لە کوێن.

تاقە هیوایەکی ئاوات بەردەکە بوو، لەگەڵ ئەوەی نەیاندەوێرا لای گەورەکان باسی بکەن. ئەم نهێنییە تەنیا ئاوات و سۆماو سەرباز دەیانزانی، تەنانەت نەیاندەویست مارکۆسیش بەمە بزانێ. سۆما دەیوت لەوانەیە مارکۆس بچێ باسی ئەم بەردە بۆ



ڕۆژنامەنووسەکانیش بکات. ئەوکات بەردەکەشمان لێ دەبەن و بە شێتیشمان لە قەڵەم دەدەن. چەند ڕۆژێکی مابوو مانگ پڕبێتەوەو دەمووچاوە پڕ خۆشەویستییەکەی سنووری ئازارو ڕقەکان بسڕێتەوە. هەرسێکیان ڕێککەوتن ئەو شەوە بە دزییەوە بچنە دەرەوە، بەردەکە بخەنە بەر تیشکی مانگ. سۆما دەیوت باشترە لە دەرەوە بێت، لەوانەیە ئەو ترسەی لە دڵی ئێمەدایە کار بکاتە سەر تیشکی مانگ و کار لە بەردەکە نەکات. شەو هات، هەرسێکیان بە هێواشی چوونە دەرەوە، لە ژێر دارێکی بەرامبەر ماڵەکەیاندا لە بەردەم تیشکی مانگدا بەردەکەیان دانا، ترپەی دڵی سەرباز و ئاوات دەبیسترا. هەناسەیان سواربووبوو، سۆماش زوو زوو دەیوت نابێ بترسن، لەوانەیە ترسەکە وا بکات وێنەکان دەرنەکەون. کەوتنە پاڕانەوە، ماوەیەکی پێچوو تا وێنە دەرکەوت، ژوورێک، لەو ژوورە بچووکەدا لانە و دایە دەرکەوتن، بەڵام زۆر بچووک بوون، هەر وەک ئەوەی زۆر دوور بن. ژوورەکە وەک ماڵەکەی خۆیان نەبوو، بڵێی گوازتبێتیانەوە، چۆن دایە ئەمەی کردووە، خۆ ئەو ئەو ماڵەی زۆر خۆشدەویست. ئەی باشە ژوورەکە هیچی تێدا نییە. هێندەی نەبرد ژوورێکی تر دەرکەوت. ژوورەکە زۆر تاریک بوو. تاریکی... کەسێک لەناو تاریکییەکەدا هاتووچۆ دەکات، کەسەکە دیارنەبوو، ئەوەش نەدەبینرا ئەو کەسە پیاوە یان ژن. چاوەڕوان بوون تا شوێنەکە ڕووناک ببێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو کەسە کێیە کەوا لەو تاریکییەدا دێت و دەچێ. سۆما لەو باوەڕەدا بوو ئەو شوێنە هێندە تاریکە تەنانەت تیشکی مانگیش ناتوانێ ڕووناکی بکاتەوە. هەور پەردەی خۆی دادایەوەو تیشکی مانگ خەواڵوو بوو. وێنەکان ونبوون.

سۆما ڕاست دەکات کاتێ شەوەزەنگ دەروونی مرۆڤ داگیردەکات، مانگی چواردەش ناتوانێ ڕووناکی بکاتەوە، دەروونی مرۆڤ وەک ئاسمان نییە. ئاسمان لەکاتی تاریکیدا ئامێز بۆ تیشکی مانگ دەکاتەوە، تیشکی مانگ پڕ ماچ دەکات. کەچی کاتێ دەروون تاریک دەبێت، تیشکی خۆریش ئەو تاریکییە داگیر ناکات. دەروون تاریک دەبێت و بەرگی ڕەش لەبەر دەکات، ڕەنگەکانی پرچی ئایشەو فاتمەش ڕەنگی بەرگی ناگۆڕن. من بە خۆمدا دەزانم. پاش ئەوەی کوڕەکەم بەجێیهێشتم، دەروونم بووە تاریکستان، فێربووم تێیدا بژیم و هەنگاوەکانم هەڵبهێنم. منیش پێشتر ئەو ڕاستییەم نەدەزانی. ئێوارەیەک شەوباشم لێکرد، پێم وت تۆ ڕووناکی ژیانی منی. لەوانەیە بڕوای نەکردبێ، یان لە مانای ئەو ڕستەیەی من نەگەیشتبێ. دەستی کرد بە پێکەنین و وتی منیش دایەم زۆر خۆش دەوێت. لەگەڵ ئەوەی لە دڵەوە ئەو قسەم کرد، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووم پاش ئەو دەروونی من دەبێت بە تاریکستانی تاریکی. ڕۆژانە لەبەر تیشکی ڕۆژدا دادەنیشم و داوا لە هەتاو دەکەم چەپکێ ڕووناکیم پێببەخشێ، ئەو هێندە ڕووناکی زۆرە بەشی منیش دەکات، ڕۆژێک پێی وتم تۆ خۆت دەبێت دەرگا بکەیتەوە و لەگەڵ تاریکی ڕۆحتدا بکەویتە جەنگ، ئەگینا من ئەو هێزەم تێدا نییە ئەو تاریکییە دەرپەڕێنم. هەتاو وتی کیژۆڵەکەم ئەو جیهانە دۆزەخییەی ئێوەی تێدا دەژین، پڕە لەو تاریکییە بێشومارانەی کە جەستەو ڕۆحی مرۆڤ داگیردەکەن. گەر ئاگاتان لە ڕۆحی خۆتان نەبێت لەناو تاریکیدا دەخنکێن، تاریکی تەنیا پەنا



بۆ ڕۆحە لاوازەکان دەبات، تەماشاکە ڕۆژ، مانگ، کارەبا، سپێتی بەفرو هەور، هەموو ئەمانە توانایان بەسەر تاریکی شەوە زەنگدا دەشکێ، بەڵام هیچ هێزێ نییە ئەو تاریکییە داگیربکات گەر خودی ڕۆح دەرگا بۆ کەس نەکاتەوە. تۆ خۆت دەبێت پەنجەرەو دەرگای ڕۆحت بکەیتەوەو گۆرانی ژیان بڵێیتەوە، تا تاریکی ناچاربکەیت کۆچ بکات. بە گوێی هەتاوم کرد، لە سەر تاشە بەردێکی سەر دڵی دەریایەک دانیشتم، دەرگا و پەنجەرەکانی دڵم کردەوە، کەوتمە گۆرانی وتن، کام گۆرانی ؟ ئەو گۆرانیانەم بە دەمدا هات کاتی خۆی بۆ کوڕەکەمم دەوتن کە کۆرپە بوو. بە بینایی چاوم هەرچی ڕەنگ هەیە کڕیم، کەچی هەر ڕەنگی ڕەش جەستەمی داگیرکردبوو. هاوارم بۆ دەریا برد، هانام بۆ ئاسمان برد، کەس گوێی لە دەنگم نەبوو، دیارە دەنگم دەرنەدەچوو. باوەشم بۆ باران و با کردەوە، کەچی کەسیان جێگەیان لە ئامێزمدا نەبووەوە، لەبەر ئەوەی کوڕەکەم لەباوەشمدا بوو. چارەم نەما، دەستم کرد بەگریان، فرمێسکەکانم لەگەڵ دەریادا تێکەڵ بوون. هەتاو وتی ئافەرین، فرمێسک زەهری تاریکی لە گیانت دەردەکات، بگری چەند دەتوانی بگری، چەند دەتوانی جەستەت پڕبکە لە وشەی خۆشەویستی، چەند دەتوانی باوەش بە قەدی دارە ئەرخەوانییەکاندا بکەو داوایان لێبکە، لە ڕێگەی ڕەگەکانیانەوە ڕۆحت لەگەڵ ناخی زەویدا تێکەڵ بکەن. تۆ پێویستیت بەهەموو گەرمییەک هەیە، خوا ئاگای لێتە کیژۆڵەکەم، ئەوانەی لەدەوروبەرتن هێزی خودایی وەردەگرن، بەڵام ئەوە خودی خۆتە ناتەوێ ئەوهێزە وەرگری، کوڕەکەشت لەوێوە ئاگای لە تۆیە، دڵی نائارامە، ئەو دەبوایە کۆچی بکردایە. وا بڕیاردرابوو، تەمەنی

سەر زەمینی بۆ ئەو تەنیا ساتێکی پڕ نائارامی بوو، خۆت باش لەوە تێدەگەی. زۆرت بۆ دەکرد تا دڵخۆشی بکەیت، کەچی هەموو شتەکان وەک یەک وابوون، تەنیا یەک ڕەنگی دەدی. کوڕەکەشت هەر لە خۆتی دەکرد. چەند هەوڵتدەدا ئارامی و خۆشی بخەیتە ژینیەوە، کەچی ئەو هەر نائارام بوو. تەنانەت ئەو ساتانەشی لە ئامێزی تۆدا بوو، ئارام نەبوو، شەوی پێش کۆچەکەی پێی وتی سوپاس دایە بۆ ئەم خانووە، بۆ ئەو هەموو شتانەی بۆت کردم. تۆ گریای، خۆشت نەتزانی بۆ فرمێسک بە چاوەکانتدا هاتنە خوارەوە، نەشت ویست ئەو فرمێسکەکانت ببینێ. دەنگێ لە ڕۆحیدا دەزرنگایەوە و دەیوت، هێندەی نەماوە کۆچ بکا، بۆیە دەتویست هەتاوی بۆ بێنیتە خوارەوە کەچی ئەو ڕازی نەدەبوو، دەتویست ژوورێکی تازەی بۆ بکڕی، کەچی وتی نا نامەوێ، ئەم ژوورەی خۆمم بە دڵە. ویستت کلوبێکی باشتری مەشقی بۆ بدۆزیتەوە، کەچی وتی نا ئەمەی خۆم باشترە. ئەو خۆی دەیزانی هێندەی نەماوە، کاتی کۆچکردنەکەی نزیک بووەتەوە. بۆ ئەو گۆڕانەکان گرنگ نەبوون. ڕۆحم بووە گێژەڵووکەیەکی توڕەیی. بۆ دەبێت خودا بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کورت کوڕێکم بداتێ. هەتاو هاواری کرد بەسەرمدا و وتی خودا کاری خۆی باش دەزانێ، لەهەموو کارێکدا مەبەستێکی هەیە. لەوانەیە ئێستا لەو مەبەستە تێنەگەی. بەڵام ڕۆژێ دێت تێبگەی. بیرت چوو لەدایکبوونەکەشی ئاسایی نەبوو، کاتێ لەدایکبوو وەک هەموو منداڵانی تر نەگریا، منداڵانی تر کە دێنە ئەم دنیایەوە دەگرین، دەزانن ئەم ژیانەی بۆی هاتوون بێ گرفت و سەختی نابێ، بۆیە یەکەم هەناسەیان بە گریان دەستپێدەکات بۆ ئەو ژیانە ئارامەی بەجێیان هێشتووە و



ئەو ژیانە دۆزەخییەی چاویان تێدا دەکەنەوە. دەیانەوێ هەر لەسەرەتاوە گریان بکەنە سیمبۆلی ناخۆشییەکان. کوڕەکەی تۆ نەگریا، ڕۆژی دووەمیش کەوتە بەر نەشتەرگەری. چونکە هەر لەیەکەم ساتەکانی ژیانییەوە پەشیمان بووەوە، بەڵام خودا ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی دەیزانی بۆ ئەوی ناردووە بۆ تۆ. لە کاتی نەشتەرگەرییەکەدا گەیشتە لای خودا. هەوڵی دا چارەنووسی خۆی بگۆڕێ. بگەڕێتەوە بۆ لای خۆی، ئازاری ئەم کۆچەم کەمتر دەبێت لە کۆچی پاش چواردە ساڵی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەم دایکە، ئەم دایکە شایانی ژانێکی بەردین نییە. خودا ڕازی نەبوو. ئەو دەیزانی چی دەکات. کوڕە بە دڵشکاوییەوە گەڕایەوە خوارەوە.

لە باوەشی شەپۆلێکدا خەوم لێکەوت، چاوم کردەوە لە ناو دڵی دەریاکەدا بووم. خەریک بوو بخنکێم، بە باڵە مەلە خۆمم گەیاندە سەر ڕوومەتەکانی دەریا. سەیرێکی هەتاوم کرد، پێکەنی پێم، وتی بزانە هەر خۆت هاتیتە سەرەوە و لەناو دڵی پڕخۆشەویستی دەریا نەمایتەوە لەبەرئەوەی بەپێی پلانی خودا ماوتە لەدۆزەخی سەر زەمیندا بژیت، هێشتا ماوتە، ئەزموونەکانت تەواو نەبوون کیژۆڵەکەم. ویستم لە هەتاو بپرسم کەی کاتی کۆچەکەی منیش دێت، زەنگەکە ئای لەو زەنگەی بووەتە سنووری نێوان ڕۆح و جەستەم. دەمەوێ دەنگی ببڕم تا جەستە و ڕۆحم ببن بەیەک.

دەرگام کردەوە، ئاوات خۆی و کچێکی شۆخی جوان بە چەپکێ گوڵەوە وەستابوون. زانیم سۆمایە. لە دڵی خۆمدا وتم

دیارە دەیانزانی من چاوەڕوانی چەپکێ گوڵم لە کوڕەکەمەوە، هەموو جارێ لە ڕۆژی دایکدا خۆی و خوشکەکەی دەچوون چەپکێ گوڵیان بۆ دەکڕیم. سۆما وتی حەزمان کرد بەبۆنەی ڕۆژی دایکانەوە ئەم چەپکە گوڵەت پێشکەش بکەین. هەردووکیانم لە ئامێزگرت و بەبێ ویستی خۆم فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارەوە. سەیرێکم کردن و وتم دڵتان هیچ نەکات فرمێسکی خۆشییە.

ئێوارەیەکی خۆشمان بەسەربرد. تا درەنگانێ لە باڵکۆنەکە دانیشتین. خۆمان بۆ تێشکی هەتاو کردەوە، تا هەموو جەستەمانی داگیر کرد. هەموو جۆرە تەکتیکێکم لەگەڵیاندا بەکارهێنا تا بزانم دایک و باوکی ئاوات چییان بەسەر هاتووە، سەرکەوتوو نەبووم، هەروەک چۆن من لە باسی کوڕەکەم خۆم لادەدا ئەویش هەروابوو. باسی منداڵی خۆیانیان دەکرد. سۆما و ئاوات لەوە دەکات بۆیە هاتونەتە ئەم ژیانەوە تا بۆ یەک بن. هەر لەمنداڵییەوە پەیوەندییەکی تایبەتییان هەبوو. هەر بە منداڵیش بۆ لای یەک ڕایان کردووە. پەیوەندی هەردوو دایکەکە وایکردووە ئەمان دوورخەنەوەو کەمتر یەکتر ببینن. کاتێ باوکی ئاوات چووەتە ماڵی براکەی خێرا ئاوات لەگەڵیدا چووە و ڕایکردووەتە لای سۆما. نازە هەردەم وتوویەتی ئەم کوڕە زۆر خلەژنانییە، یەخەی ئەم کچەی من بەرنادا. مامەش وتویەتی جا ژنەکە دەبێت شکوری خوا بکەیت کوڕێکی وا بەدەوری کچەکەتدا دێت و دەڕوات.



باسی یەکەمین ماچی ئاواتیان کرد. هەردووکیان لەبەر پێکەنین هەناسەیان بۆ نەدەدرا، ئێوارەیەک هەردووکیان بە تەنیا لە سەربان دەبن، ئاوات لەپڕێکا ماچێکی سۆمای کردووە، ئەویش سوور بووەتەوەو ڕایکردووەتە خوارەوە. ئیتر ماوەیەکی زۆر سۆما نەدەهاتە ماڵی مامەی. تا گەورە تر دەبوون، ئەم پەیوەندییە کەمتر و کەمتر بووەتەوە. ساڵێ پێش هاتنەکەیان ئاوات هاتووچۆی ماڵی مامەی کردوە و هەندێ جاریش سۆما چووەتە ماڵیان تا مامەو مامۆژنی لە دەرسەکاندا یارمەتی بدەن. بە هاتنیان بۆ ئێرە پەیوەندییەکەیان قوڵتربووەتەوە. ئێستاش لەوە دەکات پەیوەندییەکەیان بەرەو قوڵبوونەوە دەڕوات. لەوەش دەکات پێکەوە لە ماڵێکدا بژین. هەرچەندە باسی هیچیان نەکرد. داوایان لێکردم ڕۆژێ بچم لەگەڵیان نانبخۆم. ئەوەشیان پێوتم لەو ئێوارەدا کەسانێک دەبینم دەمێکە دەمەوێ بیانبینم.

## کاتێ بەرگی نامە دەبێت بە ئازار

هەرکاتێ نامەیەکی ئاواتم دەخوێندەوە، جەستەم تێکەڵ بە ڕووباری ئازار دەبوو. دڵی خۆمم دەدایەوە و دەمووت، کوڕەکەی من ئازاری کەمتر چەشت. چش لەوەی من ئازار زۆر دەخۆم. دیارە هەموو وشەیەکی نامەکەی ئەو وای لێدەکردم بە شێوەیەکی تر بیربکەمەوە. نابێ خۆپەرست بم. من بۆ خۆم دەگریم، ئەو بۆ ئەو شوێنەی ویستی ڕۆیشت، لەوێ ئارامەو نیشتمانی ڕووناکییە. ئازارەکانی ناو وشەکانی نامەکەی، وەک تەزوویەکی لەبن نەهاتوو بوون جەستە و ڕۆحیان داگیردەکردم.

چەند ڕۆژێکی دەویست تا دەهاتمەوە سەرخۆم. بە داخەوە ناتوانم هەموو دێڕەکانی ناو نامەکەی بخەمە بەردەستتان، خۆی ڕازی نییە. هەروەک چۆن کوڕەکەم ڕازی نییە، باسی هەموو شتێکی ئەو بکەم. ڕێزی داخوازییەکەی هەردووکیان دەگرم.

ئاوات پاش بینینی وێنەی سەر بەردەکە نامەیەکی بۆ دایکی نووسیبوو:

**دایە گیان**

ئەمشەو لەژێر دارێکی بەرامبەر ماڵەکەماندا لەگەڵ سەرباز و سۆمادا دانشتبووین، ئێوەمان بینی، لەوانەیە بڵێی کوڕەکەم شێت بووە، نا دایە گیان شێت نەبووم ئەوەی بۆت دەنووسم ڕاستیە. بەردەکەمان خستە بەر تێشکی مانگ، هێندەی نەبرد تۆ و لانە دەرکەوتن کەچی باوکە هەر دەرنەکەوت، دایە زۆر دڵتەنگ دیاربووی. لەوەی دەکرد تۆ و لانە زۆر گریابێتن. قژەکەی لانەت وەک جاران نەکردبووە دوو پرچ. قژە لوولەکەی ئاڵۆزکابوو. قژی خۆشت سپی بووبوو، تێناگەم بۆ دایە گیان، خۆ ئێمە ماوەیەکی هێندە زۆر نییە ئێوەمان جێهێشتووە. سەرباز وتی دەبێ چاوەڕوان بین تا باوکەش دەرکەوێ. سۆما وتی باشترە چاومان بنوقێنین و دوعا بکەین. ڕاست دەکات دایە گەورەشم هەموو جارێ دوعای دەکرد سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوەو چاوەکانی دەنوقاند. ئێمەش هەروامان کرد، هێندەی نەبرد وێنەکەتان بزر بوو، بەردەکە ڕەشی نواند، لە ناوەڕاستی بەردەکەدا خاڵێکی سپی دەرکەوت، ئەو خاڵە لە ناو بەردەکەدا دەسوڕایەوە. وەک کەسێک دیاربوو. من هەستم بە خەمێکی زۆر



کرد، دەمزانی باوکم لە شوێنێکی تاریکدایە، لەناو ئەو تاریکییەدا دەسوڕێتەوە. لەوانەیە باوکە خۆی شاردبێتەوە و دوور لە ئێوە بژی. بەردەکەم هەڵگرت، سەرباز لێم توڕە بوو. دەیویست زیاتر چاوەڕوان بکەین، بەڵکو باوکەش دەرکەوێ. من دەمزانی دەرناکەوێ. خۆ ئەوە یەکەم جار نییە ئەو دەرناکەوێ. سۆماش بۆ هێمن کردنەوەی ئێمە وتی سەرباز وەرە با بەردەکە دانێین و دوعا بکەین هاوڕێکانمان دەرکەون. سەرباز تووڕەبوو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. خێرا دوایکەوتین، تا بە هێواشی بچینە ژوورەوەو کەس خەبەری نەبێتەوە. کەچی کە چووینە ژوورەوە، مامۆژنم و مامەم لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون و چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. مامۆژنم پەلی سۆمای گرت و بردیە ژوورەوە، مامەشم کەوتە پرسیارکردن لێمان. لەوەی دەکرد ترسی ئەوەیان هەبێت ئێمە دەستدرێژی بکەینە سەر سۆما. پێی وتین ئێوە شیری یەکتریتان خواردووە، ئێوە وەک خوشک و بران. گەر ئێمە بیر لە شتێکی تر بکەینەوە ئەوا خوا لەو دونیا دەمان سوتێنێ.

دیار بوو مامۆژنیشم هەر شتێکی لەو بابەتەی لەگەڵ سۆمادا باسکردبوو. ترسی ئەوەمان هەبوو سۆما باسی بەردەکەی کردبێ. ئەو شەوە من و سەرباز خەومان لێنەکەوت. بەیانیش دەبوایە بچووینایە بۆ قوتابخانە. بەیانی هەستاین سۆما قسەی لەگەڵ کەسمان نەدەکرد. سەیرشی نەدەکردین. هەرچەند دەچوومە لایەوە خۆی لێم لادەدا. ئەوەش زۆر نیگەرانی کردبووم، چونکە سۆما بۆمن نەک تەنیا ئامۆزایەک بوو، لەو ماڵەدا تەنیا دڵم بەو دەکرایەوە و زۆریش خۆشم دەوێ...

نازانم بۆ منداڵانی ئەم وەختە هێندە ناخۆشی دەبینن، ئەوە ئاوات هێشتا لەکوێیەتی. منداڵیی خۆی نەژیاوە، سەربازم نەدیوە، بەڵام لە ناو هەموو تەماشاکردنێکی ئاوات و لە دووتوێی وشەکانیدا ئازارەکانی ئەویش دەخوێنمەوە. لە قوتابخانە هێندە گاڵتەیان بە سەرباز کردبوو، وای لێهاتبوو بەهەموو شێوەیەک خۆی لە قوتابخانە بدزێتەوە. تێکەڵ بە هەندێ منداڵی هاروهاجی قوتابخانە بووبوو، دایکی مارکۆس زۆر هەوڵی دەدا یارمەتی بدات. ئەوکات ئەگەر پەناهەندە ئیقامەی وەرنەگرتایە مافی ئەوەی نەبوو نەشتەرگەریی بکات. نازەش هەوڵی دەدا سەرباز وەک چەکێک بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ئیقامەکەیان وەرگرن.

خاڵی هات و سەردانی کردن، دایک و باوکی مارکۆسی بینی. کەوتنە هەوڵدانێکی جیدی بۆ یارمەتی دانی ئەو دوو برایە. هاتنی ڕامان بۆ سوید مانایەکی نوێی بە ژیانی بەخشی. ئەم سەفەرەی خاڵی زۆر شتی لە ژیانی ئاوات و سەرباز گۆڕی. زۆر بەوردی هەموو شتەکانی بۆ دەگێڕامەوە. ئاوات دەیوت ئەو ماوەیە شتەکان هێندە بەخێرایی ڕوویان دەدا ، فریا نەدەکەوتم شتێ لە یادداشتنامەکەمدا بنووسم، بەتایبەتی ئەو ماوەیە وەک کۆچەرمان لێهاتبوو لە نێوان ماڵی مامە و مارکۆس.

دایکی مارکۆس بەردەوام سەبارەت بە ئێمە قسەی لەگەڵ خاڵەدا دەکرد. هەر ئەو ڕۆژەی خاڵە گەیشتە ماڵی مامە، بۆ ئێوارەکەی چووین بۆ ماڵی مارکۆس. دەبوایە دراگاناش بهاتایە بۆ ئەوێ، دایکی مارکۆس لە هەوڵداندا بوو، تا نەشتەرگەریی بۆ سەرباز بکرێ. دراگانەش بەڵێنی پێدابوو کە یارمەتی بدات.



هەستم بە ئارامی دەکرد، هەموو لە هەوڵداندا بوون تا کێشەکانمان چارەسەربکرێ. هەر یەکە لەلایەکەوە خەریکبوو. دراگانا هات وەک خاوەن ماڵێ چووم دەرگاکەم بۆ کردەوە. هاتە ژوورەوە، هەر کە چاوی بە خاڵم کەوت وەک کارەبا بیگرێ وابوو، سەیری خاڵەشم کرد ئەویش وەک بتی لێهاتبوو، لەتەماشا کردنەکەیاندا ئەوەت بۆ دەردەکەوت ئەم دووانە دەیان ساڵە لەیەکتر دابڕاون و ئێستا بەڕێکەوت یەکترییان دۆزیوەتەوە. ئەم بارە چەند ساتێک درێژەی کێشاو سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. ویستم ئەو بێدەنگییە بشکێنم، بۆیە لە دراگانا چوومە پێشەوە و پێم وت: دەزانی چەند دڵم خۆشە، خاڵم هاتووە. ئەوە خاڵە ڕامانە، دەتوانی بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵ بکەی. هەموو پێکەنین. خاڵە و دراگانا سوور سوور بوونەوە. دایکی مارکۆس هەندێ خواردنەوەی هێنا، ئەویش زۆر دڵخۆش بوو. ئەو ئێوارەیە باسی زۆر شت کرا. لە ئیقامەو هاتنی دایک و باوکم و لانەو نەشتەرگەریی سەرباز. هەستم بەوە دەکرد خاڵم هەوڵ دەدات خۆی لەمەسەلەی هاتنی دایک وباوکم لابدا، ئەوەی گرنگ بوو بۆ ئەو چوونی ئێمە بوو بۆ لەندەن. پرسیاریشم لێکرد دەیوت دایکت و ئەوانیش دێن بۆ ئەوێ. باسی باوکمی بەهیچ جۆری نەدەکرد. من و سەرباز چوینە ژوورەکەی مارکۆس، هەرکە چوینە ژوورەکە، مارکۆس دایە قاقای پێکەنین. ویستمان بزانین بۆ پێدەکەنێ. ئەی نەتان بینی چی ڕوویدا؟ خۆشەویستی! تازە کەوتنە داوی یەکترەوە، داوی خۆشەویستی. بۆ ئێوە هەستتان پێنەکرد. تازە تەواو ئێوە نارۆن بۆ لەندەن. خاڵتان دێت بۆ ئێرە. ئەمەم زۆر پێخۆش بوو، خەمی ئەوەم لێهاتبوو ئێوە بچنە لەندەن.

من و سەربازیش سەیری مارکۆسمان دەکرد. ئەو بەردەوام پێدەکەنی و باسی خاڵە و دراگانای دەکرد. ئێمەش شەرممان دەکرد، تا ئەو کاتە کەسێک ئاوا بەکراوەیی باسی خۆشەویستی بۆمان نەکردووە. ئەو ئێوارەیە بۆم دەرکەوت مارکۆس کوڕێکی چوختییە.

خاڵە تەنیا بە ئێواران دەهاتەوە ماڵی مامە. باسی ئەوەشی نەدەکرد شەو لە کوێ دەمێنێتەوە. ئێوارەیەک من و سەربازی بردە دەرەوە. پاش ماوەیەک دراگاناش هات، یەکسەر قسەکانی مارکۆسم هاتەوە یاد. بۆم دەرکەوت قسەکانی مارکۆس ڕاستن. پێکەوە چوینە قاوەخانەیەک، من و سەرباز داوای پارچە کێکێکمان کرد. ئۆی چەند خۆش بوو. تائێستا کێکی وام نەخواردبوو. خاڵە زۆرجار بەبێ شەرم دەستی دەخستە سەر شانی دراگانا یان ماچێکی ڕوومەتی دەکرد. من و سەربازیش شەرممان دەکرد. بەلامەوە سەیربوو دراگانا و خاڵە پەیوەندییەکی هێندە گەرمیان هەبوو، تا ماوەیەک نە من و نە سەرباز لێی تێنەدەگەیشتین. خۆ ئەوان ماوەیەکی زۆر کورتە یەکتر دەناسن. لەگەڵ سەربازدا چەند جارێ باسمان کرد. پاشتریش دەمانووت ئەو پەیوەندییەی ئەوان بەرژەوەندیی ئێمەی تێدایە. ئێوارەیەک پاش ئەوەی دراگانا لە کار هاتەوە، ئێمەیان بردە دەرەوەو لە دەرەوە نانمان خوارد، ئەوە یەکەمین جاربوو لەوەتی هاتبووین بۆ سوێد لە دەرەوە نان بخۆین. پاشان چووینە چەند دووکانێکی جلوبەرگ، خاڵە هەندێ جلی جوانی بۆ کڕین، سەرباز زۆر دڵی بە جلەکانی خۆشبوو. داوامان لەخاڵم کرد



هەندێ جلیش بۆ سۆما بکڕێ. ئەو کات خاڵم جلی بۆ هەموویان کڕی بەڵام من و سەرباز نەمان هێشت جل بۆ نازە بکڕێ. هەرچەند ئەو هەوڵی دا، ئێمەش نەمانهێشت. خاڵم لەوە نەدەگەیشت بۆ ئێمە حەزمان لە نازە نییە، ئەو بەرامبەر خاڵم ماریفەتێکی زۆری دەنواند. تەنانەت ئەو ڕۆژانەش لەگەڵ ئێمەدا باشتربوو. نازە بەردەوام پرسیاری لە خاڵە دەکرد، بەتایبەتی لەسەر دراگانا، زۆری مەبەست بوو بزانێ شەوان لای کێ دەخەوێ. گەر دراگانا بتوانێ یارمەتی ئەوانیش بدات تا ئێقامە زووتر وەربگرن. نازە لەوەش دەترسا جیاکردنەوەی مەسەلەکەی ئێمە کار لەئیشەکەی ئەوان بکات، خاڵە دڵنیای کرد ئەو شتێ ناکات زیان لە مەسەلەکەی ئەوان بگەیەنێ. ئێوارەیەک خاڵە هات بە دواماندا وتی گوایە دەمانبات بۆ لای برادەرێک و شەو لەوێ دەمێنینەوە. کەچی بردینی بۆ لای دراگانا. ماڵەکەی زۆر خۆشبوو، خانوویەکی دووقات، باخچەیەکی بچووکی هەبوو. شتەکانی هەموو جوان بوون. هەر کە گەیشتینە ئەوێ، سەرباز پرسی گەر پلەیستەیشنی هەبێت. ئەویش پێکەنی و وتی گەر منداڵ لە ماڵێکدا نەبێت زەحمەتە شتی وای لێبێت. خاڵە بەڵێنی دا بۆی بکڕێ، بەمەرجێ بچێتە قوتابخانە و هاروهاجی نەکات. خاڵە هەواڵێکی خۆشی پێبوو بۆمان، لەوانەیە ئەوە یەکەمین هەواڵ بێت، تۆزقاڵێ خۆشیی خستبێتە دڵمانەوە. داوای لە دراگانا کرد هەواڵەکەمان پێ ڕابگەیەنێت. گەر ئێمە ڕازی بین ئەوا ئێمە دەتوانین لەمەودوا لەلای دراگانا بژین. ژوورێکیشیان بۆمان ئامادەکردبوو، هەریەک لە ئێمە جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، مێزی نووسین، بڕیاریش وابوو تەلەفزیۆنێکی بچووکمان بۆ

بکرن. لە خۆشیدا باوەشمان بە هەرووکیاندا کرد. ئەو ئێوارەیە خاڵە ئەوەی بۆ باسکردین  ئەو و دراگانا ماوەیەکە یەکتر دەناسن و بە ڕێککەوت لەیەک دابڕاون. ئەگەر ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت بڕواتەوە بۆ لەندەن،  ئێمە دەتوانیین لای ئەو بمێنینەوە. دراگاناش هەوڵدەدات لە ڕووی یاساییەوە ئەو لە ئێمە لێپرسراو بێت. پاش بەزمی ڕاکردنەکەمان شتەکان لای لایەنە لێپرسراوەکان ئاشکرا بوو،  لە ڕووی یاساییەوە ئێمە بە گەنجی خوار هەژدە دادەنراین، کەسێک یان  خێزانێک  مافی ئەوەیان هەیە بمان بەنە لای خۆیان و لێپرسراوی ئێمە بن. ئەوەمان زۆر پێخۆشبوو، خاڵە هەستی بەمە کرد بۆیە وتی: سبەی دەڕۆین شتەکانتان دەهێنین بۆ ئێرە هەر لای ئەم بژین. خێرا بیرم لە سۆما کردەوە، خۆ نەدەکرا بڵێم با سۆماش بێت بۆ ئێرە. دەمزانی بیری سۆما زۆر دەکەم، گرنگ نییە هەموو ڕۆژ دەتوانم بیبینم.

مامەم ئەم شتەی پێناخۆش بوو. تەنانەت نازەش بەم هەواڵە دڵگران بوو، زۆر بە توڕەییەوە بە خاڵەی وت ئەمان پەیوەندییان بە پارێزەرێکەوە کردووە، نیازیانە بەهۆی ئەو گرفتانەی کە بەسەر سەربازدا هاتووە هەوڵبدەن زووتر ئیقامەکەیان دەرچێ، نازە دەیوست دواکەوتنی وەرگرتنی ئێقامەکەیان بە خەتای ئاوات و سەرباز دابنێ لەبەرئەوەی ئەوان نهێنییەکەیان ئاشکراکرد. خاڵە قسەکانی نازەی بەلاوە گرنگ نەبوو، دەیزانی نازە لەوێدا دەیەوێ باری ئێمە بەکاربهێنێ بۆ وەگەڕخستنی ئیشەکەیان.



ڕۆژی دوایی، پاش ئەوەی لە قوتابخانە گەڕاینەوە چوینە لای دراگانا. لەگەڵ خاڵە چووین تەلەفزێونێک و پلەیستەیشن و چەند یارییەکیشی بۆ کڕین. سەرباز زۆر بەختەوەر بوو، بەتایبەتی خاڵە دوا یاری فیفا و جلی تۆپانێ و تۆپێکی بۆکڕی. خاڵە مەرجی لەگەڵدا کرد کە پێش هەموو شتێ دەبێت بچێت بۆ قوتابخانەو وانەکانی بخوێنێت، پاشان یاری بکات. سەرباز وەک منداڵێکی بچووک دەهاتە پێش چاوم. خواخوای بوو زوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەوە یەکەمین جار بوو، خۆشی لە تاقە چاوەکەی سەربازدا بەدی بکەم. ئەو ئێوارەیە خاڵە هەواڵێکی تری خۆشی پێ بوو. گوایە لەمەدوا دراگانا یارمەتیەکەمان بۆ وەردەگرێ و هەندێکی دەدا بەخۆمان. یەکسەر بیرم لە بووکەکەی لانە کردەوە، هەر دراگانا پارەکەی داپێم، بووکێکی جوان بۆ لانە دەکڕم. گەر نەمتوانی بینێرم ، ئەوا هەر لێرە دای دەنێم تا خۆی دێت. خاڵە هەر قسەی دەکرد منیش خەیاڵم لای پارەو بووکەکە بوو. من ناتوانم لەوەندە زیاتر بمێنمەوە، لەبەر کارەکەم. هەوڵدەدەم وا ڕێکی بخەین  هێندە نەبا بێنە لەندەن. سەیرم لە قسەکانی خاڵە سوڕمابوو، هەر جاری قسەیەکی دەکرد، هەندێ جار دەیوت منیش دێمە ئێرەو کار دەدۆزمەوە. دراگانا دەیوت لێرە پزیشک دەتوانێ زوو کار بدۆزێتەوە، ڕامان لێرە لەبەر ئیش پەکی ناکەوێ. هەندێ جاریش دەیوت دەچین بۆ لەندەن، بەلای منەوە ئەوەی گرنگ بوو دایە و بابەو لانە بگەنە لامان، ئیتر لەهەرکوێ دەژین گرنگ نییە.

ئەو شەوە ئەوەندە دڵم خۆشبوو خەوم لێنەکەوت. نەمدەزانی چیبکەم. لەپەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانم کرد. مانگی چواردەم تێدا بەدی کرد، خێرا بەردەکەم بیر کەوتەوە. کەوتمە گەڕان بە دوایدا. دیاربوو سەرباز هێشتا خەوی لێنەکەوتبوو و زانیشی بە دوای بەردەکەدا دەگەڕێم، بەردەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دای پێم و وتی هەمووی درۆیە و دوێنێ هەموو شەوەکە دانیشتم هیچیم تێدا نەبینی. بەردەکەم لێوەرگرت و خستمە سەر دڵم، داوام لە دڵم کرد گەرمی بکاتەوە. نیازەکانمی پێڕابگەیەنێ. چاوم نوقاند و لە خودا پاڕامەوە یارمەتیم بدات و هەواڵێکی دایک و باوکم بزانم، هێندەی نەبرد گوێم لە پرخە پرخی سەرباز بوو. تیشکی مانگ لەسەر جێگەکەمەوە دیارنەبوو، چوومە لای پەنجەرەکەوە و لەبەردەم تیشکی مانگدا دانیشتم. سەیرێکی ئاسمانم کرد. ئەمجارەیان لەمانگ پاڕامەوە تەنیا ئەمجارە دایەو بابەو لانەم نیشان بدا، بەڵێنم بە بەردەکە دا ئەوە دوا داوام بێت و جارێکی دی داوای هیچی لێ نەکەم.

ماوەیەکی زۆرە هیچ دەنگیان نییە، بەڵێنیان دا زوو زوو تەلەفۆنمان بۆ بکەن، کەچی ڕاستیان نەکرد. گەر گەیشتن، دەبێ یەک هەفتە قسەیان لەگەڵدا نەکەم. تەنیا قسە لەگەڵ لانەدا دەکەم. دەریایەک لەسەر بەردەکە بەدەرکەوت، زۆر دڵم خۆشبوو، ئەمە مانای ئەوەیە گەیشتوونەتە یۆنان، ترسم لێنیشت، لەبیرمە زۆرجار باسی ئەوەیان دەکرد خەڵک لەکاتی پەڕینەوەدا خنکاون. خەڵک دەبینم لەناو بەلەمێکدان، لە ناوەڕاستی دەریاکە، دەریاکە شەپۆل دەدات، شەپۆلەکانی زۆر بەرزن، ئەوە چی ڕوویدا،



بەلەمەکە ون بوو، خەڵک لە قەراغی دەریاکە دەبینم. بەلەمەکە ون بوو، کەسەکانی ناو بەلەمەکەش نابینم. بایەکی سەیر هەڵی کرد، شەپۆلەکان بەرزترو بەرزتر دەبنەوە، خەڵکی قەراغ دەریاکە ڕادەکەن، لەدەریاکە دوورکەوتنەوە. تاریک بوو، ڕووناکییم لەهیچ شوێنێکدا بەدی نەدەکرد. وێنەکانی سەر بەردەکە ونبوو. ئەمجارەش هیچ تێنەگەیشتم. لە کوێن، ماون نەماون. دیارە بەردەکە وەک جاران نەماوە، وەک تەلەفزیۆن شۆرتی کردووە. یان ئەویش لێم زیز بووە، ماوەیەکە هێندە ئاگام لێی نەماوە. دەبێت لای خۆم داینێم، هەردەم لەگیرفانمدا بێت.

نابێ کەسێکی تریش دەستکاری بکات جگە لە سۆما. چەند بیری سۆما دەکەم. ڕاستە خۆشە لێرە بژین، بەڵام بێ سۆمایم پێوە دیارە. ئەوەی یارمەتی دەدام لە ناو ئەو هەموو ناخۆشییەدا بژیم بوونی سۆما بوو، تەنانەت لەسەر ئێمە شەڕی لەگەڵ دایکی دەکرد. لە براکانی تورە دەبوو، ئای ئەو ئامۆزایانەم چەند گەمژەن، شیروان و سیروان یەک لەیەک بلّح ترن، هەر خەریکی خواردنن، ئاگایان لە خوێندن نەبوو، مامۆستاکەیان بەدەستیانەوە گیری خواردبوو. نازەش لەوان خراپتر، هەموو ڕۆژێ تێر مریشک نەخوا خۆی بەبەشەر نازانێ، هەرگیز بێزاریش نابێ. بەردەوامیش خەریکی فشە بوو، لای ژنانی گەڕەک بەردەوام باسی ژیانی کوردستانی بۆ دەکردن، بۆ خانوو قاپ و قاچاخەکانی دەرگریا، بۆ فەرش و تاقمی ژووری میوانەکەی دەگریا. ئەی جلەکانی، تازەترین مۆدێلی قوماشی لەبەردەکرد، ئەو یەکەمین کەس بوو ئەو قوماشانەی لەبەر دەکرد کە لە دوبەی و

بەغداوە دەهاتنە کوردستان. منداڵەکانیشی بێجگە لە سۆما وەک خۆی وان. مامەشم تەنیا خەریکی جگەرە کێشانە، هەتا دێت خراپتر دەبێت، زۆر ماتە، زۆرجار تاقەتی ڕیش تاشینیشی نییە. کەچی نازە هەموو ڕۆژێ خۆی دەگۆڕێ و هەر ڕۆژە قژی ڕەنگێکە و دوکانێکی تری لەنگە دەدۆزێتەوە.

ئاوات شەکەت بوو. هەستم کرد لەوە زیاتر توانای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نییە. قسەکەم پێ بڕی، داوام لێکرد پشوویەک بدات. پێکەوە چوینە باڵکۆنەکەو جگەرەیەکم داگیرساند، بەسەرسووڕمانەوە پێی وتم: نەمدەزانی جگەرە دەکێشی. چەند ساڵێکە، جاران گاڵتەم بەو کەسانە دەهات دەیانووت جگەرە یارمەتیان دەدات خەمەکانیان لە بیرکەن. ویستم تاقیبکەمەوە بزانم دوکەڵی جگەرە یارمەتیم دەدات تا باری خەمەکانم سووک تر بێت، یارمەتی نەدام بەڵام فێری جگەرەکێشانبووم. دەزانی زۆر جار سەیری دووکەڵەکەی دەکەم، ئەو وێنانەی تێدا دەبینم کە دەمەوێت. بە پێکەنینەوە پێم وت دەزانی لەبەردەکەی ئێوە دەکات. ئەی کێ فێرێ قاوەخواردنەوەی کردووی؟ لەکار. هەموو قاوە دەخۆنەوە... وادەزانن ئەو قاوە تاڵە هێزییان دەداتێ. ئەی تۆ بۆ دەستت پێکرد. تا خۆم بەیەکێ لەوان بزانم. ئاوات پێکەنی لە نیگای چاوەکانیدا بێ هیوایی و خەمێکی زۆرم بەدی کرد. لە جانتاکەی چەند لاپەڕەیەکی داپێم، باوەشی پێداکردم و ڕۆیشت. منیش بە تەنیا مامەوە، بیرم لە دەستوورەکانی ژیان دەکردەوە. بیرم لە ماناکانی ژیان دەکردەوە. دەڵێن هەر شتێ لە ژیاندا ڕوودەدات مەبەستێکی تێدایە. ناتوانم لەو مەبەستانە بگەم، یان



هەزمییان بکەم. دەبێت مەبەست لە جیابوونەوەی ئەم دوو منداڵە لەدایک و باوکی چی بێت. ئاڵەم کاتانەدا هێندە لە ژیان و دەستوورەکانی توڕەم، دەمەوێ بە شاخی گامێشێک سەروژێری بکەم.

خێرا هەموو ئەو لاپەڕانەم هەڵگرت، دڵم بەرگەی ئەو هەموو ئازارە ناگرێ، چونکە دڵی خۆی هەوارگەی خەم و برین بێت، بەزەحمەت باری کەسانی تری پێهەڵدەگیرێ و زۆر ناسکیش دەبێتەوە. جاران دڵەکەم بە هەموو ئاوازێ دەکەوتە سەما، لەسەر هەر بستە زەوییەک دەواری خۆی هەڵدەدا، کەچی ئێستا هیچ ئاوازێک نییە لەم ژیانەدا بیهێنێتە سەما، بستێک خاک نەماوە دەواری خۆی لێ هەڵدا. کوڕەکەم هەمووی لەگەڵ خۆی برد، دەبێ کاتێ بێت بۆم بگەڕێنێتەوە، ئەویش لەودیوو، لەسەرەتاوە پێویستی بە یارمەتی هەیە، سەیرە خۆ لەوێش خەڵکی زۆر لێیە یارمەتی بدەن، دایەگەورە لەوێیە. خۆی پێی وتم لای دایەگەرەیە، زوو زوو سەر دەخاتە سەر ڕانی، وەک چۆن سەری دەخستە سەر ڕانی من و منیش سەرم دەخوراند و قسەمان دەکرد، دواجار ڕۆژێ پێش ڕۆیشتنەکەی بوو، وتم پورت هێندە جوان سەری بۆ تاشیووی، لەگەڵ ئەوەی درێژبووەتەوە کەچی زۆر جوان دەوەستێ. ئیتر ئەمجارە کاتی سەرتاشینت هات سەرت لێدەکەمەوە بۆی دەنێرین، تا ئەو لەوێ بۆت کورت بکاتەوە، نە پێکەنی و نە قسەی کرد، گەر جاران بوایە لەسەر پشت بۆی دەکەوت و پێدەکەنی. پێکەنینی بیرچووبووەوە. هەندێ جار بە قسەی خوشکەکەی هێندە پێدەکەنی خۆی نەدەگرت و لەسەر

پشت پاڵدەکەوت و پێدەکەنی. هەندێ جار دەمووت بەسە کوڕم دەپڕوکێی. ئەو ماوەیە پێکەنین لەفەرهەنگی ئەودا نەمابوو، کەمجار بوو وەک جاران پێبکەنیایە، تەنانەت ئەمەش وەک پەتایەک منیش تووشی بووبووم، جارێک چوومە سەرەوە، بینیم هێندە جوان لەبەردەم مێزی نووسینەکەی دانیشتبوو، دەیخوێند، ئەم وێنەیەم هێندە پێ جوان بوو، بزەیەکی فراوان لەسەر ڕووم دەرکەوت. پرسی چییە بۆ واپێدەکەنی، وتم دیمەنەکەت زۆرجوانە لە پشتەوە خۆر ئاوا دەبێت و ئاسمان ڕەنگی پەمەییە و تۆش جوان جوان دانیشتووی دەخوێنی، چی دەخوێنی، فەرەنسی، هەفتەی داهاتوو تاقیکردنەوەمان هەیە. لە دڵی خۆمدا وتم خوایە سوپاس بۆ ئەم منداڵەی پێت بەخشیووم، زۆر دایک و باوکان هات و هاواریانە لە دەست منداڵەکانیان، تا بخوێنن کەچی کوڕەکەی من بۆ هەفتەی داهاتوو دەخوێنێ. زۆر جار کە دەهاتەوە پێش ئەوەی نان بخوات خەریکی خوێندن بوو، منیش پێم دەوت کوڕم، جارێ نانەکەت بخۆ و پشوویەک بدە ئەوجار خەریکی خوێندن ببە. لە دڵی خۆمدا دەمووت ئەم منداڵەی من لە منداڵی ئەم زەمانە ناکات، دایک وباوکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەمەقاڵەیانە تا پێش هەموو شتێ بخوێنن ئەوجا خەریکی شتی تربن، یان منداڵانی ئەم زەمانە لە بۆڵەی دایک و باوک ڕادەکەن لەبەرئەوەی جێگەکەیان چاک ناکەن و جلەکانیان بەو ناوەدا فڕێ دەدەن، کەچی من ڕۆژێ نەچوومەتە ژوورەکەی جێگاکەی چاک نەکردبێت یان پارچە جلێکی بەجوانی قەد نەکردبێ، دیاربوو منداڵی ئەم زەمانە نەبوو، بۆیە هەر وا زوو ڕۆیشت، گەر منداڵی ئەم زەمانە بوایە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ یەکێکماندا شەڕێکی



دەکرد یان هاواری دەکردو سەرپێچی لە قسەیەکی ئێمە دەکرد، یان لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەمەقاڵەی دەبوو. هەروەک منداڵی ئەم زەمانە نەبێت و هیچی بەلاوە گرنگ نەبێت. دیاربوو دەیزانی ئەم وڵاتە هەوارگەی دڵی ئەو نییە، دڵی لە شوێنێکی تربوو، کە ڕۆیشتیش هێندە بە ئارامی ڕۆیشت، کەسمان گوێمان لە هەناسەیەکیشی نەبوو، کەسمان گوێمان لەنرکەیەکی نەبوو، کەسمان گوێمان لەترپەی پێی نەبوو، تەنیا من بۆ دواجار چاوەکانیم داخست، دەمزانی دەیەوێ ئەو دنیایە ببینێ کە ڕۆحی تێدا ئارامدەگرێ. ببورە کوڕم نەمتوانی ڕێگەی ئەو سەفەرەت لێبگرم، بڕیاری خۆت بوو نەمدەتوانی بیگۆڕم، ببورە کوڕم. کۆچەکەت دڵمی تواندەوە.

## کۆچ یان گەڕانەوە

ئەو ماوەیە هەردوو براکە لای دراگانا دەژیان، پەیوەندیشیان لەگەڵ سۆما زۆر بەهێزبوو، ئیتر لەوەندە زیاتر هیچی تر نازانم. ئەم ئاواتەش سەیرە بە مسقاڵ شتەکانم بۆ باسدەکات، نازانم مەبەستی چییە. خۆ هەموو نهێنیەکان ئاشکرا بوون. تەنانەت باسی ئەوەشی بۆ نەکردووم ئێستا لەگەڵ کێ دەژی، دایک و باوکی ماوە یان نا، بەردەکەشی هەربۆ نەهێنام. تەواو بێتاقەتی کردووم، خۆ ئێستا ناتوانم شتی تریش بنووسم. خۆ خۆشم دەتوانم چیرۆکەکە تەواو بکەم. دەتوانم بەم شێوەیەی لێبکەم... دراگانا شوودەکات بە ڕامان، سۆما شوودەکات بە ئاوات، سەرباز چاوی عەمەلیات دەکات... ئەی دایک وباوکی چییان

بەسەردێ؟ ئەی لانە؟ باوکی زیندانی کراوە و ئازاد نەبووە، دایکی و لانە لە ڕێگەی یۆنان دەخنکێن. نا... نا حەزم لە کۆتایی لەم بابەتە نییە. حەز ناکەم خوێنەر بە خوێندنەوەی بەرهەمێکی من خەم دایبگرێ و جارێکی تر دەست بۆ بەرهەمی داهاتووم نەبا. هەرچەندە ئەو کۆتاییە کۆتاییەکی زۆر واقیعییانەیە بۆ ژیانی کەسانی لای ئێمە. من دەمەوێ واقیعێکی تر بدۆزمەوە.

زیاتر لە چەند هەفتەیەک تێپەڕی نەمن توانیم کۆتایی بۆ چیرۆکەکەی ئاوات بنووسم نە ئەویش تەلەفۆنی بۆم کرد. ڕۆژێک لە ناو شار دەسوڕامەوە، سۆمام بینی لەگەڵ چەند کچێکی تردا بوو. دوودڵ بووم لەوەی سڵاوی لێبکەم. خۆی هاتە پێشەوە و باوەشی پێداکردم. ئاوات نەیتوانی بێتە لات. سەرباز نەشتەرگەریی بۆکراوە، لەوە دەکات باری تەندروستی باش نەبێت. جاری یەکەم باشتربوو، ئەمجارە لەوە دەکات دڵی بێهێز بووبێت. ئاوات زۆر نیگەرانە، هەموو کات لەگەڵ خاڵیدا لە خەستەخانەیە.

وەک لاڵم لێهات، وشەیەکم بیر نەمابوو، هەروەک ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان وشەیەک لە زارم نەهاتبێتە دەر. تەواو شپرزە بووم، ویژدانم ئازاری دەدام. ڕاستە ئەو تەلەفۆنی نەکردووە، بەڵام دەبوایە من هەواڵێکم بپرسییایە. چ پورێکی خەڵەفاوم. گەیشتمە ماڵەوە دەبێ تەلەفۆنی بۆ بکەم، دڵخۆشی بدەمەوە. خۆشم دەزانم لە کاتێکی وادا هیچ وشەیەک دڵخۆشی مرۆڤ ناداتەوە. مرۆڤ گاڵتەی بەهەموو وشەیەک دێت، بێزارە لە هەموو دەنگێ، ڕقی لەهەموو خەندەیەکە، کات وندەبێ و ڕووناکی



شەرمن دەبێ. دەزووەکان دەبن بە تۆڕی ماسی و سەرەتای تاڵە دەزووەکە بەدی ناکرێ. ئەم دنیایە چەند سەیرە. خودی مرۆڤیش سەیرتر. تێناگەم گەر ژیان وا بێت، بۆ دەبێت دەستپێبکات. بوونی ژیان مانای ئازاردانی ڕۆحەکانە. ئەی بۆ ڕۆحەکان ڕازی دەبن بێنە ئەم ژیانەوە، گەر سەفەرەکەیان بە ئازار دەستپێبکات. ئەوانەی بەرەو ڕۆژ دەگەڕێنەوە سەفەرەکەیان بە ڕووناکی کۆتایی پێدێت، ئەوانەشی هەناسە دەدەن، ئازارێکی نوێ بە ڕەنگێکی نوێ لەدایک دەبێت و تێکەڵ بە ئازارەکانی تر دەبێ، ڕەنگی نوێ وەردەگرێ. ئازار هەر ئازارە و ڕەنگیش هەر ڕەنگە، مرۆڤیش هەر مرۆڤە، ژیانیش مردنە، مردنیش لەدایکبوونەوەی ژیانە. منیش لەم شانۆگەرییەی سەر زەمین بێزاربووم. لەم دەرهێنەرە قەشمەرە بێزاربووم، لەم شانۆ شقارتەییە بێزاربووم. لەم مۆسیقا بێ سەمایە بیزاربووم، لەم ڕەنگە بێڕەنگانەی دەوروبەرم بێزاربووم. کێ لەمن بێزارترە، کوڕەکەم یان ئاوات؟ کوڕەکەم ئێرەی بەجێهێشت، خواردنەکان تامیان نەمابوو، دەنگەکان بێ ئاواز بوون، جولانەوەکان بێ بزوتن بوون، ئامێزەکان ساردبوون. ئاوات بێدەنگە، دەیەوێ سنووری لە نێوان خۆی و وشەکانی هەڵچنێ، دەیەوێ ئاسمان بنبەست بکات، دەیەوێ هەتاو بخاتە سەرشانی و تاریکی زیندانەکان ڕۆشن بکاتەوە، ئاوات بێدەنگە و کوڕەکەم بێڕەنگە و منیش بێ ڕێگام.

ئاوات بەدوای دەنگیدا، کوڕەکەم بەدوای ڕەنگیدا، منیش بەدوای ڕێگەیەکدا، هەموو سەرگەردانین. لەکوێ بەدوای ڕێگەدا بگەڕێم، خۆ هەموو بستێکی ئەم زەوییە بە ڕێگا چنراوە، کام ڕێگە

دەبێت ڕێگەی من بێت. ئا ئێستا پێویستیم بە بەردەکە بوو. چەند جار بەڵێنی پێدام بەردەکەم بۆ بێنێت، هەر جارەو شتێکی دەوت. سەیرکە ئێستا مانگ مانگی چواردەیە. کاتێکی چەند باش بوو، تیشکی مانگ چ میوانێکی سەلارە. کڕنوش بۆ وێنەی کوڕەکەم دەبات، وێنەکە تیشکی مانگ پێچەوانەدەکاتەوە بۆ دڵم. کێ دەڵێ ئەم وێنەیەش وەک بەردەکەی ئاوات نییە. وێنەکەم هێنایە خوارەوە، بوو بە پارچەیەک لە ڕووناکی، گڵۆپەکان کوژانەوە، مۆمەکان داگیرسان. لاپەڕەکانی ئاوات هاتنە بەردەمم. باوەشم بەلاپەڕەکاندا کرد. ترسی ئەوەم هەبوو ئەوانیش کۆچ بکەن یان لە ئامێزی مۆمەکاندا گڕبگرن. یەکەیەکە وشەکان لەسەر وێنەکە ڕیزیان بەست، دەنگی وێنەکە وشەکانی بۆم دەخوێندەوە، وێنەکە دەیزانی پەردەیەک فرمێسک بەر چاومی گرتووە. وێنەکەم خستە ئامێزم و دڵم گوێی بۆ گرت.

*شەڕێکی گەورە ڕوویدا، مامەم بۆ یەکەمین جار لە سەربازی دا. هەموو لە دەرەوە یاری فتبۆڵێنمان دەکرد، کوڕی گەڕەک هەموو هاتبوون. کەسیان چاری سەربازیان نەدەکرد. یەکێ دەیوت لە ڕۆناڵدۆ ئازاترە، یەکێ دەیوت بێکهامی خستووەتە گیرفانییەوە یەکێ دەیووت لارسون هەر هیچ نییە لە چاویدا. ئەمانە شیروانی توڕەکرد. بەرەو ڕووی سەرباز هات. سەرباز ویستی شەق لە تۆپەکە بدات کەچی بەر دەمی شیروان کەوت. دەمی پڕبوو لە خوێن. لەدڵی خۆمدا وتم هەی قاچەکانت خۆش بێت.*



*ئەو ئێوارەیە کەس لەو ماڵە نانی نەخوارد، نازە دەهات و دەچوو. بەوە ڕازی نەبوو کە مامەم چەند شەقێکی لە سەرباز هەڵدا. من و سۆماو سەرباز هەر دەگریاین. شیروان و سیروان زۆر دڵیان خۆشبوو، ساراش وەک پشیلە بەدوای دایکییەوە بوو . تەواو بێزاربووم، شتەکانم کۆکردەوە و لە پەنجەرەکەوە فڕێم دانە خوارەوە و پاشان من و سەربازیش لە پەنجەرەکەوە بازمان دایە خوارەوە. بەو شەوە چوینە ماڵی مارکۆس. دایکی لە ژوورەکەی خوارەوە جێگای بۆ داخستین. ئەو شەوە بەهێمنی خەومان لێکەوت. جێگەکەش زۆر خۆشبوو. بەیانی کەسمان نەچووین بۆ قوتانخانە.*

*باوکی مارکۆس داوای لێکردین ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە بمێنینەوە،. پاش هاتنەوەی ئەوان لەگەڵ مامە قسە دەکات. مارکۆس هاتە لامان و دڵی داینەوە و وتی جارێکی کە مەڕۆنەوە بۆ لایان. منش بیرم لە سۆما دەکردەوە، گەر نەڕۆینەوە لەوانەیە نەتوانم سۆما ببینم. هەر سۆماشە هێزم دەداتێ. ئەم ماوە دوورو درێژە ئەو نەبوایە بەرگەی ڕقی نازەم نەدەگرت. نازانم شیروان و سیروان بۆ ئەوەندە لێمان بێزارن. کە پێویستیان بە یارمەتی هەبێ ئەوا دەبێ من یارمەتیان بدەم. هەندێ جار منیش بەهەڵە شتەکانیان بۆ دەنووسم. نەک ئەوە بەڵکو شتەکان بەهەڵە بۆ نازە وەردەگێڕم. کاتێ بیەوێ بچێ بۆلای دکتۆر من دەبات، خۆ من وەرگێڕ نیم، دەیەوێ بەسەرمنەوە فشەفش بکات. گرنگ دواجار پێم وت دکتۆرەکە دەڵێت نابێ گۆشتی مریشک بخۆیت، بۆ ڕیخۆڵەکانت باش نییە. ئەو ڕۆژە هەر نوکەی بوو، دەیوت چۆن من بەبێ مریشک ئیدارەبکەم. کەس نەما ئەمەی بۆ باس نەکات.*

*هەندێ لە ژنانی دراوسێ وتبوویان لەوانەیە ئاوات لە قسەی دکتۆر تێنەگەیشتبێ. منیش ترسی ئەوەم لێنیشت  درۆکەم دەرکەوێ. سۆما فریام کەوت، بەدایکی وت دکتۆر مەبەستی مریشکی سورۆکراوە، چونکە چەوری زۆر تێدایە. جارێکی تریش لەگەڵ سەربازدا فێڵێکی ترمان لێکرد. جارێک هەموو پێکەوە چوینە بازاڕ ویستی بۆن بکڕێ، بۆنێکی هەڵبژارد. ئێمەش بە دزییەوە بۆنێکی پیاوانەمان بۆ دانا. هەر بەمەی زانی لێمان توڕەبوو، ئەو کات مامەم وتی جا ژنەکە بۆنی پیاوانەو ژنانانە فەرقیان چییە؟ سۆماش  لەولاوە هەڵی دایەو وتی جا بیدە بە باوکم. خۆت مانگی داهاتوو بۆنێکی ژنانە بکڕە. نازە نەیتوانی چاوەڕانی مانگی داهاتوو بکات. لەگەڵ ژنێکی دراوسێدا چوو بۆنێکی گرانی کڕی. بۆ شەوەکەی چوومە حەمامەکەوەو شوشەکەم  بۆ بەتاڵ کردەوە و پڕمکرد لە ئاو. لەوانەیە گەر دایکم بەم کەین و بەینە بزانێ لێم زویر بێت. ئاخر ئەو نازانێ نازە چیمان پێدەکات. چەند ئازاری سەرباز دەدات. گرنگ نییە با زویربێت. منیش لەوان زویرم، ئێمەیان ناردو ئیتر خۆیان دەنگیان نەما. نە نامەیەک نە تەلەفۆنێک. هەر ئەڵێی منداڵیشیان نەبووین. من خۆم زۆر لێیان زویرم. گەر لە داهاتوودا ژنم هێنا و منداڵم بوو هەرگیز منداڵەکانم بەجێناهێڵم.*

دیارە ئاوات تەمەنی درێژ دەبێت، منداڵیشی دەبێت. هەستی ناوەوەی ئەمەی پێدەڵێت. کوڕەکەی من وا نەبوو، جارێکیان خەریکی خواردن ئامادەکردن بوو، پێم وت دەزانی ژنەکەت چەند بەختەوەر دەبێت لەبەرئەوەی مێردێکی وەک تۆی دەبێت، دەزانێ



خواردنی خۆش ئامادەبکات و دڵنیاشم  یارمەتی زۆر دەدەیت و ماڵ پاکدەکەیتەوەو  منداڵەکانیشت زۆر خۆش دەوێن. خێرا وتی جاکێ دەڵێت من ژن دەهێنم و منداڵم دەبێت. ئەی خۆ بەتەمانیت هەر لەگەڵ مندا بژیت. وەڵامی نەدامەوەو ڕۆیشت. دیارە خۆی دەیزانی ئەم ژیانە تا سەر بۆ ئەو نییە . من لەوە تێناگەم لەکوێوە ئەو هەستانە ڕۆحی مرۆڤ داگیردەکەن. ئاوات دڵنیایە لەوەی ژن دەهێنێت و منداڵی دەبێت، ئەویش لەوە دڵنیابوو کە نە ژن دەهێنێ و نە منداڵیشی دەبێت. منیش سەرگەردانی ئەو نهێنییەم، ئەو هەستەی لای ئەوان دروستکرد.  گەشتی منیش بۆ ناوەوەی خۆم دەبێت دەستپێبکات، ئەو گەشتەی ژیان لەدوای ژیان بەردەوامە و بەدوای نهێنیەکانی خودی خۆتدا وێڵی، کۆچ دەکەیت و دەگەڕێیتەوە، دەگەڕێیتەوەو کۆچ دەکەیت، کامیان سەرەتایەو کامیان کۆتاییە؟ کەس نازانێ!!!.

## ئاوات و ئازار

بە ئاواتم وت لە ئازارەکانت تێدەگەم، واز لە فرمێسکەکانت بێنە با داباریێن بەسەرتا. سەرباز لە ئامێز بگرە، هێز بدەنە خۆتان، ئەم ژیانە نهێنیی خۆیی هەیە، لەکاتی پێویستدا نازانی لەکوێوە هێز دەبارێ بەسەرتا. بروات بەوە بێت سەرباز هۆشی دێتەوە سەرخۆی، وەک جاری جاران دەست دەکاتەوە بە تۆپێن، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئاگای لەخۆی نییە بەڵام دڵنیابە هێزی تۆ ئارامی بەو دەبەخشێ. من لەو ڕووەوە ئەزموونێکی زۆرم هەیە. ئیتر نەمویرا باسی ئەزموونەکەی خۆمی بۆبکەم. ئەزموونەکەی من لووتکەی

هیمالایاش بەرگەی ناگرێ، بەڵام من بەرگەم گرت. دوو ڕۆژ بوو هەستم دەکرد کوڕەکەم دەڕوات، بۆ کوێ نەمدەزانی، چۆن؟ نەمدەزانی! لە پۆلدا بووم کچەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی من چوومە دەرەوە شت بکڕم، کە هاتمەوە لەدەرگا دەدەم کەس دەرگام بۆ ناکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی براکەم لەماڵەوە بوو. ئیتر یەکسەر زانیم براکەی بەجێیهێشتووین. دەرگام کردەوە، ماڵەکەم کشومات بوو. کوڕەکەم وەک عیسا خۆی هەڵواسیبوو. هەرخۆم پەتی ملی کوڕەکەمم بە مەقەست بڕی. هێنامە خوارەوە، بانگم کرد جارێ دووجار سێ جار چوارجار وەڵامی نەدامەوە، خوشکەکەی تەلەفۆنی بۆ یارمەتی کرد. داوایان لێکردم هەناسەی دەستکردی بۆ بکەم، ئەوەشم کرد. هەستم دەکرد ئەوەی لەبەردەستمدا بوو کوڕەکەم نییە، بەڵکو لاشەیەکی بێ ڕۆح بوو، نەمدەناسییەوە، سەیری چاوەکانم کرد لە چاوی ئەوی نەدەکرد، چاوەکانیم داخست. لەسەر قادرمەکان دانیشتم لەسەر هەمان شوێن کە ئەو ڕۆژی پێشووتر لەسەری دانیشتبوو. لێم پرسی چییە وا لەوێ دانیشتووی، وتی سەیری دەرەوە دەکەم، جوانە. منیش وتم دەزانم بەفر جوانییەکی سەیر بە سروشت دەبەخشێ. دیمەنی دەرەوە زۆر جوانە، بۆیە من هەر دەمێکە دەمەوێ لە خانوویەکی وادا بژیم، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆت لەگەڵ سروشتدا هەیە، دەبینی چۆن دڵۆپەی باران لە ئاسمانەوە باوەش بە زەویدا دەکات، ئەی کولوە بەفرەکان، وا بە هێمنی و نەرم و نیان دێنە خوارەوە و دەکەونە سەر زەوی، دەڵێی لەنجەی خوداییەو ئارامیت پێدەبەخشێ. دەزانی ئەم بەفرە سپی و جوانە بەفری کوردستانم وەبیردەهێنێتەوە. پێشمەرگەبووم، جوانترین



کات شەوانی زستان بوو، ئێشکدێربووم، تیشکی مانگەکە دەیدا لەبەفرەکەو بەفرەکەش دەبریسکایەوە. هیچی نەووت، بێدەنگ بوو، هەستا چووە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبکات تا من قسەکەم تەواوبکەم. دەمویست زۆر شتی تری بۆ باسبکەم کەچی ڕۆیشت. دیارە پەلەی بوو بچێتە ژوورەکەی خۆی. لە ژوورەکەی خۆیدا پلانەکانی دانابوو، نامەکەی بۆ من نووسیبوو. لە ژوورەکەیدا پەتەکانی بەیەکەوە بەستبووەوە، لە ژوورەکەیدا دوا نوێژی کرد. فریا نەکەوت ئاوی پەرداخەکەی بخواتەوە، سێوێک و هەرمێیەکی بردبووە سەرەوە، هەر لە شوێنی خۆیاندا بوون، دیارە فریا نەکەوتبوو ئەوانەش بخوات. بۆچی بیخوات خۆلە دەمی ئەودا هیچ تامیان نەمابوو.

پاش ئەویش ژیان لای من تەنیا هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنە.

بڕیارم دا بچمە لای سەرباز. داوا لە کوڕەکەم دەکەم یارمەتی بدات. دەڵێن ئەوانەی دەکەونە کۆماوە کەسەکانی ئەودیو دەتوانن بیانبینن. قسەیان لەگەڵ بکەن. ئاوات لەوێ بوو. زۆر دڵی خۆشبوو. دەستم خستە ناو دەستی سەربازەوە... سەرباز کوڕم دیارە تۆ من ناناسی بەڵام من باش تۆ دەناسم. دڵنیام لەوەی دەگەڕێیتەوە لامان، دەشزانم دەبیتە باشترین یاریکەری جیهان، هەموومان دێین سەیری یارییەکانت دەکەین، دڵنیام دایکت و باوکت و لانەش دێن سەیری یارییەکانت دەکەن. کوڕم هێشتا ماوتە، کاتی سەفەر نییە. سەیری ئاواتم کرد، فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە بۆیە بێدەنگ بووم.

هێندەی نەبرد ڕامان و دراگانا هاتن، ئەو کات تێگەیشتم ئەو دوانەش پێکەوە دەژین. مامەش هات. تەمەنی زۆر گەورەتر دیاربوو، دانەکانی هەموو زەردببوون، یەکسەر ئەو وێنەیەم بیرکەوتەوە، ئاوات لە نامەکانیدا وەسفی کردبوو، هەردەم خەریکی جگەرەکێشان بوو. دیاربوو ماوەیەک بوو ڕیشی نەتاشیبوو. بە وردی دیقەتی دراگانا و ڕامانم دا. هەستم بە نزیکییەکی زۆر دەکرد لەنێوان ئەو دوو ڕۆحەدا، تەنانەت وا هەستم دەکرد هەردووکیان خاوەن یەک جەستەن. دەبێ نهێنی ئەمەش چی بێت، ڕامان دیارە لێرە دەژی، لەدڵی خۆمدا زۆر لە ئاوات توڕەبووم. تێگەیشتم زۆرشتی تریش هەیە هێشتا بۆی باسنەکردووم، ئەمجارە بینیم دەبێت قسەی لەگەڵ بکەم، گەر ئەو بیەوێ ئەم چیرۆکە باش دەرچێ دەبێت شتەکانم هەموو بۆ باسبکات. ئەوەی هەستدەکات نهێنییە دەتوانێ پێم بڵێت، دیارە پەیوەندی ئەم دووانەش نهێنیەکی تێدایە. بڕیارمدا بڕۆم، هەستم بە نامۆیی و ئازار دەکرد. سۆما هات، چوو سەری سەربازی ماچکرد و لای ئاواتەوە دانیشت. ڕامان هاتە لامەوەو وتی ئاوات و سۆما زۆرجار باست دەکەن، پێخۆشحاڵم کەسێکی وەک تۆ دەناسن، نازانم ئاوات باسی ئەوەی کردووە باوکی ڕۆژنامەنووسێکی باشە، دیارە گەر ئەو ئێستا لێرەبوایە دەتانتوانی پێکەوە ئەو بەسەرهاتە بنووسنەوە. ئاوات هاتە بەینەوەو قسەکانی بە خاڵی بڕی. لە دڵی خۆمدا زۆر تووڕەبووم، هیوایەکم بەوە بوو ڕامان هەندێ شت بدرکێنێ، لەوەش نەدەگەیشتم بۆ ئەو نایەوێ خاڵی هەموو شتەکانم بۆ باسبکات،



لەدڵی خۆمدا وتم دیارە دەیەوێ شتەکە بەمن دوابخات، تا باوکی بێت، لەوانەیە ئەوکات بیەوێ باوکی چیرۆکەکە بنووسێتەوە.

بڕیارم دا تا خۆی تەلەفۆن نەکات، پەیوەندی پێوە نەکەم. گەر یەکتریشمان بینی هیچ پرسیاریکی لێ ناکەم. لەم ماوەیەدا جۆرە پەیوەندییەکی تر لە نێوان من و سۆما و ئاواتدا پەیدابووە. ڕۆژانە چەندان پرسیار لەمەڕ ئەوان لەمێشکمدا دێن و دەچن، هەردەم وێنەی دایکیم لە پێشچاوە. قسەم لەگەڵ دەکرد، پرسیارم لێدەکرد، تاقە وشەیەکم گوێ لێ نەبوو. وەک هەموو دایکانی تر فرمێسک بۆ منداڵ و مێردەکەی هەڵدەڕێژێ. جا لەهەرکوێیەک بێت گرنگ نییە. ئەمجارە هات داوای وێنەیەکی دایکی لێدەکەم، بزانم هیچ هەستێکم بۆی هەیە. دەڵێن ئەو کەسانەی لە ژیانەکانی تردا پێکەوە بوون کاتێ دێنە ئەم ژیانەوە بە ئاسانی یەکتر دەدۆزنەوە. لەوانەیە ئاواتیش کەسێکی نزیکی من بێت بۆیە وا زوو منی دۆزییەوە، لەگەڵ ئەوەی منی نەدەناسی کەچی هەندێ شتی تایبەتیم بۆ باسدەکات و دەڵێت مەیخە ناو چیرۆکەکەوە ئەمانە پەیوەندییان تەنیا بە خودی خۆمەوە هەیە. لە ڕاستیدا بە نیازم ئەو شتانەی ئەو بۆی باسکردووم لە بەرهەمێکی تردا بیاننووسم بە جۆرێک کەس نەزانێ ئەمە داستانی ئەو کوڕەیە.

*خاڵە هاتە ژوورەوە ڕەنگی سوور بووبووەوە، پێدەکەنی. سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی لەمەودوا پێویست ناکات بیر لەوە بکەنەوە بچین بۆ لەندەن. من دێمە ئێرە. ئەم قسەیەم هێندە پێ سەیر بوو نەمتوانی هەڵوێست وەربگرم. سەرباز دەستی کرد بەگریان، ئەی دایە و بابە و لانە. ئەوانیش دێن بۆ ئێرە.*

هەوڵدەدەین بەم زووانە پەیوەندییان لەگەڵ ببەستین و ئاگاداریان بکەینەوە تا ئەوانیش بێن بۆ ئێرە. من دەمزانی دایکم هەر حەزی لە لەندەنە، ئەمە خەوی ئەوبوو. لەو باوەڕەدانیم دایە بەمە ڕازی بێت، ئەو بیری لەوە دەکردەوە لە لەندەن بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات. بابە گوێ بەوە نادات لەهەر کوێیەک بێت، گرنگ ئەوەیە بتوانێ بنووسێ. ئەو هەموو جار دەیوت لەهەر کوێیەک بم گرنگ نییە تەنیا ئەوەنەبێ بە ئازادی بژیم، لە کونە گورگێکدا بژیم بەلامەوە گرنگ نییە، من و سەرباز خێرا دەمانووت ئێمە نامانەوێ لە کونە گورگێکدا بژین.

هێندەی نەبرد من و سەرباز لەوە گەیشتین خاڵەو دراگانا یەکترییان خۆشدەوێت، لەوەش گەیشتین کە پەیوەندی ئەوان تازە نییە، لەوە دەکات کە پێشتر یەکترییان بینیبێ. هەردووکیان بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد، من و سەربازیش بەباشی لە ئینگلیزییەکە تێدەگەیشتین. دراگانا زۆر خەمی ئێمەی دەخوارد، یارمەتی دەداین بە تایبەتی لەدەرسەکانماندا. خاڵە ڕۆیشتەوە بۆ لەندەن. ئێمە هەر لای دراگانا ماینەوە. سەرمان لە ماڵی مامەم دەدا، هەروەک جاران لەگەڵ سۆمادا دەچووینە دەرەوە. هەر جارێکیش دراگانا ئێمەی ببردایە بۆ دەرەوە سۆماشمان دەبرد. سیروان و شیروان بەمە زۆر دڵگران دەبوون. دراگانا بۆ ماڵی مامەش کەوتە هەوڵدان بە جۆرێک کە ئاشکرا بوونی مەسەلەکەی ئێمە کار لە ئیقامەی ئەوان نەکات.

دایکی مارکۆس و دراگانا پەیوەندییەکی باشیان هەبوو. ئیتر پێکەوە دەچووین بۆ لایان. سەربازیش زوو زوو یاری تۆپێنی دەکرد. باوکی مارکۆس تیپێکی تایبەتی بۆ دۆزییەوە. لە



هەفتەیەکدا سێ جار تۆپانێی دەکرد. خاڵە بەردەوام تەلەفۆنی دەکرد. ئێوارەیەکیان قسەی لەگەڵ دراگانا کرد، پاش ئەو گفتوگۆیە دراگانا خەمگین دیاربوو، من و سەرباز خەمی ئەوەمان هەبوو ئەوان پەیوەندییان تێک بچێ و ئێمەش ناچاربین بگەڕێینەوە ماڵی مامە. لەگەڵ سەربازدا بڕیارمان دا کاتێ مانگ ببێت بە مانگی چوارده، بەردەکە دەربێنین و بزانین بۆ خاڵە و دراگانا لێک زیز بوون. چەند شەوێکی ویست. تا ئەو ماوەیە خاڵە هیچ تەلەفۆنی نەکرد. ئێوارەیەک دراگانا بە ئێمەی وت بە نیازە سەفەرێک بکات بۆ لای خاڵە. داوای کرد ئەو ماوەیە بچینەوە بۆ ماڵی مامە. ئیتر تەواو ئەوەمان بۆ دەرکەوت هەردووکیان پەیوەندییان تێکچووەو ئیتر ژیانەکەی پێشوومان دەستپێدەکاتەوە. دەچینەوە لای نازە. لەوانەیە مامەم ئەمەی زۆر پێخۆش بێت هیچ نەبێت لەبەر باوکە. منیش لەبەر سۆما ئەمەم پێخۆش بوو چونکە پێکەوە دەچووینە ئەو شوێنانەی یەکەمین ساڵ لێی بووین. باسی ئەو شتانەمان دەکرد پێکەوە کردوومانە. چۆن یەکەمین جار هەموو شتێکمان بەلاوە سەیربوو، جارێک چۆن پێکەوە و بە دزییەوە چووینە ناو شار سەیری ئەو بووکانەمان دەکرد جلییان لەبەردابوو. یادی هەموو ئەو شوێنانە دەکەینەوە کە ڕۆژانی یەکەمی هاتنمان بۆ سوێد بۆی چووبووین.

چەند ساڵێک بوو نەدەچوومە ئەو شوێنانەی پێشتر لێی ژیابووین، هەر کە دەچوومە ئەوێ دڵم تەنگ دەبوو، قورگم پڕدەبوو لەگریان. هەموو ئەو یادگارییانەم بەیاد دەهاتەوە، بۆ خۆ دوورخستنەوە لەهەموو یادگارییەکان نزیکی ئەو ناوە

نەدەکەوتمەوە. ئەو ئێوارەیە بڕیارم دا، سەردانێکی ئەو شوێنانە بکەم، دەبێت برینەکانم ساڕێژ ببنەوە. دەبێ ئێستا بتوانم بەو ناوانەدا بسوڕێمەوە یادی ئەو ڕۆژانە بکەم کە لەگەڵ کوڕەکەمدا پیاسەمان دەکرد، یان ڕامان دەکرد. بەرەو دارستانەکە ڕۆیشتم بەباڵای دارو گژو گیادا دەمڕوانی. ئەوەی سەیربوو لام لەو کاتانەدا بیرم تەنیا لای کوڕەکەم بوو وا هەستم دەکرد ئەویش لەگەڵمدایەو ڕێ دەکات، تەنانەت گوێم لە ترپەی پێ و دەنگی هەناسەی بوو. سەیری ئەملاو ئەولای خۆمم دەکرد کەسێکم بەدی نەدەکرد. دەستمکرد بەگریان، هەندێ جار شکی ئەوەم دەکرد کە بەرەو شێتی دەچم. پاشان دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە و دەمووت: دەڵێن کاتێ مرۆڤەکان دەمرن ماوەیەک ڕۆحەکان لە نزیکی زەوی دەمێننەوە تا دەپەڕنە ئەو دیوەوە. دیارە ڕۆحی ئەویش نەگەیشتووەتە ئەو بەر. بۆیە هێشتا لەهەموو شوێنێکدا هەست بەبوونی دەکەم. گوێم لەهەناسەکانیەتی، تیشکی چاویم بەردەکەوێ، دەهاتمەوە سەرخۆم، بەخۆمم دەوت نا ئێستا دڵم تەنگ نییە بەڵکو هەست بەئارامییەکی سەیر دەکەم، وا هەست دەکەم دەوروبەرم هەمووی ڕووناکییە. دیارە هەر ئەوە، خۆیەتی. دەڵێن مردووەکان دێنە ئەو شوێنانەی پڕن لە ڕووناکی. گەر زووتر ئەمەم بزانیایە کڕنوشم بۆ خۆر دەبردو ڕووناکیم لێ قەرزدەکرد، بۆ ئەوەی ڕۆحی کوڕەکەم بهاتایەتە ناو دڵمەوە. بەناو دارستانەکەدا دەڕۆیشتم. خۆمم دابووە دەست ڕێگایەک نەمدەزانی بەرەو کوێ دەمبا، هێندەش گرنگ نەبوو بەلامەوە بەرەو کوێ بڕۆم... کەس نییە لەماڵەوە چاوەڕوانم بکات، تا خواردنی بۆ ئامادەبکەم، یان بگەڕێمەوە کوڕەکەم دەرگام بۆ



بکاتەوەو باوەشێکم بۆ بکاتەوەو بڵێ هێی نانی. لە ناو پەلکی دارەکانەوە تیشکە کزەکانی هەتاو دزەیان دەکرد، ئەو کات زانیم ڕۆژ وەنەوز دەیباتەوە، سەیری کۆتایی ڕێگاکەم کرد، ئاوەکەم بینی، نازانم بۆ ئاو هەردەم بەلای خۆیدا ڕامدەکێشێ. بەناو چیادا دەڕۆم دەگەمە ئاو، بەدەشتاییدا دەڕۆم دەگەمە ئاو، بەئاسماندا دەفڕم، بەسەر ئاودا دەنیشمەوە. ئاو واز لەمن ناهێنێ. چوومە بەردەمی، لە نزیکی ئەوەوە لەسەر کورسییەک دانیشتم، یادی ئەو ڕۆژانەم دەکردەوە من و کوڕەکەم و خوشکەکەی پێکەوە دەچووین ماوەیەکی زۆر لەپێ دەشتایی لای ئاوەکە دەماینەوە. من خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبووم. ئەوانیش یارییان دەکرد و مەلەیان دەکرد. هەندێ جار دەمووت چەند خۆشە دوو منداڵت هەبێت ئاوا تەمەنیان لەیەکەوە نزیک بێت ، بەردەوام دەتوانن پێکەوە بن و یاری بکەن، منیش لە دوورەوە چاوم لێیانە و کتێب دەخوێنمەوە. ئێستا دەڵێم خۆزگە ئەو ساتانە کتێبم نەخوێندایەتەوەو لەگەڵ ئەواندا یاریم بکردایە. خۆ کە منداڵ بووین زۆرجار یاریم لەگەڵدا دەکردن، بەڵام هیچ هەستێکی منداڵیم لا نەمابوو، ئێمە کەی منداڵێتیمان بینیوە تا ئێستا لەبیرم مابێ. داوایان لێدەکردم باسی منداڵێتی خۆمیان بۆ بکەم. هیچم بیرنەمابوو یان ڕاسترە بڵێم منداڵیمان شایانی ئەوەنییە بۆ منداڵەکانمانی بگێڕینەوە. لەناکاوا یەکێک هات و دەستی خستە سەرشانم. لام کردەوە، ئاوات بوو. وتی: ئا لێرە یادگاری زۆرمان هەیە، لەو شوێنەی ویستمان پەیوەندی بە خواوە بکەین، لێرەوە نزیکە. هەستێکی زۆر تایبەتی بوو، زۆرجار بیر لەو هەستەم دەکەمەوە، ئارامییەکی سەیر هەموو جەستەمی

داگیرکردبوو، تەنانەت هەستم بەبوونی جەستەی خۆم نەدەکرد. مارکۆس منداڵێکی زۆر سەیرە، کاریگەری ڕاهێنانەکانی یەکسەرە بوون. ئێستاش زۆر جار داوای لێدەکەم دووبارە فێرمان بکاتەوە، ڕازی نابێت، دەڵێت تازە تەواو. ئێستاش هاتم ئەو ڕاهێنانانەی ئەو فێری کردووم دووبارەی بکەمەوەو دوعا بۆ سەرباز بکەم تا هۆشی بێتەوە سەرخۆی، خەمی ئەوەمە دایکم سەرباز وا ببینێ شێت دەبێت، ئەوان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو سەرباز بگاتە ئەم ناوەو نەشتەرگەریی بۆ بکرێ. ترسی ئەوەم هەیە ژیانی لەسەر دانێ.

ئاواتم هێمن کردەوەو ئەمجارە من هەندێ ڕاهێنانم فێرکرد، تا یارمەتی بدات هەست بە ئارامی ناوەوەی خۆی بکات و هەستەکانی بەکاربهێنێ بۆ یارمەتی دانی سەرباز. دیاربوو ئەویش بەدوای پرسیارەکانی ژیاندا وێڵبوو، منیش ماوەیەک وەک ئەو بووم، ئازارم زۆر چەشت تا بەشێک لە نهێنییەکانی ژیان و مردنم دۆزییەوە، نەمدەوێرا باسی ئەو نهێنیانەی بۆ بکەم، نەکا بە خەڵەفاوم دابنێ. ئەو ئێوارەیە بۆم دەرکەوت دایک و باوکی هێشتا نەگەیشتوون. سەرم لەم کارە سوڕما. ماوەیەکی باشە لێرەن. دەبوایە تا ئێستا دایک و باوکیان بگەیشتنایەتە ئێرە. لەوەش ناکات ماڵی مامە ئیقامەیان وەرگرتبێ، کەسیان باسی شتی لەو بابەتە ناکەن. کاری ئەم وڵاتەش سەیرە، لەوە دەکات هەست و مرۆڤایەتی لە پرۆسەی کارەکانیان دا دابڕاون. بڕیارم دا پەیوەندی بە ڕامانەوە بکەم، هەرچۆنێ بێت شتێ لەسەر دایک و باوکیان بزانم.



ئەو ڕۆژەی هێرشیان هێنایە سەر ماڵەکەیان هەر خۆی لەماڵ بوو، کون بە کونی ماڵەکەیان پشکنی، چەند کتێب و دەیان وتاریان دۆزییەوە. ئەو وتارانەی بەناوێکی تروەوە دەینووسی و لە ڕۆژنامە نهێنییەکانی شاردا بڵاوی دەکردنەوە. دەستیان کەلەبچە کردو ئیتر پاش ئەو ڕۆژە کەس ئەوی نەبینیوە. کاتێکیش لانە و دایکی دەگەڕێنەوە هەر لەسەری کۆلانەکەوە دروایسێکانیان ئەوەیان پێڕادەگەیەنن کە مێردەکەی گیراوە. ئەو ئێوارەیە لە ماڵێکی دراوسێ دەمێننەوە، ناشزانێ پەنا بۆ کوێ بەرێ. براکەی لەدەرەوەیە. ڕۆژەکەشی وابوو کەس کەسی نەدەگرتە خۆی. ئەو ترسە وەک مۆتەکەیەک باڵی بەسەر ژیانی هەموو کەسێکدا کێشابوو. تەنانەت ماوەیەکی زۆریش نەیدەوێرا نزیکی ماڵەکەی خۆی بکەوێ. شەوێکی درەنگ خۆی بەتەنیا چووە ماڵەوە. ماڵەکەیان سەروژێر کرابوو. نەیدەتوانی هیچ شتێ بدۆزێتەوە. ئەوەی گرنگ بوو لە ماڵەکەیاندا نەمابوو. بەناچاری هەندێ جلی کۆکردەوەو گەڕایەوە. حەزی دەکرد شتەکانی براکەی دەرکا. ئەویش هیچ شتێکی وەک خۆی نەمابوو. لە پەنایەکی ژوورەکەدا دانیشت و گریا، بەدەم گریانەوە خەو بردییەوە، ترسیش ڕێگەی پێنەدەدا سەر خەوێک بشکێنێ.

هاتە دەرەوەو دەرگاکەی داخست هەستی دەکرد ئەوە دواجارە دەرگای ئەو ماڵە دادەخات. ئەم داخستنە بۆ دوا جارە. دڵی خورپەیەکی دا. ویستی بگەڕێتەوە، دەبێ شتێکی لەبیرکردبێ، یادداشتنامەی براکەی، گەر بێت و دەستی ئەو سەگ و گورگانە بکەوێت، ئەوا کون بە کونی ئەم جیهانە دەگەڕێن بە دوایدا. نەیوێرا، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و بیری لەوەکردەوە ئاخۆ گەر

براکەی بزانێ ئەو یاداشتنامەکەی نەپاراستووە تەواو لێی دڵگیر دەبێت. چەند هەنگاوێک گەڕایەوە. کلیلەکەی دەرهێنا، تەماشای کاتژمێری کرد، دەمەو بەیانییە، هێندە نەماوە جەردەکان پێشی دەرگاکەیان بگرنەوە. ئەوان بەدوای ژن و منداڵەکانیدا دەگەڕان. زۆرجار لە ڕێگای گرتنی ژن و منداڵەوە، گیراوەکانیان ناچار دەکرد نهێنییەکان بدرکێنن. دەیانویست بەهەمان شێوە نهێنییەکان بەم بدرکێنن و ناوی هەموو ئەوکەسانە بزانن، کەلە ڕۆژنامە نهێنییەکانی شاردا کاردەکەن. نەیاندەزانی ئەم پیاوە تاقە نهێنیی ئەو بیرۆکانەیە لە نووسینەکانیدا دەریاندەبڕێ. ئەو پەیوەندی بەهیچ ڕێکخراوێکی حزبییەوە نەبوو، زۆر جار دەیوت من خاوەن هەڵوێستم و ناشمەوێ هیچ حزبێک سنوور بۆ وشەکانم دانێت، سنوور بۆ وشە وەک زیندانییەکی بێ سنوورە. وشەکان توشی تەنگەنەفەسی دەبن. زۆرجار توڕەدەبوو لەو نووسەرانەی بەناوی ناچارییەوە لەلاپەڕەی زەردی ڕۆژنامەکاندا وشەکانیان دەفرۆشت. ئەو نووسەرێکی بێدەنگ بوو، خۆیی دەشاردەوە و نەیدەویست کەس بیناسێ. دەنگی وشەکان بەلای ئەوەوە گرنگ بوو، دەیویست دەنگیان وەک زەنگێ وابێ لەهەوارگەی هەموو دڵێکدا لێبدات. چاوە خەواڵوەکان وەئاگابهێنێتەوە. هەربۆیە کون بەکونی ماڵەکەیان گەڕان تا بەرهەم و وتارە تازەکانی بدۆزنەوە. بەدەستی کەلەبچەو بە بەڵگەوە بەرەو زیندانیان برد. کەژاڵ و لانە وڵاتیان بەجێهێشتبوو، کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ ڕۆیشتوون. دەڵێن لە یۆنان گیرساونەتەوە. خاڵە بە نیازە سەردانێکی ئەوێ بکات. بەڵکو لە ڕێگەی قاچاخچییەکانەوە هەواڵێکیان بزانێ. منیش لە ڕووی مادییەوە ئامادەیی خۆمم نیشان دا کە یارمەتی بدەم.



ئامادە بووم هەموو شتێک بکەم تا خۆشی و خەندە بگەڕێنمەوە بۆ دەموچاوە فریشتەییەکەی ئاوات و سەرباز.

ئاوات شنە بایەک بوو بۆ برینەکانی من. لەوەی دەکرد ئەویش دڵی بەمن بکرێتەوە، کاتێ بێ تاقەت و دڵ تەنگ بووایە دەهاتە لای من. لای من هێمن دەبووەوە. ئێستا دەڵێم دەبوایە پرسیاری دایک و باوکیم لێبکردایە. لەوانەیە بمتوانیبا یارمەتیان بدەم. پرسیارکردن لەسەر شتی تایبەتی گرانە، تەنانەت گەر کەسەکەش نزیکت بێ. من تا ئێستاش کە کەسێ پرسیاری ئەوەم لێدەکات چەند منداڵم هەیە لەسەرەتاوە دەڵێم دوو، پاش ساتێک بیرم دەکەوێتەوە کە ئێستا یەک منداڵم هەیە. وەڵامەکەم ڕاست ناکەمەوە، خۆ بیرو هۆش و دڵی من بۆ هەردووکیان تەرخانە. ڕاستە کوڕەکەم لە ئارامگایەکدا دەژی کە ڕووناکی و ئاسوودەیی باڵادەستە، تەنیا دەمەو بەیانیان و ئێواران کە گۆرانییەکانی بۆ دەڵێم، دڵم هێمن دەبێتەوە. ئەویش تیشکێ ڕووناکیم بۆ دەنێرێ و هێزی ژیانم پێدەبەخشێ. لەنێوان من و ئەودا تەنیا دیوارێکی شیفۆنی هەیە. ئەو دیوارەی تەنیا ڕۆحەکان دەیبینن، ئەوانەشی هەست بەبوونی ڕۆحەکان نەکەن ئەو دیوارە نابینن و نە تاڵی ڕووناکی نە شنەی ڕۆحەکان نابنە میوانیان. من میوانداریيان دەکەم، وەڵامی پرسیارەکانم بۆ ئامادەدەکەن. کاتێ دڵەکەم تای لێدێت وەک نمەی بەفر بەسەر لوتکەی چیای دڵمدا دەبارێن. کە گەرمایی هەناسە لە دڵم دەبڕێ دەبنە جۆلانەی نێوان دارستانی قەدپاڵی چیایەک و لەنجەی دارەکان باوەشێنم دەکەن. حەزم دەرکرد ئەو سنوورەی نێوان من و ئاوات نەمایە. دەمویست شەرمی لەمن نەکردایە، زۆر جار دەمەوێ لە ئامێزی بگرم و

سەری بخەمە سەرسنگم وەک کوڕەکەم گەرمیی بدەمێ. کەچی ناوێرم. زۆر جار حەزدەکەم پێی بڵێم لەماڵەوە لای من بمێنێتەوە، هەرچەندە ئەو ژوورە بەتاڵەی لە ماڵ و دڵی مندا هەیە بە هیچ کوڕێکی ئەم دنیایە پڕ نابێتەوە. هەر حەز دەکەم ئەم ئاواتە بکەمە کوڕی خۆم، ئەو کات سێ منداڵم دەبێ. ئەویش سەری خستە سەرشانم و فرمێسکێ بە ڕوومەتی چەپیدا هاتە خوارەوە. بیری کێ دەکەیت؟ بیری دایە، کە تۆش دەبینم دایەم بیردەکەوێتەوە. یەکەمین جار تۆم بینی، هەستم کرد تۆ کەسێکی نزیکی منی، هەستم دەکرد چەندان ساڵە پێکەوە دەژین. من یەکەمین جار تۆم بینی لەگەڵ کوڕەکەتدا بووی، لەناو شار دەسوڕانەوە. بە زمانی کوردی قسەتان دەکرد، ئەوە سەرنجی ڕاکێشام، بەدواتاندا هاتم، سەرنجی تۆم دەدا دەنگت لە دایکمی دەکرد، پاشان چوونە کتێبخانەیەک، پێکەوە کتێبکێتان کڕی، ئەو کات بیرم لەوە دەکردەوە کەی دایەی منیش بێت بۆ ئێرەو وەک تۆ لەگەڵمدا بێتە دەرەوە و کتێبم بۆ بکڕی. هێندەی نەبرد جارێکی تر تۆ و کوڕەکەتم لە دووکانێکدا بینیەوە، تیشێرتێکی دلپێرۆت بۆ کڕی. بۆی گەورە بوو، پێت وت بیکڕە، تۆش گەورە دەبیت، وتی گرانە، وتت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دەمێکە حەزت لەم تیشێرتەیە، ئێستاش من پارەم هەیەو بۆت دەکڕم. ئەوکات هەمان تیشێرتم هەڵگرت و تاقیمکردەوە، زۆر جوان بوو بەڵام گەورە بوو بۆم، منیش لەدڵی خۆمدا وتم تا دایە دێت گەورەتر دەبم و پڕ بەبەرم دەبێت. دڵنیام دایە هات بۆم دەکڕێ. ئیتر هەموو جارێ کە دەچوومە بازاڕ چاوم بۆ تۆ و کوڕەکەت دەگێڕا. تۆم نەبینی، تەنیا جارێک کوڕەکەتم بینی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لەناو شار بوون،



دوایان کەوتم، لە باخچەیەکدا وەستان، کوڕەکەت هەندێ شتی سەیری نیشان هاوڕێکەی دا. ئەویشم بە لاوە سەیر بوو، چونکە ئەو ڕاهێنان و بزووتنەوانەم تەنیا لە فیلمەکانی بروسلیدا بینیبوو، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم تەمەنەدا فێری ئەم هەموو شتانە بووە، لەدڵی خۆمدا وتم لەوانەشە ئەمیش ببێتە بروسلی کورد. دوایان کەوتم. چوونە ڕێستەرانێک. منیش نەمتوانی بچمە ئەوێ لەبەرئەوەی تەنیا دوو کرۆنم پێبوو.

هێندە پەشیمان بووم ئەو دووجارە نەهاتمە لاتەوە و قسەت لەگەڵ بکەم. ماوەیەک زوو زوو دەچوومە بازار و چاوم دەگێڕا. تۆم هەر بەدی نەدەکرد، چەند جارێ خەوم پێتەوە بینی، جارێکیان لە نێوان تۆ و دایکمدا لێم تێکچوو نەمدەزانی کامتان دایکمن. خەبەرم بووەوە تێر گریام و بەردەکەم دەرهێنا، ئەو شەوە مانگ چواردە بوو، لەبەردەکە پاڕامەوە نیشانم بدا تۆ لەکوێ دەژیت. ماوەیەکی برد تا وێنە دەرکەوت، تۆ و دایکم لەسەر بەردەکە دەرکەوتن. دایکم تا دەهات لێم دووردەکەوتەوە و تۆش لێم نزیک دەکەوتیتەوە. ئیتر ئالەو ئێوارەوە بڕیارم دا هیچ کاتێ بیر لەتۆ نەکەمەوە، چونکە من دەمویست دایکم لێم نزیک بکەوێتەوە نەک ژنێکی تر. دەچوومە ناو شار، بەبێ ویستی خۆم دەچوومە ئەو شوێنانەی تۆ و کوڕەکەتم تیدا بینیبوو. پێش ساڵێک بوو، دەنگی ئازارەکانی تۆ شاری گرتەوە، کەس نەما بەدوای هەواڵی تۆدا سەرگەردان نەبێ، هەموو دەیانوت دەبێ حاڵی ئەم دایکە بەسەستەزمانە چۆن بێت، خودا هیدایەتی بدات و سەبووری پێببەخشێ. ئەو ڕۆژە زۆر گریام، تەنیا سۆما فرمێسکەکانی بینیم. بۆم باسکرد کە فرمێسک بۆ تۆ و کوڕەکەت

دەڕژم. لەگەڵمدا گریا. کەوتینە هەواڵ پرسینت، سۆما یارمەتی دام. ناونیشانەکەتم وەرگرت، چەند ڕۆژێک لەگەڵ سۆمادا لە نزیکی ماڵەکەتانەوە دەهاتین و دەچووین تا ڕۆژێ بە ڕێکەوت تۆم بینی. ئەو کاتە وێنەی سەر بەردەکە و بازاڕ و بازدان و شەقی کوڕەکەتم بیر کەوتەوە. ماوەیەکی برد تا هەموو هەواڵێکم سەبارەت بە تۆ زانی.

## *خۆشەویستی سەر بەرد*

*ماوەیەک بوو چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگی چواردە بووم. بریارم دابوو ئەو شەوانە نەخەوم تا هەواڵێکی دایە و بابە ولانە نەزانم. لەم وڵاتەش ئەوەی ناخۆشە بەردەوام ئاسمان هەور دایپۆشیووە، نەک مانگ بەڵکو خۆریش بە زەحمەت دەبینین. هەر لە ئێوارەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد و دوعام دەکرد شەو ساماڵ بێت. ئەو ئێوارەیە بەردەکەم هێنایە لای خۆمەوە، شەو زوو زوو لەپەنجەرەکەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد، ئەو شەوە لە سەعات دوانزەی شەوەوە تیشکی مانگ هاتە سەر جێگاکەم. بەردەکەم دەرهێنا و ماچم کرد و بە دڵمەوە نووساندم تا گوێی لە مەرازی دڵم بێت. بەردەکەم خستە بەر تیشکی مانگ. تێشکەکە وردە وردە شوێنەکەمی بەجێدەهێشت، هیچ وێنەیەک دەرنەدەکەوت. قورگم پڕبوو لەگریان، نەمدەزانی بەردەکەم پەکی کەوتووە یان ئەوان بێ سەروشوێن بوون. بەبێدەنگی زۆرگریام، هەنیسک تەنگی پێهەڵچنیم. سەرم لەناو پشتیەکەمدا شاردەوە تا*



*تۆزێ کپ بمەوەو کەس خەبەر نەکەمەوە. هیوایەکم هەبوو، ئەویش هیچ دەرچوو. ویستم بەردەکە هەڵگرم و بخەوم. وێنەیەک دەرکەوت، وێنەی دەریایەک، خێرا دڵم خۆشبوو جاری پێشووش هەر وێنەی دەریایەک دەرکەوت، بەڵکو ئەمجارە تەواکەری جاری پێشوو بێت. خاڵە دەرکەوت، ئێ خاڵەم بۆچییە خۆ من دەزانم لەکوێیە. ژنێک بەرامبەر خاڵە وەستابوو، بەڵام پشتی لە منەوە بوو، دەبێ ئەو ژنە کێ بێت. لە دایە ناچێت چونکە دایە قژی درێژ بوو، بەرەو قەراغ دەریاکە ڕۆیشتن، لەسەر بەردێک دانیشتن، سەری خستە سەر شانی و هەردووکیان قاچەکانیان خستبووە ناو ئاوی دەریاکەوە. ئەمجارە شتێکی تازە و سەیری نیشان دام. وێنەکان زۆر جوان دیاربوو، بەڵام ئەو شتە نەبوو کەمن چاوەڕوانم دەکرد، بەردەکەم دیارە تێکچووە، بەردەکەی سۆما وەردەگرم بەڵکو ئەوەی ئەو باشتر بێ.*

*بەیانییەکەی لە خاڵەم پرسی گەر ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنێکی لەسەر دەریا بینیبێ. وەڵامەکەی پێووتم دڵخۆش بووم، ئیتر زانیم بەردە ئازیزەکەم شەکلی نەکردووە، لەوانەیە جارێکی تر ئەوانم نیشان بدات. خاڵم وای دەزانی من بەقسەکانی ئەو دڵم خۆشە، نەیدەزانی شتێکی ترە دڵی من خۆش دەکات. ئیتر ئەویش بەبێ شەرم باسی ئەو ژنەی بۆ کردم. ئێوارەیەکی مانگی حەوت بوو، لەسەر کەناری دەریای ئەتلەسی پیاسەم دەکرد لە شاری... ژن و پیاوێک لە پێشمەوە پیاسەیان دەکرد، لە زمانەکەیان تێنەدەگەیشتم، دەمزانی ئەوان لەسەر شتێک شەڕیانە، هێندەی نەبرد پیاوەکە پاڵێکی نا بە ژنەکەیەوە و ڕۆیشت. ژنەکەش کەوتە بەردەم من. دەستم برد یارمەتی بدەم و*

*هەڵسێتەوە، زۆر تورەش بووم لەو گەلحۆیە، چۆن بەو شێوەیە لەبەردەم ئەم هەموو خەڵکەدا وا ڕەفتار لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات. هەر کە دەستم بەر دەستی کەوت هەستم کرد هەموو گیانم بەر کارەبا کەوت، سەیری چاوەکانیشم کرد، وا هەستم کرد دەیان ساڵە دەیناسم. پێکەنی، سەیرم لێهات ژنێک لە کاتی هەستانەوەیەکی وادا بزە لەسەر لێوەکانی دەرکەوێت. سوپاسی کردم، بەپێچەوانەی ڕەوتی پیاوەکەوە ڕێگای گرتەبەر. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت، بیرم لەو ژنە دەکردەوە، دڵم پڕبوو لە شەوقی بینینی، دەمویست خۆم لەو شەوقە لادەم، چاویشم دەنوقان وێنەی دەموچاوی ئەو دەکەوتە بەر چاوم، ئەو شەوە بەدیار بزەی ژنێکەوە دانیشتم کە نەمدەناسی نە دەمزانی لە کوێ دەژی. بۆ بەیانییەکەی پێش نانخواردن بەرەو هەمان شوێن ڕۆیشتمەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ پیاسەم بەو ناوەدا کرد. پاش دوو ڕۆژ وازم لە گەڕان هێنا. وتم لەوانەیە گەڕابێتنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. پاش چوار ڕۆژێ، لەسەر بەردێکی نزیکی دەریاکە دانیشتبووم، بیرم تەنیا بەوەوە خەریکبوو، چۆن توخمی ئێمەی پیاو دەتوانیین هێندە ئازاری ژن بدەین، ئەو ژنە فریشتەییانەی دێنە ژیانمانەوە وایان لێدەکەین ڕۆحی فریشتەییان جەستەیان بەجێبهێڵێ و جەستەیان بێگیان بێت. بزەیان لێبدزین. من ئەو کاتەی ئاشتی بووە هاوسەرم هەموو کات بیرم لەوە دەکردەوە چۆن تا دوا ساتی ژیانمان بەختەوەربین، چارەنووس لەهەردووکمان بەهێزتربوو. لەیادمە، ئەو ڕۆژەی بەرەو ئەولا ڕۆیشت، بەیانی زوو لەخەو هەستا جلێکی جوانی لەبەرکرد، ماکیاجێکی جوانی کرد، ئەوە یەکەم جار بوو ماکیاجی وا جوان*



*بکات، لێم پرسی چییە وا خۆت جوان دەکەیت، وتی ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی کارەکەمە. نامەوێ بە شڕو شێواوی بمبینن. گرنگە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، وێنەیەکی جوان بدەی بە هاوکارەکان. بەداخەوە ئەوە یەکەم و دوا وێنەی ئەوان بوو بۆ ئەو ڕۆحە فریشتەییەو ئیتر نە من و نە هاوکارەکانی نەمانبینییەوە. لە پاش ئەو نیازم نەبوو تەماشای ژنێکی تر بکەم، کەچی تەنیا سێ مانگ کەوتە نێوان کۆچی ئەو بینینی ئەم. ئەو کاتە هەردووکیان دەروونی منیان داگیرکردبوو، کاتێ دەگریام نەمدەزانی بۆ کامیان دەگریم، بۆ کامیان دەروونم وەک پشکۆ دەسووتێ. ڕۆژی گەڕانەوەم لە فرۆکەخانە بینیم، یەکجار کزبوو، بەڵام دەستی لەناو دەستی مێردەکەیدا بوو، پێم سەیربوو پاش ئەو دەنگە دەنگەو پاڵپێوەنانە، هێشتا لەگەڵی ماوە. خەتای خۆیانە، بۆ هێندە لە پیاو قبووڵدەکەن، لە دڵی خۆمدا دەمووت ئاخر ژنە جوانەکە ئەوەی تۆ ببینێ نایەوێ بۆ ساتێکیش ئەزیەتت بدات، دڵت بریندار بکات. من ژن بوومایە ئەوە هەر یەکسەر بەجێم دەهێشت و هەرگیز ئامادە نەدەبووم لەگەڵ کەسێکدا بژیم، وەک مرۆڤێکی کامڵ مامەڵەم لەگەڵ نەکات. دەڵێی چی تۆ بەنیازی کاتێ ژنت هێنا لێی بدەی یان ئەزیەتی بدەی؟. بێ بیرکردنەوە وتم نا... نا، وێنەی سۆماش لە خەیاڵمدا دروست بوو، من چۆن دەتوانم ئەزیەتی ئەو بدەم. من هێندەم خۆش دەوێت، مەحاڵە بەبێ ئەو بژیم، گەر ئەو لەگەڵماندا نەبووایە من تەحەمولی ئەم ژیانەم نەدەکرد، نازانم سەربازی بەستەزمان بەبێ خۆشەویستی چۆن بەرگەی ئەم هەموو ئازارە دەگرێ. من هەر لەمنداڵییەوە بەبینیی سۆما دڵخۆش دەبووم. جاران نەمدەزانی هۆی ئەو دڵخۆشییە چییە.*

*ئێستا زیاتر لەو شتانە تێدەگەم، بەتایبەتی ئەم چەند مانگەی دوایی. لەسوێد کەس بەلایەوە شەرم نییە کەسێکی خۆش بوێ. قوتابییەکانی مەکتەب زۆر بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کەوتونەتە داوی کێوە. مارکۆس لێی پرسیم گەر من کەسێکم خۆش بووێ، ویستم پێی نەڵێم، بەڵام ترسام ئەویش تەماحی تێبکات، بۆیە ڕاستیەکەم پێوت، داواشم لێکرد ئەوە نهێنی هەردووکمان بێت. ئەمەی پێخۆش بوو، ئەوە تەنیا بەڵگەی ئەوەیە، ئەو یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم. لێی پرسیم گەر من جارێ سۆمام ماچکردبێ. خۆتان دەزانن ئەوە لای ئێمە تەواو قەدەغەیە. گەر شتێکی وابکەم لەوانەیە نازە بە کوشتنم بدات. دەزانم سۆماش بۆ من هەروایە. زۆر خەمم دەخوات. تەنانەت سەربازیش هەستی پێکردووە، جارێک پێی وتم بەختم هەیە سۆما بەو شێوەیە بەتەنگمەوە دێت. ئەو دەیوت من گەر چاوم وا نەبوایە لەوانە بوو زۆر کچ منیان خۆش بویستایە. دڵخۆشیم دەدایەوە، دەشمزانی ئەو بڕوا بە قسەکانی من ناکات. ئەو دەیوت لە مەکتبەکەیان کچێکی سوێدی هەیە هەموو کات هەر تەماشای ئەو دەکات، شەرمیشی دەکرد بچێتە لای قسەی لەگەڵ بکات. بڕوای پێدەکەم، سەرباز زۆر قۆزە، هەروەک دایکم دەیوت کوڕەکەم چاو سەوزو گەنم ڕەنگە، بەر کچانی گەڕەک ناکەوێ. هەندێ جاریش لەدایکم دڵگران دەبووم، زیاتر باسی جوانی سەربازی دەکرد، پاش قسەکانی ئەو دەچوومە بەر ئاوێنەو سەیری خۆمم دەکرد. دایکم جارێک هەستی بەمە کرد پێکەنی وتی تۆ هێندە جوانی دایک شەرم دەکات باسی جوانیت بکات، بەمە دڵم خۆشبوو. سەیرێکی سەربازم کرد و ئەویش پێکەنی. بەلایەوە هێندە گرنگ نەبوو،*



*کەسێک باسی چاوە سەوزەکانی بکات. بەڵام کاتێ چاوی وای لێهات دایە دڵخۆشی دەدایەوە دەیوت لە ئەوروپا نەشتەرگەرییت بۆ دەکەن، سەربازیش خەمی ئەوەی بوو کە چاوەکەی تری سەوز دەرنەچێ. ئەویش دەیوت گەر دەرنەچوو من چاوێکی خۆمت دەدەمێ. دایەش چاوەکانی سەوزو گەورەن، برۆکانی ڕەشن، بەڵام ئەو سپیکارە، باوکم زۆر جار پێی دەوت فریشتە سوورو سپییەکەم. ئەوان یەکترییان زۆر خۆشدەویست. من زۆرجار لە باوکم تووڕە دەبووم، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوو. دایە خەریکی هەموو شتێ بوو. هەستم دەکرد دایە زۆر ماندوو دەبێت، ئەو هەرگیز باسی ئەوەی نەدەکرد کە ماندووە. جارێک خاڵم هاتەوە، باسی ئەوەی دەکرد لە ئەوروپادا پیاو و ژن لە ماڵەوە کاردەکەن و زۆربەی پیاوان یارمەتی ژنەکانیان دەدەن. ئەو کات پڕ بەدڵ دەمویست بچینە لای خاڵە تا لەوێ باوکم یارمەتی دایکم بدات. خۆ من زۆرجار دەمویست یارمەتی دایکە بدەم کەچی یەکسەر دەیوت ئەوە ئیشی تۆ نییە. سەیرم لێدەهات ئەو قسەی وای دەکرد لەبەر ئەوەی خاڵە باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو قاپ دەشوات و چێشت لێدەنێ، دایکیشم دەیوت خوشکت بمرێ. خاڵەش دەیدایە قاقای پێکەنین. من لەماڵی مامە زۆر جار قاپم لەگەڵ سۆما دەشۆرد، ڕاستە لەبەرئەوەش بوو تا ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ سۆمادا بم و یارمەتیشی بدەم. مامەم ئەوە هەر هیچ قاپەکەی بەردەمی خۆشی لانەدەبرد. خۆزگە هەفتەیەک دەیانهێنا بۆ مەکتەب و هەموو کات ناچاریان بکردایە نەک تەنیا قاپەکەی خۆی لاببات، بەڵکو سەرمێزەکەش بسڕێ. لای خۆمان عەیبە پیاو خواردن بکات یان*

*قاپ بشوات یان ماڵ پاکبکاتەوە، کەچی لێرە ئەوەی لە چێشتخانەکاندا خواردن دروست دەکات و قاپ دەشوات زۆربەیان پیاون، تەنانەت ئەوانەی قوتابخانەکەمان پاکدەکەنەوە دوانیان پیاون، ئیتر بۆ نازانم کاتێ لەماڵەوە هەمان کار ئەنجامدەدەم مایەی شەرم و عەیبە بێت. من هەرگیز وا نابم، یارمەتی سۆما دەدەم و نایەڵم هێندە ماندوو بێت. تەنانەت کاتێ ئەو ماڵەکەی پاکدەکردەوە من یارمەتیم دەدا. نازەش لەو لاوە دەیوت خوا کوڕی وا دەدات بەهەندێ کەس و ئەوانەی منیش وەک بەرد مەگەر پاڵیان پێوە بنێی ئەوجا لەشوێنی خۆیان بجوڵێن، ئەی خوایە شوکرم بەبەشت. نازە لەگەڵ ئەوەی قەڵەو بوو بەڵام گورجوگۆڵ بوو. لەم دواییەدا زۆر هەوڵی دەدا خۆی زەعیف بکات، ژنان تەنیا باسی ئەوەیان دەکرد چۆن زەعیف دەبن، چی دەخۆن و چی ناخۆن تا لاواز ببن. ئەو ئێوارەشم لەیادە لەگەڵ مامەدا کردیان بەشەڕ لەبەر ئەوەی دەیوست لەگەڵ چەند ژنێکی تردا ڕابکەن. شیروان و شوانیش پێدەکەنین، تا سۆما لێیان توورە بوو، وتی ئێوە ئەوە نازانن ئەوانەی قەڵەون زوو دەمرن، دەتانەوێ دایە زوو بمرێ. مامەش دەستی کرد بە پێکەنین و وتی مادام وایە نایەڵم ڕابکەی، بەڵکو فریای ژنێکی بەژن و باڵا باریک بکەوم. ئەویش پێی وت هەی حەدت چییە، هەر خۆت نەبووی دەتووت من عاشقی خڕو خەپانییەکەتم.*

ئەو ڕۆژە خواردنم بۆ ئاوات و سۆما ئامادەکرد، سۆما تا دەهات جوانتردەبوو، لە چاوەکانیدا خۆشەویستی ئاوات دەبینرا. ئەمڕۆ پێی دەڵێم پاش نووسینی ئەم کتێبەش دەبێ پەیوەندیمان



هەر بەردەوام بێت و بێن بۆلام. دەتوانن منداڵەکانیشیان بهێنن بۆ لای من. زۆر حەز دەکەم شتێک دەربارەی دایک و لانەی خوشکی بزانم، لەو باوەڕەشدا نیم باوکی ئازاد کرابێت. لای ئێمە کەسێک گیرا و خرایە زیندانەوە مەگەر چارەنووسی فریای بکەوێ، لەو تاریکییە دەری بکات. ئەو لەسەرەتاوە بەڵێنی پێدام نەک تەنیا یاداشتنامەکەیم بداتێ بەڵکو شتی ترم بۆ باسبکات، کەچی ئێستا ئەوەی باسی نەکات ئەوەیە، بەلای منەوە هێندە گرنگ نییە چۆن دراگانا و خاڵە وا یەکترییان خۆشدەوێت، بۆچی خاڵە بڕیاری دا بێت لێرە بژی. گرنگە بزانم دایک و باوکی لانە و لانە چییان بەسەرهاتووە. بۆ باسی ناکەن. گرفتەکەش لەوەدایە کە من هێندە تێکەڵاویم لەگەڵ کوردەکاندا نییە، تا بتوانم هەواڵی خەڵکی تر بزانم. ئەگینا هەر ڕۆژێ لەدەرگای ماڵێکی ئەلەکترەڤێگن بدەم خێرا هەموو هەواڵەکانم بۆ باسدەکەن، تەنانەت بێ ئەوەی پرسیاریش بکەم.

ئاوات و سۆما هاتن، چەپکێ تیشکیان بۆ ماڵەکەم هێنا. چاوەکانی سۆما پڕبوو لەبەزەیی. لە چاوەکانیدا کۆمەڵێ ڕستەی بێ دەنگم دەخوێندەوە. چەند ژنێکی بەدبەختی، چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگری. منداڵ چۆن دەتوانی دایکی بەو شێوەیە جێبهێڵێ. من دایکێکی قەڵەوی نەخوێندەوارم هەیە، بەڵام هێندەم خۆش دەوێت، ئامادە نیم ئازاری بدەم. دایک هەر دایکە، هەر کێ بێت. بە وردی سەیرێکم کرد. دیارە کوڕەکەی من بەختەوەری دایکی لەوەدا بینیووە، یان ئەوە چارەنووسی ئەو بوو، دەبوو بەو شێوەیە بڕۆیشتایە. لەگەڵ ئەوەی بریندارم بەڵام لێی توڕە نیم.

ئێمە لەیەکتر خۆشبووین. وەڵامەکەی پێگەیشت. هاتە لامەوە بە پێکەنینەوە وتی ئەمڕۆ نایەڵین هیچ بکەیت. هەموو شتێکم ئامادەکردووە، ئەوە دەڵێی چی. خواردنیان دانا، قاپەکانیان پێکەوە شۆرد. هەردووکیان دەهاتن و دەچوون لە ماڵەکەمدا هەروەک ماڵی خۆیان بێت. منیش نەمدەزانی نهێنی ئەم شتە چییە، یان مەبەستیان چییە، جارەکانی تر وەک میوان دەهاتن و دەچوون، شەرمیشیان دەکرد. کەچی ئەمجارەیان من شەرمم دەکرد و هەستم دەکرد لەماڵەکەی خۆمدا میوانم.

ئاوات باوەشی بە سۆمادا کرد و وتی تەماشاکە ئەمە سۆماکەی منە. منیش وتم خودا لەیەکتان نەکات پێکەوە پیرو خەرۆبن. خۆم شاییەکەتان بۆ ساز دەکەم، خەمتان نەبێت. دەزانم هێشتا زووە. کاتی ئەوەش دێت. ئەمەم وت ئاوات سڕبوو وەک کارەبا گرتبێتی. پەشیمان بوومەوە، نەدەبوایە قسەی وابکەم، دیارە ئەو دەیەوێ دایکی شایی بۆ بکات نەک ژنێکی نەناسیاوو جەرگ سوتاوی وەک من. لەوانەیە بڵێ ئەم ژنە بەرەو شێتی دەڕوات دەیەوێ من لە دایکم داگیر بکات. ویستی شتێک بڵێت، هیچی نەوت. گرفتی ئەم کوڕە ئەوەیە، ئازایەتی ئەوەی نییە ڕای خۆی ڕاستە و ڕاست دەربڕێ. هەمووی دەئاخنێتە دڵییەوە. ئەمەش نەخۆشییەکی ڕەزاگرانە و مرۆڤ بەرەو تاریکی دەبات. ئێمە هەر خۆمان سنوور بۆ بیرکردنەوەو هەستەکانمان دادەنێین. بیرکردنەوەو هەست دەبێت وەک چۆلەکە ئازاد بن. لەکوێ بیانەوێ بنیشنەوەو هێلانە دروست بکەن. ئەگینا کام چۆلەکەت بینیووە، هێلانە لەناو قەفەزدا دروست بکات.



چەند کتێبێکم دا بە هەردووکیان. داوام لێکردن بە وردی بیخوێننەوە. دراگاناش دەتوانێ یارمەتیتان بدات. ئاوات باسی کتێبخانەکەی ماڵەوەیانی کرد. وا باسی دەکرد، ژوورێکیان تەنها کتێبخانە بووە. کتێبیان بەچەند زمانێک هەبووە. دایک و باوکی بە عەرەبی و کوردی و فارسی و ئینگلیزی کتێبیان خوێندووەتەوە. باوکی زیاتر بە شەوان شتی دەنووسی، ئەوکات ئەمان نەیاندەزانی لەسەر چی دەنووسێ، پرسیاریان لە دایکیان کردووە، ئەویش وتوویەتی کە بابە خەریکی نووسینەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانە. هاتنە ئێرە خاڵە باسی ئەوەی بۆکردن باوکیان شەوان چی دەنووسی. سۆما یەک لەدوای یەک باسی شتی نوێی دەکرد. ئەو شتانەی ئاوات بەهیچ جۆرێ باسی نەدەکردن. باسی ژوورەکەی خاڵەیان کرد. خاڵە یارمەتی پێشمەرگەکانی دەدا. لە ژوورەکەیدا هەموو جۆرە دەرمانێکی هەبوو. شەوان، پێشمەرگە دەهاتنە ناو شارەوە، ئەو دەرمانانەی پێویست بووایە ئەم بۆی پەیدا دەکردن. زۆر جار پێشمەرگەی برینداریان دەهێنایە لای و ئەو بە دزییەوە چارەسەری دەکرد. شەوانی واش هەبوو دەهاتن بە شوێنیدا و دەیانبرد بۆ بارەگای پێشمەرگە و بەیانی زوو دەیان گەیاندەوە شار. تا ئێستاش خاڵە حەزی لە خەوی شەوان نییە. حەزدەکات بە ئێواران بخەوێت. هەموو جار دراگانا لەگەڵیدا دەیکات بەهەرا، ئێوارەش لەکار دێتەوە دەخەوێ. دراگانا مەرجی بۆ داناوە گەر ئێواران بخەوێت زمانی سوێدی فێرناکات.

دەبێت ڕۆمانەکەم تەواو بکەم، هیچ کارێکم هێندە کاتی نەویستووە. خەتای خۆم نییە، گەر ئاوات هەموو ڕووداوەکانی

بەسەریەکەوە باسبکردایە، ئەوا دەمێک بوو تەواو بووبوو. ئاوات خەریکە تەواو گەورە دەبێت، گەر وا بەردەوام بێت ئەوە لەوانەیە فریا بکەوێ ژن بهێنێ و منداڵێکی ببێت. هەر نەشم کات بە دایەنی منداڵەکەشی باشە. ئەوکات لەوانەیە بڵێ لەبەر منداڵەکە فریا ناکەوم، جا منیش ناچاردەبم بڵێم منداڵەکەت بێنەو وەرە. گەر وەک ئەمرۆ بڕوات ئەوا دەگوێزنەوە لای من، با بێن ماڵەکەم گەورەیە جێگای ئەوانیشی لێدەبێتەوە. گەرمیی خۆری دڵم بەشی ئەوانیش دەکات. مرۆڤ خۆی دەتوانێ تەلاری خۆشەویستی بەبێ سنوور بەرزکاتەوە ، ئەو کەسانەی کە خۆشەویستییان سنووردار دەکەن، خۆشی لەژیان نابینن، لەبەرئەوەی ئەو سنووردارانانە مەودای خۆشەویستی تەسک دەکاتەوەو جێگای ڕق و کینە و ناحەزی دەکاتەوە. حەز دەکەم خەڵک فێری ئەوە بن خۆشەویستی بکەن بەچەترو لەژێریدا ئارامی بۆ ڕۆحیان دابین بکەن.

ئاوات لە یاداشتنامەکەیدا هێندە باسی ماڵی مارکۆسی نەکردووە. لەکاتێکدا ئەوان وەک کوڕێکی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، تەنانەت دایکی مارکۆس یارمەتی زۆری سەربازیشی داوە. دایکی مارکۆس تا بڵێی ژنێکی میهرەبان و دڵفراوان بووە، زۆربەی ڕۆژەکان ئاوات و سەربازیان دەبردە لای خۆیان. ئەمە جگەلەوەی لەگەڵ دراگانا هەوڵیان دەدا کاری ئیقامەکەیان بۆ جێبەجێ بکەن. پاش ڕاکردن و خۆشاردنەوەکەی ئەو سێ کوڕە نهێنییەکان ئاشکرابوون، لەبەرئەوەی مەسەلەکە گەیشتە پۆلیس، مارکۆسیش وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیسی



دابووەوە ئەو شتانەی ئاوات بۆی باسکردبوو هەمووی ئاشکرا کرد. مەسەلەکە گەیشتە دامودەزگا لێپرسراوەکان و کەوتنە لێکۆڵینەوە. ئەمە ترسێکی زۆری لای ماڵی مامە پەیداکرد، ئاواتیش نەی دەویست شتێ بکرێ ئەزیەتی ئەوان بدات. بەلای ئەوەوە گرنگ بوو سۆما خەمگین نەبێت و مامە لێی زویر نەبێت. مامەی خۆشدەویست، ئەو نەدەبوایە ئەو ئێوارەیە بە قسەی نازەی بکردایەو لە سەربازی بدایە. ئەو شەوە نەخەوت، زۆرگریا، سۆما لە گریانی باوکی خەبەری بووەوە. مامە پەشیمان بوو لەو کارەی. ئەو لە منداڵەکانی خۆشی نەدەدا، زۆر جار بێزاری و خەم، حەوسەڵەی مرۆڤ بچووک دەکاتەوە.

ئاوات لەهەموو هەنگاوێکی خۆیاندا بیری لە ماڵی مامە دەکردەوە. بەیارمەتی دایکی مارکۆس کاتی لای کەسێکی لێپرسراو وەرگرت و چوو هەموو شتەکانی بۆیان باسکرد، بەلای ئەوەوە گرنگ بوو بزانرێ ئەوەی بەسەر ئەواندا هات خەتای مامی تێدا نەبووە. مامە ئەمەی کرد تەنیا وەک ئەرکی خۆی بەرامبەر براکەی. پاش ماوەیەک بڕیاردرا ئەم دوو برایە بدرێن بەخێزانێکی سوێدی و بەرپرسی پەروەردەیان بن، تا دایک و باوکی دێن، ئەوکات هیچ شتێ سەبارەت بە دایک و باوکی نەدەزانرا. دراگانا داوای ئەوەی کرد ئەو بەرپرسییە بخاتە سەرشانی خۆی. دراگانا پاش ئەوەی خاڵەی بینی زیاترو زیاتر بە دڵ و گیان خەریکی هەردووکیان دەبوو، ئەو ماوەیەک بوو لە مێردەکەی جیاببووەوە. بۆ دایکی مارکۆسی باسکردووە ئەو مێردەی چەندێ ئازاری داوە، ئەمیش هەر چاوەڕوانی ئەوە بووە

باشتربێت. هەر بۆیە نەیویستووە منداڵی لێی ببێ، تا ڕۆژێک زۆری لە دراگانا داوە، هەرباش بووە دراوسێکەیان گوێی لە هات و هاوار دەبێ تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکا. پاش ئەمە جیادەبنەوە، کابرا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و دراگاناش سەرلەنوێ ژیان دەست پێدەکاتەوە. ئەو ماوەیە پەیوەندی لەگەڵ کەسدا نابێت و بڕیاری داوە جارێکی تر پیاوێکی کە ناهێنێتە ژیانیەوە. کەچی هەر خاڵەی بینیەوە قسەکەی خۆیی لەیادکرد. دراگانە و دایکی مارکۆس بوونە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی. ئەو ماوەیە ئاوات و سەرباز لای دراگانا یان ماڵی مارکۆس بوون. ئاوات دەیویست ماڵی مامەش جێنەهێڵێ، نەوەکو کاتێ باوکی دێت، مامەی گلەییان لێبکات، نازە گۆڕابوو لەگەڵیان، بەدەوریاندا دەهات و هەندێ جار دەعوەتی دەکردن. هەندێ جاریش داوای لێدەکردن شەو لەوێ بخەون. ئاوات لەبەر خاتری سۆما، دەمایەوە بەڵام سەرباز زۆربەی کات هەر نەدەهاتە ماڵیان بە بیانوی ئەوەی تۆپانێی هەیە. ئەو کاتەی سەرباز لە کۆمادا بوو، سەری لێدەداو هەندێ نووکە نووکی دەکرد.

سەرقاڵی ئەوەبوون چۆن هەواڵێکی دایک و باوکی ئەم دوو برایە بزانن. هەر یەکە شتێکی دەوت. خاڵە تەواو نیگەران بوو. بڕیاری دا خۆی برواتە یۆنان و بەڵکە لەوێ کەسێک هەواڵیان بزانێ. نەیاندەزانی ئاوات دواجار باوکی لە شوێنێکی تاریکدا بینیوە دایک و لانەشی لای دەریایەکدا بینیوە. ئیتر پاش ئەوە شتی تازەتری نەبینیوە. بەردەکەی سۆما شتێکی کەی نیشان داوە، ئەوانی بینیوە لە ناو بەلەمێکی بچووکدا لە ناو دەریایەک.



ئەو نەیویڕاوە ئەم مەسەلەیە لای کەس بدرکێنێ، تەنانەت لای ئاواتیش، تەنیا جارێک لای دایکی وتوویەتی خەوی پێیانەوە بینیوە، ئەوان لەناو دەریایەکدا بوون، یەکسەر دایکیشی دەڵێت جا کێ دەڵێت ئەوانیش وەک خەڵکانی تر لە دەریا نقوم نەبوون، هەر بۆیە کەس هەواڵیان نازانێ. ئەمە سۆمای زۆر تووڕەکرد و دەستی کرد بەگریان و چووە دەرەوە. ئەو ڕۆژەش ئاوات و سەرباز لای مارکۆس بوون، ئەویش چوو بۆ لایان. تا ئێوارەیەکی درەنگ لایان مانەوەو دوایی هەرسێکیان پێکەوە گەڕانەوە. نازە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، زوو زوو لای مێردەکەی شکاتی لە سۆما دەکرد ، گوایە بەرەڵابووەو بەگوێی ناکات. لەگەڵ کوڕاندا دەردەچێ. مامەش تووڕە دەبوو، دەیوت ئەوانە ئامۆزای خۆین. سۆما گەورە بوو، شتەکانی بە ڕوونی دەبینی، زیاتریش هەستی بە خۆشەویستی ئاوات دەکرد، گەر جاران وەک ئامۆزایەک وابووبێ، ئەوا ئێستا وەک خۆشەویستێک دەیبینێ. زۆربەی کات لەگەڵ دایکیدا لەدەمەقرێدابوون، لەسەر ئامۆزاکانی دەکردەوە . سەربازی زۆر بریندار دەکرد، سۆما لای باوکی شکاتی لە دایکی کرد. مامەش هەڕەشەی لە نازە کرد و بێ دەنگی کرد.

سۆما لەو ماڵەدا ڕووناکییەک بوو بۆ ئەو دوو ئامۆزایە. لەگەڵ ئەوەی لەو ڕۆژانەی دواییدا هێندە لەگەڵیاندا نەدەژیان. سۆما لەمە بێزاربوو، ئەو لەگەڵ خوشک و براکانیدا نەدەگونجا. سیروان و شیروانیش هەوڵیان دەدا حوکمی بەسەردا بکەن، سۆماش زوو زوو لەلای باوکی شکاتی لێدەکردن. نازەش زیاتر

خەریکی خۆڕازاندنەوە و  جل کڕین بوو. لەو ماوەیەی کە چووە قوتابخانە باش فێری سوێدی ببوو، هەر هیچ نەبێ بۆ پێداویستییەکانی خۆی پێویستی بە کەس نەبوو، زۆرجاریش خۆی فش دەکردەوە و دەیوت پاش ئەوەی زمان تەواو دەکات بەشی پەروەردەی منداڵان تەواو دەکات، پاشانیش دەتوانێ زیاتر بخوێنێ و ببێتە مامۆستا. مامە گاڵتەی بە قسەکانی دەهات و لەناکاوا دەیوت هەی تڕحێو. نازەش بەم قسەیە دڵگران دەبوو و دەیووت ئەگەر من نازەبم ئەوا تا تۆ لادەکەیتەوە من خوێندنەکە تەواو دەکەم. مامە لەهەموو کەس خراپتر بوو، کەسیش نەیدەزانی بۆ، زۆربەی کات لەماڵەوە بوو، خەریکی جگەرە کێشان بوو. لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕۆژێ ناچاردەکرا بچێتە قوتابخانە کەچی فێری هیچ نەدەبوو، خۆ ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان کتێبێکی نەدەکردەوە. کەچی نازە پاش ئەوەی خواردنی بۆیان ئامادە دەکرد، کتێبەکانی دەهێناو نەیدەهێشت کەسێک بەلایدا بڕوات یان دەنگی تەلەفزیۆن بەرز بکەنەوە. داوای یارمەتی لە سۆما یان ئاوات دەکرد. وەک منداڵێکی پۆلی یەک دڵی بە کتێب و دەفتەرەکانی خۆش بوو. هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستاو نانی بەیانی بۆ هەموو ئامادەدەکرد و خەبەری دەکردنەوە. جوان خۆی دەگۆڕی و ماکیاجێکی بۆ دەکرد و دەچوو بۆ قوتابخانە. خۆ ڕۆژێ دوانەکەوت. زۆربەی ڕۆژانیش لەگەڵ ژنانی گەڕەکی ئەلەکترەڤێگن پێکەوە دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و ئیتر بە درێژایی ڕێگاکە هەر خەریکی قسەو گاڵتەکردن بوون. هەموو ئەو ژنانە مەکتەبیان پێخۆش بوو، زۆربەشیان نەخوێنەواربوون، بۆیە بەلایانەوە گرنگ بوو فێری نووسین و خوێندنەوە ببن. تەنانەت یەکێکیان بەنیاز بوو ببێ بە دکتۆر، نازە ئەمەی لەماڵەوە گێڕایەوە،



قسە کەوتە دەم منداڵەکان و ناویان نان ماڵی دکتۆرە کارتۆنییەکە. هەوڵی دەدا لەو گەڕەکە نەمێنن، دەیوت دەمەوێ لەناو ئەم بزنانە دەرچم، ئەمە کەی شوێنە  مرۆڤ ناتوانێ لێی بژی. مامەش گوێی نەدەدا بە قسەکانی، مامە خەیاڵی لە شوێنێکی تربوو، هەرگیز هەستت بەوە نەدەکرد  ئاگای لەخۆی بێت یان قسەیەک بکات یان پێبکەنێ. تەنیا بە بینینی  برازاکانی دڵی دەکرایەوە. ئەو ماوەیەش ئەوان  لەوێ نەدەژیان خۆی دەچوو سەری لێدەدان یان تەلەفۆنی بۆیان دەکرد تا بێنەوە. دیاربوو خەمێکی گەورە لە دڵیدایەو نایەوێ بۆ کەسی باسبکات. نازە دەیوت ناحەقی ناگرم لەوێ لە خانوویەکی گەورەدا دەژیان، ئەو خاوەنی دوکانێکی گەورە بوو لە ڕۆژێکدا دەیان کەسی دەبینی هەر لە ڕێگەی دوکانەوە تا دەگەڕایە ماڵەوە سڵاوی لە خەڵک دەکرد. ئێستاش لە کونی ژوورەوە دانیشتووەو کەس نابینێ. ئەوەش خەتای خۆیەتی چونکە پیاوانی ئەم گەڕەکە دەچنە دەرەوە بۆ تێنستە و ڕینکەبی و شارهۆڵمن، بای باڵی خۆیان دەدەن، کەچی ئەم پیاوە  وەک بەراز خۆی داوە بە ئەرزدا. ئاگای لەهیچ نییە. نە گوێ دەداتە من  نە منداڵەکان. لە پیاوەتیش کەوتووە. جاران شەوێک خۆی نەخشاندایەتە ژێر بەتانیەکەم نەدەخەوت، ئێستاش ئەڵێی خەساندوویانە. خۆ لەوانەشە وابێت، پۆلیس چەند جارێک بانگی کرد. کێ دەڵێت ئەزیەتیان نەداوە. سەرم لەم پیاوە دەرناچێ، ئەڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان نازە ژنی نەبووە. نازە بەژنانی گەڕەکی وتبوو" جا خۆی زەرەر دەکات. با ئیقامەکەمان بۆ دەرچێ هەر وا مایەوە دەری دەکەمە دەرەوە، پیاوی خەساوی وام بۆچییە. هەروەک نیان خان دەکەم. خۆ ئێرەش کوردستان نییە چۆنیان بوێ لێبخوڕن. خۆی ڕاست دەکاتەوە باشە ئەگینا منیش حیسابی خۆمی

بۆ دەکەم. موحتاجی کەس نیم، بە سۆسیال خۆم و منداڵەکان دەژێنم تا خوێندنەکەم تەواو دەکەم. دەڵێن لێرە مامۆستا مووچەی باشە. منداڵەکانیش وردە وردە گەورە دەبن. ئەو دوو بارەشم لەکۆڵ دەبێتەوە. نازانم بۆ منداڵێکی من بەختی ئەمانەی نییە. تەماشاکە ئەم سوێدییانە چۆن ئەم دوو کوڕەیان گرتۆتە خۆیان و بەم دەست و ئەو دەست خەریکیانن. ئەوە دراگاناش لەو لاوە بوەستێ، هەر دەڵێی لە ئاسمانەوە ئەو دوو منداڵەی بۆ هاتووەتە خوارەوە. دایک و باوکیان زوو نەیەن بەخوا داگیریان دەکات و دەیانکاتە منداڵی خۆی. خۆ لەوەتی شووی بە خاڵیشیان کردووە ئێتر ئەو ژنە زیاتر خەریکیانە. نازانم چۆن حەزی لە خاڵە کردووە. بۆ پیاو لەم وڵاتە دەست ناکەوێ تا حەز لە جیقنێکی وەکو ئەو بکات، خۆ لووتی بگری گیانی دەردەچێ، دەڵێی لەو لەندەنە گەورەیەدا نان نەبووە بیخوات. فریا ناکەوێ شەوو ڕۆژ کاریکردووە، لەوەتی هاتووەتە ئێرەش شەو و ڕۆژی خستووەتە سەریەک و کاردەکات. دەڵێن دکتۆر پارەیەکی باش وەردەگرێ. کاتی واش هەیە لە شەو و ڕۆژێکدا بیست و پێنج سەعات کاردەکات. ئەگینا گاڵتە نییە ئەم هەموو پارەیە دەنێرێتەوە، ئەوە ئێمە چەنێکە لێرەین کەچی نەمان توانی کرۆنێک کۆبکەینەوە وبۆ براکەمی بنێرم. ئەمجارە گوێم لێبوو دەیوت چوارسەد گەڵای ناردووەتەوە تا سەرسۆراغی باوکی ئاوات بکەن. ئێ وایە هەموو جارێ کە دەهاتە ئێرە ئەوەندە نەدەگیرسایەوەو خێرا دەرۆشتەوە. لەوەتەی ئەم ژنەشی ناسیووە نانی خۆی و خوشکەزاکانی کەوتووەتە ڕۆنەوە. نازانم ئەم ژنەی چۆن دۆزییەوە کەسێکی وا مەگەر لە کورەی هەنگویندا بیدۆزیتەوە. ئێتر هەریەکە و بەختی خۆی، خوا چی لەچارە نووسیبێ هەر ئەوەیە، ئەگینا ئەم



خانمە چی لەمن زیاترە وا ئەم کوڕە عاشقی بووە و ماخۆڵانی پێکەوتووە، چەند لەبەر خوشکەزاکانی دەهات بۆ ئێرە دە ئەوەندەش لەبەر دراگانا دەهات، تا ڕازی کردو هێنای. دەڵێن دراگانا دەوڵەمەندیشە. خۆی بەتەنیا لە خانوویەکی گەورەدا دەژی. خۆی بەتەنیایە ئەو مووچە زۆرەی بۆ چییە. خۆ گاڵتە نییە ئەم جیقنە پێوەی نووسا.

### *دوا لاپەڕەکان و ڕووبارێک لە فرمێسک*

*خاڵە سەفەری کرد، تەنیا دراگانا دەیزانی بۆ کوێ چووە. بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردین. هەرجارەو شتێکی سەبارەت بە بابەو دایە دەوت. دڵخۆشی دەداینەوە دەیوت بەم زووانە ئەوانیش دەگەن، بەنیازن ئەوانیش بێن بۆ سوێد. منیش هەستم دەکرد سەرباز تا دێت خەمبارترو کپتر دەبێت. بەباشی خواردنیشی نەدەخوارد، دایکی مارکۆس هەستی بەمە کرد، هەوڵی دەدا یارمەتی بدات و خواردنێ بکات سەرباز حەزی لێیبێ. ئەمە منیشی نیگەران کردبوو، هەربۆیە دواجار خاڵە تەلەفۆنی کرد وتم هەردەبێت بگەڕێیتەوە. هاتنی ئەمجارەی خاڵە گۆمی نهێنیەکانی شڵەقاند، ئەو نهێنییانەی بەردەکە پیشانی منی دا. هەرچەند بۆ کەسیسشم باسنەکردبوو. لەگەڵ ئەوەی پێشتریش هەستم بەوە کرد شتێک ڕووی داوە، نێهنییەک لە نێوان مامەو خاڵەدا هەیە شتێکە تەنیا ئەوان دەیانزانی. بیرم لە ڕێگەیەک دەکردەوە خاڵە ناچاربکەم ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات. هەوڵم دەدا باس تەنیا باسی دایە و بابەو لانە بێت. بۆئەوەی شتێکی لەدەمدەرچێ.*

ئەو شەوە لای دراگانا خەوتین. خاڵەش لەوێ بوو. خەوم لێنەدەکەوت، مانگەشەویش نەبوو تا هیوایەکم بەبەردەکەم هەبێت. لەگەڵ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک شک نابەم بۆ ڕاستی ئەو وێنانەی لەسەر بەردەکە دەردەکەون. بۆیە ناوێرم لای خاڵە باسی بکەم. ئەو شەوە تا درەنگێ بیرم لەوە دەکردەوە بە چ شێوەیەک باسی ناوەڕۆکی ئەو دیمەنانە بکەم کەلە سەر بەردەکە دەرکەوتووە. زۆرم تینوو بوو، شەرمیشم دەکرد بچم ئاو بخۆمەوە لەبەرئەوەی ئەوان هێشتا لەهۆڵەکە دانیشتبوون، دەترسام لەوەی ئەوان خەریکی ماچ و موچ بن. بڕیارم دا بەهێواشی بڕۆم. بەدزییەکەوە سەیریان دەکەم گەر ئاسایی بوو ئەوا دەڕۆم.  خاڵە دەیوت هەتا هەواڵێکی ئەوان نەزانم ناتوانم هیچ بکەم. ئەوەم زانی باوکی سەرباز گیراوە، ئەی کەژاڵ چی لێهاتووە، ئەی لانە؟ کەس هەواڵیان نازانێ، تەنانەت داوام لە دوو هاوڕێی نزیکی خۆم کرد بچن هەواڵیان بزانن. دەڵێن ئەوان نەگەڕاونەتەوە ماڵەکەیان و کەسیشی تێدا ناژی و دوو جاریش دز چووەتە سەر ماڵەکەو ئەوەی بەکەڵک هاتووە دزیوویانە. تەنانەت ئەو شتانەی کەژاڵ کە چەندین ساڵە بۆمی هەڵگرتووە، نەماون. خەڵک چی بەسەرهاتووە، بێ پارەیی و شەڕ ئەخلاقی مرۆڤ دەشوێنێ. ئەوەش گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بزانم لە کوێن.

دڵم پڕبوو. ڕامکردە لای خاڵەو باوەشم پێداکرد. ئەویش حەپەسا و نەیدەزانی چی بڵێ. نەموێرا وێنەی سەر بەردەکەی بۆ باسبکەم. ناچار کردمە خەو. من دوو خەوی سەیرم بینیوە، لە خەوێکدا باوکمم بینی لە شوێنێکی تاریکدا بوو، دیارە خەوەکەم ڕاست بووە، لەبەر ئەوەی  بابە گیراوە و لە زینداندایە. هەموو



زیندانەکانیش تاریکن. خەوێکی ترم بینی بە دایە و لانەوە، ئەوانم بینی لای دەریایەکەوە بوون. بەڵام بیرم نایە لەناو بەلەمێکدا بوون یان لە قەراغ دەریاکەوە بوون. کە ئەمەم وت خاڵە چاوەکانی وەک چاوەکانی بۆق هاتنە دەرەوە. زۆر لە چاوەکانی ترسام دەستم گرت بە چاومەوە. ئەویش وای زانی دەگریم. دەستەسڕەکەی دەرهێنا تا چاوەکانم بسڕێ. منیش تەریق بوومەوە لەبەر ئەوەی هێشتا فرمێسک بە چاوەکانمدا نەهاتبوونە خوارەوە. کەچی لەناکاوا دامە پرمەی گریان و دەمی خۆمم گرت نەوەک سەرباز خەبەری بێتەوە. خاڵەش  وتی ئەی لەکەیەوە تۆ ئەو خەوەت بینیوە. بە تەواوەتی لەبیرم نەبوو کەی بوو. بەڵام پێش چەند مانگێک بوو. خاڵەو دراگانا باوەشیان پێداکردم، خاڵە لەگەڵمدا گریا. وتی نامەوێ جارێ سەرباز بەمە بزانێ. بەڵێنم بدەرێ  لای ئەو باسی نەکەی. ئەو زۆر خەمگینە، دەڵێی ئەویش خەوێکی وەک تۆی بینیوە. خاڵەم تێگەیاند  ئەوە پەیوەندی بە قوتابخانەو هاوڕێکانییەوەیە.

ببوورە بەردەکەم نەدەبوایە ئەم درۆیە بکەم، ئەی چیبکەم، ئەوان بڕوا بەوە ناکەن  تۆ بەردێکی سیحریی بیت. جارێ پێت بڵێم تۆزێ لێشت تورەم چونکە وێنەیەکم نیشان دەدەی  من پێویستم پێیی نییە. وێنەی خاڵە و ژنێک لەسەر دەریا، چی لەوە بکەم. ئەمجارە دەمەوێ بە وشە بنووسی  ئەوان لەکوێن. چ وڵاتێ... چ شارێ.

ئاوات سەری خستە سەرشانم و دەستی کرد بەگریان لەوێدا هەستم بەوەکرد کە  نایەوێ قسەبکات. لێی تێگەیشتم. خۆ منیش هەروا بووم، کە یەکێکم دەبینی خواخوام بوو کەس پرسیارێکی لەو

بابەتەم لێنەکا، نەکا برینەکانم بکولێنەوە، چیرۆکەکان دووبارە ببنەوە. لەگەڵ ئەوەی پاش ساڵێک توانیم ڕێز لەبڕیاری کوڕەکەم بگرم. لەوە بگەم هەر کەسێک دێتە ئەم ژیانەوە بە ئارەزووی خۆی دێت و پێش هاتنی بۆ ئەم ژیانە هەر خۆی ڕێچکەی ژیانی هەڵدەبژێرێ. مەبەستێکی هەیە لەو هەڵبژاردنەش. بۆیە لای خۆمان دەڵێن پێش ئەوەی منداڵێ لەدایک ببێ چارەنووسی لەناوچەوانی دەنووسرێ. ئەوەی خوا بڕیاری دابێت هەرئەوەیە. ماوەیەکی زۆریش بیرم لەوە دەکردەوە مەبەستی کۆچکردنەکەی چی بێت. نامەکەیم لەناو دڵما هەڵگرتبوو، وڵات بە وڵات دەگەڕام تا کەسێ بدۆزمەوە ڕستەکانیم بۆ لێکبداتەوە، چونکە هەر وشەیەک لە وشەکانی ڕەنگی هەتاویان دەنواند. هەر کە سەیرم دەکردن، لەبەر هێزی تیشکەکەیان فرمێسک بەچاوەکانمدا دەهاتە خوارەوە. لەوە تێنەدەگەیشتم چۆن وا زوو کۆچی کرد، پلانی بۆهەنگاو بەهەنگاوی کۆچەکەی دانابوو. ئاخر منداڵێک لەو تەمەنەدا، دەبێت لە کۆچی تەنیایی بترسێ. تەنانەت گەر خۆشی ئەو بڕیارەی دابێت. سەیرم لەو ئازاییە دێت لە دەروونیا زابوو. دەمزانی ئازایەو چاو نەترسە، خۆ بە منداڵیش هەروا بوو. تەمەنی ساڵێک بوو تەکنیکێکی دۆزیبووەوە بۆ هاتنە دەرەوە لە قەروێڵەکەی. تەمەنی دوو ساڵ بوو، بە سەر دارو بەردو هەورازدا بازی دەدا، هەندێ جار لە هەندێ نشێویدا خۆی نەدەگرت وەک تۆپێ خل دەبووەوە خوارەوە، هەڵدەستایەوەو خۆی دەتەکاندو پێدەکەنی. ئەوەی بیویستایە دەیکرد. فرمێسکەکانم بەسەر ڕوومەتیدا بارین. سەری بەرز کردەوە، تەماشایەکی کردم. داوای لێبووردنت لێدەکەم، دیارە ئازارت دەدەم. دەزانم ئازارەکانی تۆش هێندە سەختن، ئاخر مەگەر من و تۆ



لەیەک بگەین. تۆ چەند بیری کوڕەکەت دەکەیت منیش هێندە بیری دایکم دەکەم."

ڕاچڵەکیم، گیانم وەک شەقشەقە دەلەرزی. نەموێرا بپرسم دایکی ئێستا لێرەیە یان لەودیوە، ئەوە پرسیارێکە نەدەمەوێ و نەدەوێرم لە کەسێکی بکەم.

*بیری دایکم دەکەم، وا هەست دەکەم دەوروبەرم هەموو بۆشاییە.بەهیچ شتێ پڕنابێتەوە.دەبێ ئێستا لە کوێ بێت، دایە گیان. ئەی لانە، بەڵێنم پێدابوو بوکێکی بۆ بنێرم، کێ دەیزانی وامان لێدێت. لە دەریاکان دەترسم. هەرجارە سەیری بەردەکە دەکەم دەریا و شەپۆلی دەریا دەبینم. لەبەردەکە تووڕەبووم، تا هێزم تیدابوو لە پەنجەرەکەوە فڕێم دایە دەرەوە. من دەریام ناوێ دایکم و لانەم دەوێ تاقە هیوایەکم ئەو بوو، ئەویش چوو.. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت، بەردەکەشم فڕێ دا، چ کارێکی کەرانەم کرد. هەستام بە دوای بەردەکەدا بڕۆم. مانگەشەو بوو هەر لە دوورەوە بینیم. دەبریسکایەوە وەک ئەوەی بانگم بکات، ماچم کرد، لێی پاڕامەوە یارمەتیم بدات، تەنیا یەکەمین پیتی ئەو وڵاتەم نیشان بدە کە دایەی لێیە. تکایە بەردە خۆشەویستەکەم، چیت دەوێت بۆتی دەکەم، تەنیا دەروونم ئاسودە بکە. سەرباز خەریکە شێت دەبێت، دەزانم خەمی دایەو بابەیەتی، جارێ ئەو ناشزانێ بابە لە زیندانە، زۆر تکام لە مامەم کرد تا نازە ئەو نهێنییە نەدرکێنێ. سەرباز گەورەش نابێت، ئەوە من لەو درێژترم، خەڵکی کە دەمانبینن وا دەزانن من برا گەورەم. چۆن درێژ دەبێت، شەوان ناخەوێ، نان باش ناخوات. نازانم بۆ، جاران لە مەسەلەی ئیقامە دەترساین، ئەو ترسەشمان نەماوە، لە جیاتی ماڵێک سێ ماڵمان هەیە. شەممان و یەکشەممان*

هەر لە ماڵی مارکۆس دەبەینە سەر. لە میهرەبانی ئەو ژنە تێناگەم. هەر دەڵێی کوڕی ئەوین. خەمی هەموو شتێکمان دەخوات، جل، خوێندن. نازانم چۆن لێی تێبگەم. کەدەچینە ماڵەکەی وا هەست دەکەین  ماڵی خۆمانە. تەنانەت سەربازیش لەوێ زۆر هێمنە. هەست بە گەرمی باوەشی دایە دەکەین. ئاخر دایە لەکوێیە. گەر بمزانییا لە کوێیە ئیتر هیچ خەفەتم نەدەخوارد.

لەو مانگەشەوەدا لەسەر بەردێکی نزیک ماڵ دانیشتم. بەردەکە ناچمەوە تا دایکمم نیشان نەدەی. دەریا دەرکەوت. ئەوە چەند جارە هەر دەریام نیشان دەدەی، ئێستا تەنانەت ڕقم لە دەریاش دەبێتەوە. پێم وتی پیتی یەکەمی ئەو شوێنەی ئەوی لێیە. هێندەی نەبرد پیتی "ئە" دەرکەوت. نەخشەی جیهانم خستە پێش چاوی خۆم ئەو وڵاتانەی  ڕەنگە ئەو پێیاندا تێپەڕێ. ئەوروپا... کام شاری ئەوروپا، ئەمەیان ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی گەر لە ئەوروپا بوایە هەر پێمان دەزانی... ئیتالیا... باوەڕناکەم... تەلەفۆنی بۆ دەکردین. کێ دەڵێ ژمارەکانی ون نەکردووە. وایە خۆ زۆر کەس لە ئیتالیا دەگیرسێنەوە، لەوێش قاچاخچی دەستبڕ زۆرە. نا ئیتالیاش نییە. ئەوەی دەرکەوت"ئە"، ئێ ئیتالیا دەکەوێتە ئەوروپاوە. دەبێت هەر لەوێ بێت. بەردەکەم ماچ کرد و خستمە سەر دڵم بە ئەسپایی چوومە ژوورەوە. ئەو شەوە باش خەوم لێکەوت.  بەیانی خەبەرم بووەوە زۆر دڵم خۆشبوو. سەربازم خەبەرکردوەوە چرپاندم بەگوێیدا" وابزانم لە ئیتالیان" " بەردەکە". ڕاست بۆی چوو، لەگەڵ ئەوەی کە سەرباز هێندە بڕوای بە بەردەکە نەبوو، زۆرجار گاڵتەی بە من و سۆما دەکرد. ئەمجارەیان ڕووناکی خستە دڵییەوە، بەیانی هەستا باش نانی خواردو قژی جوان داهێنا. وتی دەتوانیین بڕۆین



بۆ لای دایکی مارکۆس تا بزانیین کەی سەرەم دێت بۆ نەشتەرگەریی چاوم. دەمەوێ پێش ئەوەی ئەوان بێن،  چاوم چاک بووبێتەوە. من خۆم لەناو خۆمدا هەستم بە نیگەرانییەکی زۆر دەکرد. نەمدەزانی هۆی چییە، نەمدەویست سەرباز هەست بەو نیگەڕانییەی من بکات، نەوەک ئەو خۆشییەی لێ زەوت بکرێ. هەتا مانگی چواردەی داهاتوو خۆم دەگرم، گەر ڕاست بێت دەبێت دەرکەوێن.

هاوار بۆ کێ بەرم، خاڵەیە، لە ئێمە زیاتر نیگەرانە، جاری واهەیە قسەی لەگەڵدا دەکەین، ئاگای لە خۆی نییە، پرسیاری لێدەکەین وەڵامێکی ترمان دەداتەوە. ئەوەی یارمەتی دەدات خۆشەویستیی دراگانایە. منیش خۆشەویستیی سۆما هەڵم دەگرێتەوە، نازانم چۆن خۆشەویستێکیش بۆ سەرباز بدۆزمەوە. لە کوێ تاڤگەی بۆ بێنم. دایە زۆرجار باسی خۆشەویستی سەربازی دەکرد بۆ تاڤگە، ئیتر هەردووکیان پێدەکەنین. کە منداڵ بوو عاشقی تاڤگە ببوو، دایکم پێدەکەنی و دەیووت ئەم کوڕەم عاشقی قەیرە کچێک بووە، سەربازیش دەیووت گەر من گەورە ببم شوو دەکەم بە تاڤگە. دایەش دەیوت تا تۆ گەورە دەبیت ئەو دوو  سێ منداڵی دەبێت. زۆرجاریش وێنەی هەردووکیانی دەکێشا، لە وێنەکەدا هەردووکیان لە یەک تەمەندا بوون. جارێک تاڤگە پێی وت: سەرباز خۆم لە قوتو دەگرم تا لەمە زیاتر گەورەتر نەبم و تۆ فریام بکەوی. سەربازیش وتی: دەتوانی دەرمانێک بخۆیت تا گەورە نەبیت.  ئای دایە گیان خۆزگە ئێستا لێرە دەبووی، هەندێ باسی منداڵیت بۆدەکردین. شتەکانت هەموو بیر مابوو، زۆرجار بە وردی هەموویت بۆ دەگێڕاینەوە. بابەش گوێی لێدەگرت بە چاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە

سەیری دایەی دەکرد. بابە دایەی زۆر خۆشدەویست، بە داخەوە کە منداڵین لە هەندێ شت ناگەین، کە گەورەش دەبین هەندێ شتمان لەیاد دەچێت. خۆزگە مێشکمان وەک کۆمپیوتەر دەبوو. شتەکانی وەک خۆی بپاراستایە. بابە شتی دەنووسی و نیشانی دایەی دەدا، ئەویش پێیدا دەچووەوەو بە خەتێکی جوان بۆی دەنووسییەوە، خەتی دایە خۆشتربوو، بابەش ئەمەی کردبووە بیانوو، هەرشتێکی بنووسیایە دەیوت : ها خەتخۆش گیان ئەمەشم بۆ بنووسەوە، دایکم پێدەکەنی و قسەی نەدەکرد. گەر باوکم ئازاد بکرێ و بێتە ئێرە دەتوانێ بە کۆمپیوتەر شتەکان بنووسێ، لێرەش پێویست ناکات نووسینەکانی بشارێتەوە. هەرکە شتێکی دەنووسی دەیانشاردەوە، دەمزانی لە کوێدا دەیشارنەوە، لە ژێر یەخچاڵەکەدا چاڵێکیان هەڵکەندبوو، هەر بیان ویستایە شتەکان بشارنەوە یەخچاڵەکەیان لادەداو تەختەکەیان لادەبردو شتەکانیان دادەنا. زۆربەی کات کە ئێمە دەخەوتین ئەو کارەیان دە کرد. من و سەرباز زۆر جار گوێمان لە خرەخرێک دەبوو، نەشماندەزانی چییە. شەوێک بڕیارمان دا خۆمان داگرین تا ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا بێت.

خۆزگە ئێستا لانەم دەبینی، داوای لێبووردنم لێدەکرد، ئێوارەیەک من و سەرباز بیبەرێکی تیژمان دەرخوارد دا. کەوتە زیڕەو ئێمەش کەوتینە پێکەنیین. ئەو ئێوارەیە بوو دایە لێمان توورەبوو، ڕاستی دەکرد نەدەبووایە کارێکی وا بکەین. لانە ئێستا گەورە بووە. خۆزگەم بە خۆی، هیچ نەبێت ئەو لای دایکەیە. ژیانت هەرچۆنێ بێت لەگەڵ دایک و باوکی خۆت بێت. ئەوان ئێمەیان نارد تا ژیانی هەموومان باشتر بێت، کەچی تەماشاکە کەس ئاگای لەکەس نەماوە.



باوکیشم لە زینداندایە، خەتای ئەوان بوو، بەگوێی سەربازیان نەکرد. چەند جار پێی وتن  باشترە یەکەمین جار بابە بڕوات. نە ئەو دەگیرا و نەئێمەش وامان لێدەهات. گەورە دەبێت فێربێت گوێ لە منداڵیش بگرێ. عەقڵی منداڵ زۆرجار لە عەقڵی گەورەیەک باشتر کاردەکات. من کە هاتمە ئەم وڵاتە هەستم بەبوونی خۆم کرد، کەسێک هەبوو گوێم لێ بگرێ، کاتم بۆ تەرخان بکات، بۆ یەکەمین جار مامۆستاکەم لە ئامێزی گرتم، ڕەنگم سوور بووەوە، ترسی ئەوەم لێنیشت حەزم لێبکات لەبەر ئەوەی من لە هەموویان گەورەتربووم. پاشان بینیم هەموو منداڵەکانی تر لە ئامێز دەگرێ. یەکەمین ساڵ سەیربوو بە لامەوە  مامۆستاکە جەژنی لە دایکبوونی هەموو منداڵەکانی دەزانی و پێش ئەوەی دەست بکەین بە خوێندن دەبوایە گۆرانیمان بۆ بووتایە. خەمی خۆمم لێهات، گەر گۆرانی بۆ من بڵێن هیچ دڵم پێی خۆشنابێت، ئەوە ڕۆژی لەدایکبوونی من نییە بەڵکو مامە هەر لە خۆیەوە ئەو ڕۆژەی  داناوە. بۆیە هێندەم بەلاوە گرنگ نەبوو گۆرانیم بۆ بڵێن یان بیریان بچێتەوە. کێکەکانی دایکم زۆر خۆشبوون، خۆ لێرە نازە جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکانی خۆشی هێندە پێ گرنگ نییە. ساڵێکی تر گەر بابە ئازاد بکرێ و دایەو لانە بێنە ئێرە ئەوا وەک جاران ئاهەنگێکی خۆش سازدەکەین.

لە نووسینی ئەم یاداشتنامەیە ماندوو بووم، زۆرجار هەست دەکەم وشەکانم نایەتەوە یاد، خاڵەش لەبیری چووە هەواڵی یاداشتنامەکەم لێبپرسێ، جاران کە تەلەفۆنیشی دەکرد دەیپرسی ها بەردەوامی لە نووسین؟ جارێکیش وتی بەڵکو تۆش وەکو باوکت ببیت بە نووسەر.  هاتیشی بۆ ئێرە فێری ئینگلیزیش دەبیت، کێ دەڵێت نابی بە نووسەرێکی بەناوبانگ. ئەو قسەیەم زۆر پێخۆش

*بوو. چوینە لەندەن من دەبمە نووسەرو سەربازیش بە یاریکەرێکی بەناوبانگ. ئەو کات پێویست ناکات دایە و بابە کار بکەن، بابە شت بنووسێ و دایەش چی بکات ... نازانم ... لەماڵەوە بێت خواردنمان بۆ دروست بکات. نا نایەڵم ماندوو ببێ، ژنێک دەهێنم خزمەتی بکات، بیرم کەوتەوە دایە حەزی لە خوێندنەوەی کتێبی ئینگلیزییە، پڕ بە ژوورێک کتێبی بۆ دەکڕم. تۆزێ ئاڵتونیشی بۆ دەکڕم، هەرچەندە دەڵێت من حەزم لە ئاڵتون نییە، بەڵام بیرمە جارێک بابە ملوانکەیەکی ئاڵتونی بۆ کڕی زۆری پێخۆش بوو، یەکسەر کردیە ملی. ئەو ڕۆژە لەگەڵ سۆما دەرچووین ملوانکەیەکی جوانم بینی، یەکسەر دایکمم بیرکەوتەوە، حەزم کرد یەکسەر بۆی بکڕم، بەداخەوە هێندە پارەم پێنەبوو بەشی ئەوە بکات. لەمەودوا پارە کۆدەکەمەوە، پێش ئەوەی بێت، ملوانکەکەی بۆ دەکڕم. دراگانا و خاڵە پارەمان دەدەنێ، هەرچەندە هێشتا ماڵی مامە پارەکەمان وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەی لەوێ ناژین. خاڵە دەڵێت پارە گرنگ نییە. ئەو ڕۆژە چەند سەفتە دۆلارێکی بە پیاوێکدا ناردەوە تا بە پارە باوکم ئازاد بکەن. گەر باوکم ئازاد ببێ ئەوکات ئێمەش بە ئاسانی دایەو لانە دەدۆزینەوە. خاڵە دەیوت هەواڵیان پرسیووە نە گیراون. دەبێت لە شوێنکدا یان وڵاتێک گیرسابێتنەوە، یان پارەیان پێنەمابێ و دایە دەستی کردبێت بەکار تا پارە بۆ سەفەرەکە کۆبکاتەوە، ئەی باشە چ کارێک دەکات، مامۆستایەتی، کێ دەڵێت زمانی ئەو وڵاتە دەزانێ، دەبێت کارێک بکات کە زمانی نەوێت. ئای دایە دڵم دێشێ، بۆ هەر دەرنەکەوتی..؟!*



منیش دڵم بۆ کوڕەکەم ژان دەکات، منیش دەمەوێ شوێنپێی هەڵبگرم. لە هیچ شوێنێکدا بەدیی ناکەم. من تەواو بڕوا بە قسەکەی خۆی دەکەم کە دێتەوە بۆ لام. هەموو کەسە ونبووەکانمان دەدۆزینەوە، مەرج نییە لەهەمان شێوە و بەرگدا بێت. ئەوە ڕۆحە بە دوای ڕۆحەکاندا دەگەڕێن و یەکتر دەدۆزنەوە، ئیتر لەهەر جەستەیەکدا بن یەکتر هەر دەدۆزنەوە، دڵنیام لەوەی بە کوڕەکەم دەگەمەوە و دەیناسمەوە تەنانەت ڕۆحەکەشی لە پەپوولەیەکدا بێت. تۆش ئەگەر دایکت بەرەو ئەودیو سەفەری کردبێت ئەوا ڕۆژێک هەرپێت دەگاتەوە، بەتایبەتی فریاش نەکەوت خواحافیزیت لێبکات. بیر لەوە دەکەمەوە منیش بکەومە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی لانە و دایکی لانە. دەتوانم قسە لەگەڵ خاڵیان یان دراگانا بکەم. ڕێگە زۆرە بۆ هەوڵدان، ئەوەشم بیرکەوتەوە لەڕێگەی هەندێ ڕێکخراوەی نووسەرانەوە دەتوانرێ هەوڵێک بدرێ بۆ ئازادکردنی باوکیان. گرفتی ئەم کوڕەش بووە گرفتێکی ڕۆژانەی من. مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت ڕێوی بە کونا نەدەچوو هەژگێکیشی بە کلکییەوە دەبەست. منێک لە هەموو دەرگایەکم داوە بۆ وەرگرتنی هێزێک کەچی ئێستا خەریکی چارەسەرکردنی گرفتی خەڵکانی ترم. ئەمە خۆی لەخۆیدا سەمەرەیە. ئاوات و دراگانا هاتنە لام، چەند ژنێکی نەجیبزادەیە. لە چاوەکانیدا میهرەبانی دەبینیت، شێوەی ڕۆژهەڵاتییە، پرچێکی درێژی هەنگوین ڕەنگی هەیە. تەمەنی سەرووی سییە. ئەو ڕۆژە ئاوات شەرمی کەمتر دەکرد و هەستی بە ئازادییەکی زیاتر دەکرد لە ماڵەکەمدا. خۆی هەستا چاکەی هێناو بۆی تێکردین. لەوەی دەکرد هەموو تەمەنی خەریکی خزمەتکردنی ژنان بووبێت. پاشان ئیزنی لەمن خواست وچووە سەر ئینتەرنێت لە

ژووری کارەکەی من. ڕێگەم دا، بڕوام پێیبوو، دەستکاریی هیچ شتێکی من ناکات.

چەند ڕێکەوتێکی سەیرە ئێوە بەو زووییە یەکترتان خۆشویست. دراگانا پێکەنی،ڕێکەوت لەوەش سەیرتر هەیە. پێش چەند ساڵ لەگەڵ مێردەکەمدا چوین بۆ پشوودان، گەلێ گرفتمان هەبوو.ئەو سەفەرەشمان بەو هیوایە کرد کە گۆڕانێک لە پەیوەندیماندا دروست بکات. کاتێک ئەو پاڵی پێوەنام کەوتم، ئەوەی دەستی بۆ من هێناو بەرزی کردمەوە ڕامان بوو، لە سوپاسێ زیاتر هیچ نەکەوتە نێوانمان، بەڵام خۆشەویستیەکی زۆر جەستەی هەردووکمانی داگیرکرد. لە فڕۆکەخانە بینیمەوە، زانیم بەرەو لەندەن دەڕوات، ناوی یەکتریشمان نەدەزانی، ئەو بەڕێگەی خۆیدا و منیش بەڕێگەی خۆمدا. من جیابوومەوە، پاش ئەوە نەمتوانی پەیوەندی لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر ببەستم، هەر پیاوێک دەهاتە ژیانمەوە، بیرم لەو پیاوە نەناسراوە دەکردەوە. کە ئاوات لە پۆلەکەی مندا دەستی پێکرد هەستم دەکرد کوڕی خۆمە. هەستی دایکایەتیم بۆ هیچ منداڵێک نەبووە. کەچی بەدڵ و بە گیان دەمویست لە ئاوات بگەم و یارمەتی بدەم. کاتێ ڕاستی بەسەرهاتەکەشم زانی ئیتر ئەوەندەی تر مێشکم پێوەی خەریک بوو. هەر بەهۆی ئاواتەوە تێکەڵاویم لەگەڵ ماڵی مارکۆسیشدا پەیدا کرد. بە ڕێکەوت لەماڵی ئەوان بینیم، خەریک بوو شاگەشکە بم. خێرا ناسیمەوە. ئەو پیاوە بوو کە دەستی داپێم و لە زەوی هەڵیگرتمەوە. ئەویش منی ناسییەوە. بێ قسەو بێ گفتوگۆ تێکەڵ بەیەک بووین، هەر یەکەمین شەو هات لای من مایەوە. ئەویش وەک من پاش مردنی ژنەکەی نەیتوانیبوو پەیوەندی لەگەڵ



هیچ ژنێکدا ببەستێ. باوەڕم بە چارەنووس هێنا. گەر لە چارەنووسی دایک و باوکی ئاواتدا نووسرابێت بێنە سویدو لەگەڵ منداڵەکانیاندا بژین ئەوا دێن.

پێشنیاری ئەوەم بۆ دراگانا کرد پەیوەندی بکرێ بەڕێکخراوەی ڕۆژنامەنووسانەوە بەڵکو لە ڕێگەی ئەوانەوە هەوڵبدرێ باوکی ئاوات ئازادبکرێ و هەواڵێکی دایکی و لانە بزانرێ. لەگەڵ دراگانادا کەوتینە هەوڵدانێکی زۆر، من خەریکی تەلەفۆنکردن بووم ئەویش نامە نووسین. دەبێت ڕامانیش بەچەند لایەکدا بڕوات تا هەواڵی خوشکەکەی بزانێ. لە ڕێگەی هەندێ ڕادیۆی کوردییەوە کەوتینە هەواڵپرسین. ژمارەی تەلەفۆنمان دانا.

من دەبوایە سەفەرێکم بکردایە. ماوەی چەند مانگێ دەمامەوە. تەلەفۆنم بۆ ئاوات کرد. لەگەڵ سۆمادا هاتن بۆ لام. بەو هەواڵە دڵگران بوون. بەتایبەتی فریا نەکەوتین کۆتایی چیرۆکەکە بنووسین. بەڵێنم پێدا بەردەوام پەیوەندییان پێوە دەکەم، ئەوانیش هەر هەواڵێکیان زانی ئاگادارم بکەنەوە. ئاوات داوای لێبووردنی لێکردم کەوا بەڕێکوپێکی لاپەڕەی یادداشتنامەکەی نەداوە پێم. زۆر لاپەڕەی لای خۆی ماوە، نایەوێ بیدا پێم تا هەواڵێکی دایک و باوکی نەزانێ. ئەوانیش سوپاسیان کردم، هەردووکیانم لە ئامێز گرت.

**گەر دەتانەوێ لەوە زیاتر ئازار نەچێژن ئەم چەند لاپەڕەیەی کۆتایی مەخوێننەوە.**

جانتاکەی بۆ کۆکردمەوە، بڕیاری دابوو پێم نەڵێ بۆ کوێ بلیتی بۆ کڕیوم. لە کوێش دادەبەزم. تەنیا ئەوەندی پێوتم بۆ شوێنێک دەمنێرێ، کە خۆم  حەزم لێیەتی، لە شوێنێکیشدا جێگەی بۆ گرتووم دەیان ساڵە خەوم پێوە بینیوە. لە دڵی خۆمدا وتم خۆ من خەوەکانی خۆمم بۆ تۆ باس نەکردووە، لە کوێ دەزانی. گرنگ تاقەتی قسەم نەبوو. دەنگی ناوەوەم پێی دەوتم  نابێ ئەم سەفەرەبکەم، باشترە دوایخەم. دەستەڵاتیشم نەبوو، نەمدەویست قسەی بشکێنم، ماوەیەکە پارە کۆدەکاتەوە تا سەفەرێکی وا بۆ من ڕێکبخات، خۆ خۆشم هێندە پارەم هەبوو شتێکی وا بکەم. ئەو دەیوت تۆ زۆر خۆتت خەریک کردووە بە گرفت و بەزم و ڕەزمی خەڵکەوە، خەریکی نووسین ببە. وتیشی تا ئەو دووبەرهەمەت تەواو نەکەیت نەگەڕێیتەوە. دەرگات بۆ ناکەمەوە.

باوەشی پێداکردم، بلیتەکەی دا بەدەستمەوە. لەبیرت نەچێ لە فڕۆکەخانەوە  دەبێت تەکسییەک بگری بۆ ئەو شوێنە.  بەردەوام ئاگامان لەیەک دەبێت. وتم ها هەموو ڕۆژێ دەبێت تەلەفۆنم بۆ بکەی. دەزانی ئەو پارەیەشی کە هەمبوو لە بانک دەرم هێناوە. خۆت دەزانی لە کوێم داناوە، مرۆڤ نازانێ چی ڕوودەدات. من بەشی خۆم پارەم لەگەڵ خۆم بردووە. دڵی پڕبوو لە گریان و باوەشی پێمداکرد وتی: نا



نانی قسەی وامەکە هیچت لێنایە، دەگەڕێیتەوە بۆ لام. پێم وت ئاخر کچم مرۆڤ نازانێ لەم ژیانە چی ڕوودەدات. ئەمجا بە پێکەنینەوە وتی، خەمت نەبێ بەتەمام تۆ لای  منداڵەکانم دانێم.

بلیتەکەی داپێم زانیم بۆ کوێ دەچم. کچەکەم ڕاست دەکات زۆر حەزم لەو وڵاتەیە. کوڕەکەشم زۆر حەزی لەوێ بوو، تەنانەت هەموو جارێ دەیوت ئەمە خۆشترین سەفەری من بووە. بۆیە منیش حەزم دەکرد جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەو وڵاتە. ماوەیەکی زۆری برد تا گەیشتمە ئەو شوێنە. تەنانەت خاوەن تەکسییەکە سەری سوڕما لەو شوێنە دوورە. لەمەشدا کچەکەم باشی ناسیووم. خانوویەکی بچکۆلانە لە قەدپاڵی چیایەکدا و بەرامبەرم تا چاوبڕکا دەریا بوو. جانتاکەم دانا. پەنجەرەیەکی گەورە لە هۆڵەکەیدا هەبوو، بەسەر دەریادا دەیڕوانی، مێزێکی نووسینی لێبوو، وێنەی کوڕەکەمیشی لەسەر دانرابوو. هێندەی نەبرد پیاوێک هات چەپکێ گوڵ و خواردەمەنی بۆ هێنابووم، گوایە هەموو ڕۆژێ دێت سەرم لێدەدات تا پێداویستییەکانم بۆ بهێنێ.

بەبێ پێڵاو بەرەو دەریا ڕۆیشتم. لمە زیوینیەکەی ختوکەی بن پێیەکانمی دەدا، گوێم لە دەنگدانەوەی پێکەنینەکەم دەبوو، ئەمجارەیان بە دەنگدانەوەی پێکەنینەکەم دەستم دەکردەوە بە پێکەنین. شەپۆلەکانی دەریا هێندە لەسەرخۆ بوون هەستت دەکرد لەسەر ئاوازی مۆسیقایەکی هێمن سەما دەکەن. کە سەیری ئاسمانم کرد، مانگ چواردە بوو، ئیتر تێگەیشتم بۆ شەپۆلەکان هێندە ئارامن. لەسەر لمەکە پاڵکەوتم، چاوەکانم نوقاند. کوڕەکەم لەبەردەممدا وەستابوو، بێدەنگ و مات بوو، خێرا لێم پرسی کوڕم بۆ ڕۆیشتی، وەڵامی نەدامەوە و ڕۆیشت. ناحەقی نییە بێزاربووە لەم پرسیارەی  ڕۆژانە

ڕووبەڕووی دەکەمەوە. لەگەڵ ئەوەی چەندان جار بۆی ڕوونکردوومەتەوە. داوای لێبووردنم لێکرد و کەوتمە گەڕان بە دوای بەردێک تا لەگەڵ دڵمدا بیگۆڕمەوە. لەو ناوە بەردم بەدی نەکرد. هێندەی نەبرد بابەگەورەم هات. واز لە کوڕەکەت بێنە، ئەو ڕۆحە فریشتەییە بە ویستی من هاتبوو تا کارێک جێبەجێبکات. کارەکەی ئەنجام داو هاتەوە لای خۆمان. تکایە ئازادی بکە، تا تۆ ئەو ڕۆحە فریشتەییە ئازاد نەکەی ناتوانێ لێرە ئارامبگرێ و برینەکانی ساڕێژبکات. تکایە ئازادی بکە. دەزانم چەندتان خۆش دەویست، خۆشی دەیزانی، کاتەکەی تەواوبوو، تکایە کچەکەم ئازادی بکە. ئەو ڕووناکییەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆی بەجێهێشتن. ئەو پەیامەی بۆی هاتبوو هێنایەدی. تکایە کچەکەم ئازادی بکە و ژیانی خۆت بژی. ئەو ئێوارەیە هێندە گریام، وابزانم هەموو تەمەنم هێندە نەگریابووم، تا ڕۆژهەڵاتن من لە باوەشی لمدا دانشتبووم و سەرم خستبووە سەر ڕانی شەپۆل و ماسییەکانیش پرچیان بۆ دەهۆنیمەوە. هیچ شەوێکیش لەتەمەنمدا هێندە بەئاگا نەبووم. لە دوورەوە گوێم لەدەنگێ بوو، ئاوڕم دایەوە دەنگی پیاوەکە بوو، هاتبوویەوە، هەندێ شتی تری بۆ هێنابووم. سەیری تەلەفۆنەکەشم کرد بینیم کچەکەم چەند جارێ تەلەفۆنی کردووە و دواجار بەگریانەوە دەڵێت تکایە تەلەفۆنێکم بۆبکە. تەلەفۆنم بۆکرد، دیارە بەدەنگمدا زانیبووی زۆر گریابووم، پێم وت دەزانی ئیتر براکەت ناگەڕێتەوە... پێیان وتم ئیتر ناگەڕێتەوە. پێکەوە گریاین.

بەڵێنم پێدا بەرهەمەکانم تەواو بکەم، هەموو ڕۆژێ بەرنامەیەکم دادەنا. ئەوانەی کە خەوم پێوە دەبینی بەدیم دەهێنا، پیاسەی بەیانیانی کەنار دەریا، پاروە نانێک لەپاڵ شاخێکدا، نووسین لەبەردەم وێنەی کوڕەکەمدا. یاریکردنی دەمەوئێواران لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریادا،



گۆرانی وتنی ئێواران لەگەڵ ئەستێرەکاندا. ئەمانە هەمووی خەونێک بوون، ئێستا کچەکەم بۆی وەدیهێناوم. نەمدەویست ئەم خەونە بەجێبهێڵم، هەر لە دەنگی ناوەوەشم دەترسام، کە شتێ ڕووبدات و ئەم خەونە تەواو بێت، زۆربەی کات دەنگی ناوەوەم درۆی لەگەڵ نەکردووم. هێشتا دوو بەشی ڕۆمانێکم نەنووسیبوو ، کچەکەم تەلەفۆنی کرد و وتی: ڕامان و دراگانا هاتوون داوای پارەیان کردووە و دەڵێن یارمەتی تۆیان پێویستە. تکایە مەگەڕێوە شتەکانت بنووسە. چەند پارەیان دەوێت بیاندەرێ. پاش هەفتەیەک بلیتی گەڕانەوەم دەست کەوت. گەیشتمە ماڵەوە، یەکسەر پێم ووت بلیتی گەڕانەوەشم کڕیوە، یەک هەفتە هاتوومەتەوە بۆ پشوو. هەواڵی سەربازت زانی...؟ ئەی ئاوات... ؟

سەرباز هێشتا وەک خۆی وایە، ئاوات و لانە لە نەخۆشخانە بوون، لە ئامێزم گرت. لانەی پێناساندم. چاوەکانی ئاسایی نەبوون، لە منداڵێکی تەواو نەخۆش دەچوو، بێدەنگ بەدیار سەربازەوە دانیشتبوو، هەر دەگریا. ویستم باوەشی پێدابکەم خۆی لێم دوورخستەوە. سەرباز لە جاران باشتربوو، هەندێ کاردانەوەی هەبووە. نەموێرا بپرسم ئەی دایکیان کوانێ، گەر لانە گەیشتبێ دەبێ دایکیشی لەگەڵدا بێت. دیمەنی ئەم سێ منداڵە بێ دایک و باوکە دەروونمی هەژاند. نەمدەزانی چیبکەم. هەردووکیان بە کەساسییەوە دەیانڕوانییە سەرباز، لەوە دەکات سەرباز ئاگای لە زۆر شت بێت بەڵام توانای کاردانەوەی نییە. لە ژوورەکە دەرچووم، تەنیا هێندەم زانی لانە هەر ئەو ڕۆژە گەیشتووە. لەدوورەوە سۆما و مامەم بینی بەرەو خەستەخانەکە دەچوون. چوومە ماڵ دراگانا ، خۆی بەتەنیا لەماڵ بوو. ڕامان بەدوای هەندێ کاردا چووبووە دەرەوە. ئەویش

توانای قسەکردنی نەبوو. ماوەیەکی کورت بێدەنگ دانیشتین. سوپاسی کردم  بۆ یارمەتییەکە.

کەژاڵ بڕیاری دابوو هەرچۆنێ بێت خۆی بگەیەنێتە لای منداڵەکانی. خانووەکەی خستە ڕەهنەوە، ئەو ئاڵتوونەی هەیبوو فرۆشتی. خۆی و لانە شتیان کۆکردەوە، لانە دڵی خۆشبوو، دەیوت ئاوات فریا ناکەوێت بووکەکەم بۆ بکڕێ من دەگەمە ئەوێ. لە ڕێگەی ناسیاوێکەوە ناوی قاچاخچییەکی وەرگرت، بەشێکی باشی پارەکەی خستە دەستییەوە. چەند سنووریێکیان بڕی، دەردەسەری زۆریان دی، لە گێڕانەوە نایەت. کەژاڵ ژنێکی ئازابوو، لە پێناو منداڵەکانیدا ئامادەبوو هەموو شتێ بکات، هەروەک هەموو دایکێکی تر. دەڵێن لانە قسە ناکات. تەنیا دەگری، کەسیش نازانێ بۆ؟ خۆی بڕیاری داوە یان تووشی شۆک بووە. تەنانەت لەگەڵ ئاواتیشدا قسەی نەکردووە. لانە گەورەبووە، جوانییەکەی جارانی نەماوە، بریسکە لە چاوەکانیدا ئاوابووە. لاواز و زەرد.

کەژاڵ هەردەم دەیوت دەبێت دەبێت بەڕێگایەکدا بمبەن  مسۆگەر بێت، نامەوێ هیچم لێبێت. سێ منداڵم هەیە، باوکیان لە زیندانایە. چەندێ پارە داوادەکەن دەتاندەمێ. هەرکە گەیشتینە یۆنانیش پەیوەندی بە براکەمەوە دەکەم، چەندی کەتان بوێ ئامادەم. تەنیا تکام ئەوەیە بە مسۆگەری خۆم و کچەکەم بگەیەنن. ماوەیەکی کەم لە تورکیا مانەوە. ئێوارەی پەڕینەوە هات. ئەو پەڕینەوەی سامێکی گەورەی لای هەموو کۆچەرەکان هەبوو. ئەو ئێوارەیە دەریا هێمن بوو، مانگ چواردە بوو. قاچاخچییەکە دەیوت، ئەمشەو هەمووتان دەپەڕێنمەوە بەبێ هیچ گرفتێ، دەریا هێمنە، بای نییە. تاقە گرفتێک هەبێت  ئەوەیە مانگ چواردەیە و تیشک دەریاکە ڕووناک دەکاتەوە. هەوڵدەدەین پاش نیوەی شەو بکەوینە ڕێگا. بەلەمەکەشمان تازەیە و مەترسی تێدا نییە.



بەردەوام هەموویانی هێمن دەکردەوە. لانەو دایکی زۆر دڵیان خۆشبوو، دەیانزانی گەر بگەنە یۆنان بەئاسانی دەتوانن پەیوەندی بە ئاوات و سەرباز و ڕامانەوە بکەن. کاتیان دەژمارد. هەر کە بگەنە ئەوێ پەیوەندی بە ڕامانەوە دەکەن، تا بێت بە شوێنیاندا، گەر بتوانێ کوڕەکانی لەگەڵ خۆی بێنێ. دەتوانین ماوەیەک لەوێ بمێنینەوە. پشوویەک بدەین.

کەژاڵ پشوویەکی باشی دا، پشوویەک ماندووبوونی هەموو ژیانی لەجەستەی دەرهێنا. هەرچی خەم و ئازارە لەبیری بردەوە. کاتێ پەڕینەوە هات، قاچاخچی هەموویانی ترنجاندە ناو بەلەمە بچووکە تازەکەوەو زوو زووش دەیوت، خەمتان نەبێت، زۆر تازەیە، ئێوە یەکەمین وەجبەن پێی دەپەڕنەوە. پارەیەکی زۆرم پێداوە، خۆی بڕیارم دابوو، زیاترتان لێوەرگرم. خاترم گرتن. دەریا ئارام. شەپۆلەکان خەواڵووبوون. بەدڵێکی خۆشەوە یەک لەدوای یەک سواری بەلەمەکە بوون. لانە توند توند دایکی گرتبوو، داوای تەلەفۆنەکەی خاڵەی لێکرد. ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین و وتی کچم ئەوە چیتە خۆ ڕاناکەم لەدەستت، هەردووکمان پێکەوەین، بۆ هەرکوێ بڕۆین هەر پێکەوە دەبین، تەلەفۆنی ئەوت بۆچییە؟

لانە ترسی ئەوەی هەبوو دایکی بەجێیبهێڵێ. ئەوکات ئەو بەتەنیا چی بکات. تەلەفۆنی کەسیش نازانێ. پارەشی پێ نییە. چەند بەلەمەکە لەمبەر دوور دەکەوتەوە و لەوبەر نزیک دەکەوتەوە ترسەکەی زیاتردەبوو. قاچاخچییەکەش هەر خەریکی گۆرانی وتن بوو، دیاربوو بۆ شاردنەوەی نیگەرانییەکەیەتی. دەیان جار لەم دەریایە پەڕیوەتەوە، خۆی... خودی خۆی ڕزگاری بووە، بەڵام دەیان کەسی بە دەریا سپاردووە. دەڵێی پەیامی ئەم پیاوە ئەوەیە خواردن بۆ ماسی و نەهەنگەکان دابین بکات. دەڵێی قەرزاریانە. لەگەڵ ئەم هەموو

قوربانیانەدا تۆبەی نەکردووە. کە دەپەڕێتە ئەو بەرەوە دەڵێی هیچی نەدیوەو و هیچ ڕووی نەداوە. گرنگ سەفتەی دۆلارەکانی بەرزتر ببێتەوە. تێناگەم بۆ هەموو جارێ خۆی ڕزگاری دەبێت، بۆ جارێ خۆشی پێوە نابێت. دەڵێی ڕێککەوتووە لەگەڵ دەریادا.

دەریا هێمن بوو، مانگ خەوی لێکەوتبوو. دڵەکان گوێیان لە ترپەی یەکتری بوو. چاوەکان زیتەیان دەهات. سەیری ئەوبەریان دەکرد، لەگەڵ هەر ترپەیەکدا ئارامتردەبوون. هێندەیان نەماوە، سەد مەترێک. زۆرەکەیان بڕیوە. زۆربەیان وایان دەزانی گەیشتن بە یۆنان دوا خاڵی ئازارەکانیانە، نەیان دەزانی بۆ زۆربەیان سەرەتای ئازارەکانە. بۆ هەندێکیان کۆتایی هەناسەکانە. هەر یەکە خەریکی پلاندانانێک بوو، ئەو بڕیاری دابوو هەرکە گەیشت تەلەفۆنێ بۆ کوڕی خاڵەکەی دەکات، تا هەندێ پارەی بۆ بنێرێ، تێربخوات و قاتێ جلی تازەبکڕێ و بچێتە حەمامەوە و ڕیشی بتاشێ و قاتە جلەکەی لەبەربکات و بە شەقامەکانی شارەکەدا بسوڕێتەوە... ئەوی تر بەتەمابوو هەربگات دەچێتە هوتێلێکەوە تا هەفتەیەک لەخەوهەڵناسێ. ئەو تەلەفۆنێ بۆ مێردەکەی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە کە گەیشتووەتە یۆنان و چاوەڕوانی ئەو دەکات. ئەمیش داینابوو هەرکە گەیشتن تەلەفۆنێ بۆ خاڵە بکات و هەواڵی کوڕەکانی لێبپرسێ و داوای لێبکات فریایی بکەوێت، چونکە لەوە زیاتری لەتوانادا نەماوە. لەناکاوا شەپۆلێک بەلەمەکەی لار کردنەوە، هاواریان لێ بەرزبووەوە. ئارامی کردنەوە، مەترسن هەندێ جار ماسییەکان لەنێوان خۆیاندا شەڕدەکەن و ئەم شەپۆلە دروست دەکەن. دەریا هێمن بووەوە. ماسییەکان شەڕیان لەمان دوورخستەوە. لانە دەستی دایکی توند گرت. دایکی باوەشی پێداکرد، چەند ماچێکی چاو و ڕومەتی کرد. توند بە خۆیەوە نووساندی. هەردووکیان بێدەنگ بوون. خەڵکەکە ترسیان لێنیشت،



هێندەشی نەمابوو بگەنە ئەوبەر. پەنجا مەترێ. قاچاخچییەکە کەوتەوە گۆرانی وتن، بە زۆر بێدەنگیان کرد. بە هەموو دەنگێ بێزارو نیگەران بوون. گاڵتەی پێدەکردن، کەسی ترسنۆکی وەک ئێوەم نەدیووە، هیچ سەفەرێکم هێندەی ئێستا دەریا هێمن نەبووە. خەمتان نەبێت هێندەمان نەماوە. بە باڵەمەلەش بێت دەگەینە ئەوبەرەوە.

قسەکەی تەواو نەکرد بەلەمەکەیان پڕبوو لەئاو... هەڵگەڕایەوە... کەس نەیزانی ئەوەی تەنیشتی... ئەوەی باوەشی چی لێهاتووە، هەموو دەنگەکان تێکەڵاو بوون، هەموو ناوەکان بوون بەیەک... شڵپ و هوڕ ... هاوار...نزا بۆ خوا... نوێژی ناو دەریا... لەماوەی چەند چرکەیەکدا هەموو بێدەنگ بوون، هەموو بێڕەنگ بوون. پیاوێک پەلاماری منداڵێکی دا، خستیە سەرشانی... بەباڵێک مەلەی دەکرد. یەکێک خۆی بە پارچەیەکی بەلەمەکەوە گرتبوو. دەریا یان نەهەنگ قوتی دان تا ئێستا کەس نازانێ. دەمەو بەیانی بوو هۆشیان هاتەوە سەرخۆیان. دوو کەسی نامۆ بەیەک، تەماشای یەکترییان کرد، باوەشیان بەیەکتردا کرد، تەماشای دەوروبەریان کرد، کەوتنە هاوارو گریان. ژنەکەم... دایکم. کوان ئەوانی تر ... ژنەکەم سکی پڕبوو... بەبێ دایکم چی بکەم. پیاوەکە پەلی کچەکەی ڕاکێشا. دوورکەوتنەوە لە دەریاکە، ڕۆیشتن... کەسێکیان وشەیەک چییە لە دەمییان نەهاتە دەرەوە. لە دەرگای ماڵێکیان دا خواردنیان داپێیان. کچەکە هەر بێدەنگ بوو، چاوەکانیشی نەدەتروکاندن. ئیتر ئەو کچە لەو ڕۆژەوە بوو بە کچی ئەو پیاوە. لە ژوورێکدا پێکەوە دەژیان، هەموو بەیانییەک پیاوەکە دەردەچوو ئێوارە دەهاتەوە، خواردنی بۆ هەردووکیان دەهێنا. کچەکە هەر بێدەنگ بوو. وشەیەک چییە لە دەمی نەدەهاتە دەرەوە، چاوەکانی نەدەتروکاند، لە ژوورەکە نەدەهاتە دەرەوە. هەمان جلی لەبەر دەکرد. پیاوەکە بە زۆر جلەکانی ئەگۆڕی. لە پیاوەکە شەرمی دەکرد. پیاوەکە

به زۆر قژی دادەهێنا. پیاوەکە بەزۆر نانی دەرخوارد دەدا. پیاوەکە بۆ ژنەکەی و منداڵەکەی دەگریا، ئەویش بۆ دایکی دەگریا.

پیاوەکە خۆشیی خۆی لەم کچە لاڵەدا دۆزییەوە، هەندێ جار دەیوت لەوانەیە لەسەرەتاوە لاڵ بووبێت، نا وانەبوو، ئەو بەیانییە کە هۆشیان هاتەوە سەرخۆیان بانگی دایکی کرد. هەرچی پرسیاری لێدەکرد، ناوت چییە؟ کچی کێیت؟ دایکت ناوی چی بوو؟ کەست لە دەرەوە هەیە؟ وەڵامی نەدەدایەوە. پیاوەکە بڕیاری دا بۆ هەر کوێ بڕوات لەگەڵ خۆی بیبات. ساڵێ تێپەڕی، کاری کرد، پارەیەکی باشی کۆکردەوە، بڕیاری دا بچێتە سوێد، تەنیا بە مەرجێ نەژیانی خۆی و نە ژیانی کچەکە بکەوێتە خەتەرەوە. چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ سەفەرەکەیان خاڵە لە دەرگای ژوورەکەیانی داو. لانەی ناسییەوە، بەڵام لانە ئەوی نەدەناسییەوە، پیاوەکە ڕازی نەبوو لانەی بداتێ، چونکە لانە هیچ کاردانەوەیەکی بۆ خاڵە نەبوو، پیاوەکە بڕوای پێنەدەکرد. تا چەند کەسێکی تری کردە شایەد، خاڵە بەڵێنی بە پیاوەکە دا هەردووکیان بگەیەنێتە سوێد. پیاوەکە وتی ئەو هەموو شتێکی ئامادەکردووە. لەگەڵ خاڵە ڕێککەوتن. هەرسێکیان گەیشتنە سوێد.

ئاوات بۆ کێ بگری؟ دایکی...؟ سەرباز یان لانە؟. ئەویش قسەکردنی بیرچووەوە. تەنیا وەڵامی سۆمای دەدایەوە. تەنیا خواردنی بەدەست سۆما دەخوارد. هەرسێکیان لە خەستەخانە دەمانەوە. خاڵە و دراگانا و سۆما و مارکۆس بەردەوام بەرێگەی خەستەخانەوە بوون. قوتابییان دەهاتن سەریان لێدەدان. ئالەم کاتەدا بڕیاری وەرنەگرتن بۆ ئاوات و سەرباز لەلایەن دەستگای کۆچبەرانەوە هاتەوە. ئەوکات دایکی مارکۆس و دراگانا لە میدیادا پەت پەتی دنیایان بە دائیرەی کۆچبەران کرد. لە وڵاتێکی وادا باس لە



مافی مرۆڤ و دیموکراتی دەکرێ. خاڵە بڕیاری دا تەنیا ئەو سێ منداڵە لە سوێد دەرکا. دایکی مارکۆس و پزیشکەکان ڕێگەیان نەدا.

لە کاتێکی وادا من گەڕامەوە لایان. دەبێ بتوانم چی بکەم بۆ ئەم سێ منداڵە کەساسەی ڕۆشنایی لەژیان نابینن. تەنیا ئاوات بوو، یارمەتی سەرباز بدات. وا هەواڵی دایکیان زانی، لانە بە لاڵی هاتەوە لایان. دەبێ هەرچۆنێ بێت یارمەتیان بدەین. هەموو ڕۆژێ دەچوومە لایان. ئاوات دەست بخەرە ناو دەستمەوە، هێزت دەدەمێ. وا تەماشام مەکە. دەزانم هێزت تێدا نەماوە، تکایە بڕوات بە ژیان هەبێت، ئازارەکانت بدەرە دەست ژیان خۆی هێزت دەداتێ و ئازارەکانت بۆ چارەسەردەکات. بڕوات بە ژیان هەبێت، نازانی لە کوێوە هێزت بۆ دێنێ. تکایە بەردەوام قسە لەگەڵ سەربازدا بکە. دەستەکانی بخەرە ناو دەستی خۆتەوە پێی بڵێ ئەوە لانە لێرەیەو دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات. ئاوات تەنیا تۆی هیوای سەرباز و لانە. دەزانم دڵشکاوی، چار نییە. تەنیا تۆ دەتوانی ئەو دوو کەسە ڕزگاربکەیت. تکایە، هەموو لێرەین... تەماشا کە ڕامان، دراگانا، سۆما، خێزانی مارکۆس،مامە، نازە، هاوڕێکانت و مامۆستاکانت. دەزانی ئەمڕۆ قوتابییانی قوتابخانەکەتان مانیان گرتووەو کەس نەچووەتە پۆلەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بڕیارەکەی دەستگای کۆچبەران؟!

ڕۆژانە ئەمە پیشەی من و دراگاناو دایکی مارکۆس بوو. سۆماش بەردەوام خەریک بوو. خاڵە لەبەر ئەو سێ منداڵە ئازارەکانی خۆیی بیرنەمابوو، تەنانەت نەدەچوو بۆ کاریش. دەڵێن خودا دەرگایەکت لێدادەخات و یەکێکت لێدەکاتەوە، لەناو ئەم هەموو سەرگەردانی و خەمەوە، هەواڵێک گەیشت بە ڕامان، گوایە باوکی ئاوات بەپارە دەرکراوە. ئیتر هەموو هیوایەکمان بۆ یارمەتی منداڵەکان بوو بە هەوڵدان بۆ گەیاندنی باوکیان. بە یارمەتی ڕێکخراوەی

رۆژنامەنووسان کەوتینە هەوڵدان، هیوا زیاتر دەبوو، ئاوات زیاتر گەش دەبووەوە، هێزی دەدایە بەرخۆی، سۆما ئاگای لە لانە بوو، دەیبردە لای دراگاناو هەردووکیان خەریکی دەبوون. جلیان بۆ کڕی، سۆما بووکەکەی بیر کەوتەوە، بە دزییەوە چوو بووکێکی جوانی بۆ کڕی. لەگەڵ ئەوەی گەورە بووە، بەڵام کە بووکەکەی بینی لە باوەشی گرت و بردی بۆ نەخۆشخانە وچووە بەردەم ئاوات و وتی سوپاس . ئەمە یەکەمین وشەبوو لەدەمی لانە هاتە دەرەوە. ئاوات لەباوەشی گرت و وتی دەبێت یارمەتی سەرباز بدەین  بێتەوە هۆش خۆی. هەردووکیان دەستی سەربازیان خستە ناو دەستی خۆیانەوە. ئاواتم فێرکردبوو چۆن دوعابکات و داوای چاکبوونەوەی براکەی بکات.

بەیانیەک زوو، ئاوات و لانە و سۆمام ناردە ماڵەوە، تا پشوویەک بدەن. خۆم لای سەرباز دانیشتم. باسی کوڕەکەی خۆمم بۆکرد. باسی ئازارەکانی خۆمم بۆ کرد، باسی ژیان و مردنم بۆ کرد. تکام لێکرد  بێتەوە لامان، دیارە ڕۆژی تەواو نەبووە، بۆیە بەرەو ئەولا ناڕوات، داوام لێکرد بێتەوە ئەمدیوو، ئەو ئێستا لە نێوان ئەمدیوو و ئەودیودایە، کاتی ئەودیوی نەهاتووە بۆیە هەر لەو نێوانە ماوەتەوە، باشترە بێتەوە ئەمدیوو، لە دڵەوە بەبێدەنگ داوام لە دایکی کرد  هێزی بداتێ و بێتەوە ئەمدیوو، داوام لەدایکی کرد خەبەری بکاتەوە، داوام لەدایکی کرد لە ئامێزی بگرێ و گەرمی بداتێ، ڕۆحەکەی بێداربکاتەوە، هێشتا ڕۆحی جەستەی بەجێنەهێشتووە، فریای کەوێت، با ئەویش وەک منی لێ نەیەت. کەمن گەیشتمە کوڕەکەم، ڕۆحی جەستەکەی بۆ یەکجاری بەجێهێشبوو، هیچ دوعاو نزایەک فریام نەکەوت. دەستم توند گووشی سەریم خستە سەردڵەکەم. بەگوێیدا چرپاندم. ئێستا گەر لێم بپرسی چیم چرپاند بەگوێیدا بیرم نەماوە.



سەرم خستەوە سەر سەرینەکە، چاوی کردەوە، خەوتەوە، هەموو ڕۆژێ سەرلەبەیانیان ئاواتم دەناردە ماڵەوەو هەمان وشەم بە گوێیدا دەچرپاندەوە. لانە و ئاوات خۆیان کرد بە ژووردا سەرباز چاوی کردەوە. هەرسێکیانم بەجێهێشت.

گەڕامەوە ماڵەوە، تا ئێوارەیەکی درەنگ خەوتم. کچەکەم خەبەری کردمەوە، لە نەخۆشخانە داوایان کردبووم. زۆر ترسام، سەرباز شتێکی بەسەر نەهاتبێ و ئەو چاوکردنەوەی تەنیا خواحافیزی نەبووبێت بۆ خوشک و براکەی. داوام لە کچەکەم کرد بمگەیەنێتە نەخۆشخانە. بە شڵەژاوی خۆمم کرد بە ژوورەکەدا، ئەوان هێمن و دڵخۆش بوون. سەرباز سوپاسی کردم. لانە و ئاوات باوەشیان پیداکردم. ئالەو کاتەدا ڕامان و دراگاناو دایکی مارکۆس هاتنە ژوورەوە. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا باوکیان دەگاتە سوێد. هەستەکان تێکەڵاو بوونەوە. من خۆم بەرگەی تێکەڵاوبوونی هەستەکان ناگرم، بۆیە بەبێ دەنگی وبەبێ خواحافیزی لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە. ئاوات بە دوامدا هات. تکایە مەڕۆ، تا باوکیشم دێت.

من سبەی دەڕۆم ... سەفەرەکەم تەواو دەکەم، دیارە یەکتر هەردەبینین. زۆر شتی تر ماوە بۆم باس بکەیت. سەر لەنوێ دەبێت ڕۆمانێکی تر بنووسی. لانە و بابە شتیان زۆر پێیە. دەبێت بابە ببینی.